# ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ و وانە

دوو شانۆنامە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ

# ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ و وانە

دوو شانۆنامە

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە:

ئەحمەدی مەلا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ
ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ و وانە – دوو شانۆنامە
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٧٧
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٤ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-45-4

# پێشەکی

ئەم دوو شانۆنامەیەی کە لێرە دەیخوێنیتەوە، دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی پەنجای سەدەی رابردوو. شانۆی ساڵانی پەنجا بە دەستی ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ و ساموێل بێکێت نەوژەن دەکرێت. درامای سایکۆلۆجی و تراجیدیای ئەنتیک کە لەلایەن ژیرودۆ-وەوە دەسکاری کرابوو و ئەو کۆمیدیایانەی کە تەنیا هەر بۆ رابواردن بەکار دەهاتن، وەلاوە دەخرێن.

ئیۆنێسکۆ وێڕای نووسینە ڕەخنەئامێزەکانی سەبارەت بە شانۆی ئەو کات، هەوڵی دروستکردنی شانۆیەک دەدات کە کاری دەرهێنان بە چەند شتێکی ساکار کۆتاییی بێت و دیکۆرێکی سەیروسەمەرەش دەبێتە یەکێک لە خەسڵەتەکانی. وەک بەرهەمەکانی سارتەر و کامۆ، ئەم شانۆیە هەندێک جار بە شانۆی ئەبسورد نێوزەد دەکرێت، چونکە بابەتگەلی وجوودی دەخاتە سەر تەختەی شانۆ. بەڵام ئەم بەرهەمە ئەبسوردە نە ئیلتیزامی سارتەرییانەی هەبوو، نە یاخیگەراییی کامۆ. هەروەها کەسایەتی لای ئیۆنێسکۆ، وەک لەلای بێکێت لەنێو جیهانێکی تراجیدیئامێزدا چەقی بەستووە و لەنێو عەدەمییەتێکی بێکۆتاییشدا بەرجەستە دەبێت.

رەنگە ڕەگوریشەی ئەم بەرهەمە ئەبسوردانە رۆبچێتە نێو رێبازی سوریالی کە بەشێوەیەکی لە بەرچاو هەموو پڕوپاگەندەیەکی ئەدەبی ئەو قۆناغە رەت دەکەنەوە کە لەلایەن رێژیمە شموولی و فاشییەکان

جارِیان بۆ لێ دەدرا. بە واتایەکی تر، جیهانبینیی شانۆگەرایی لەلای ئیۆنێسکۆ دژ بە عەقڵانییەتی دیکارتی بەندە.

ئیـۆنێـسکۆ لە سـاڵی ١٩١٢ لە رۆمـانیـا لـەدایک دەبێت و لە سـاڵی ١٩٩٤ لە شـاری پاریس کـۆچی دوایی دەکـات. بە رەچـەڵەک دایکی پاریسییە و باوکیشی رۆمانییە. سـەرەتا لە سـاڵی ١٩٣٨ بە نیـازی ئامادەکردنی دوکتـۆرایەک لەسەر "کێشـەی مەرگ لە شیعری فرەنسی هەر لە بۆدلێرەوە"، دێتە پاریس، ئیتر لەوێ دەمێنێتەوە، نە دەست بە دوکتۆراکەی دەکات و نە تەواویشی دەکات. هەر لە ساڵی ١٩٥٠وە تا ١٩٨١، بۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵی خـۆی بە نووسـینی شـانۆنامـەوە خـەریک دەکات. ئەم دوو شانۆنامەی کە ئێمە وەرمان گێڕاون، بە تەواوی مۆرک و خەسڵەتەکانی شانۆی ئیۆنێسکۆ دەردەخەن و ئیتر ئەو، لە سەرتاپای جیهان لە رێگەی ئەم دوو بەرهەمەوە دەناسرێتەوە.

"ژنە گۆرانیبیژی کەچەڵ" و "وانە" بۆ مـاوەی ٢٠ سـاڵ بەبێ وەسـتان لەسـەر شـانۆی "ئیـوشـێت" کـە دەکـەوێتـە گـەڕەکی لاتینی، لە شـاری پاریس، کە تەنیا هەر ٨٠ کورسـیی تێدا دەبێت، نمایش دەکران. ئەم دوو بەرهەمە بە دژە – شانۆ وەسف کراون یا بە "فارسی تراجیدی" کە زمان و بارستاییـیەکانی زمان دەبنە چەقی ئەم دوو بەرهەمە. ئەوەی جـێی ئامـاژە پێکردنە، زمـان خـۆی دەبێـتە تاقە کـارەکتـەری ئەم دوو شانۆیە. دیالۆگەکان فۆرمێکی میکانیکی وەردەگرن و ئینسانەکان هیچ ئیـرادەیەکیان بەسەر زمانەوە نامێنێت، بگرە لەلایەن زمانەوە پیادە دەکرێن.

ئیتر زمان لە پێناو ئاڵوگۆڕ و کۆمینیکاسیۆن بەکار نایەت، بگرە بە پێچەوانەوە، کەسایەتییەکان قسە دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی شتێکی

دیاریکراو بڵێن. له کۆتاییدا هیچ ناڵێن. لۆجیک و مەنتیق شوێنی خۆیان له دەست دەدەن. وەکو له دیمەنی کاپتنی ئاگرکوژێنەوه، له "ژنه گۆرانیبێژی کەچەڵ" چاومان پێی دەکەوێت. پرسیاری ئەوه قووت دەبێتەوه: "ئاخۆ هەموو له دەرگادانێک مانای ئەوەیه که یەکێک لەپێش دەرگایه؟" به ئەزموون بۆیان ساغ دەبێتەوه، که رەنگه وا نەبێت یا رەنگه وا بێت. ئەم چارەسەره تەوافوقییه که کاپتنی ئاگرکوژێنەوه پێشکێشی مسیو سمیز و مەدام سمیز و مسیو مارتان و مەدام مارتانی دەکات، له بنەڕەتدا رەتکردنەوەی عەقڵانییەتێکه که ئینسان شانازیی پێوه دەکات.

هەروەکو ئیۆنێسکۆ خۆی دەیگێڕێتەوه، ئەم بەرهەمه له رێککەوتێکی زۆر سەیرەوه لەدایک دەبێت. ئیۆنیسکۆ دەچێته لەندەن بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی بێت. سەرنجی ئەو رستەگەلانه دەدات که له کتێبی فێربوونی ئینگلیزیدا هەن که هیچ پێوەندییەکیان به واقیعەوه نییه. له رووی رێزمانەوه رستەی راست و دروستن بەڵام بۆ ئاخاوتن ناشێن. واته ڕستەی قرتاو و بێ مانا. لێره ئیحای "ژنه گۆرانیبێژی کەچەڵ" سەرچاوه وەردەگرێت.

ئەم جۆره ئاخاوتنه زۆرجار به شێوەیەک له شێوەکان، له ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەمیان دەهێنین بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکەینەوه و داماڵراو له هەموو ناوەڕۆکێک. هەر ئەم بیرۆکەیەیه ئیۆنێسکۆ پەرەی پێ دەدات و تا ئەوپەڕی سنوور پاڵی پێوه دەنێت، تا ئەو ڕادەیەی که مسیۆ مارتان و مەدام مارتان یەکتر ناناسنەوه.

هەروەها له شانۆی "وانه"دا، دوو کەسی زۆر جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوه. مامۆستا و قوتابی. یەکەمیان دڕدۆنگ و توندوتیژ و

نەخۆش، دووەمیشیان قوتابییەکە لە خێزانێکی بۆرژواوە هاتووە و جوان پەروەردە بووە، پاقژ و ژیر و سالار. مامۆستا دەست دەکات بە شەرحکردنی شتگەلێکی ناماقووڵ. تەنانەت دەیەوێت بە تەواوی دەست بەسەر ئەو کیژۆڵەیەدا بگرێت و زاڵ بێت بە سەریدا. سەرنج دەدەین کە لە رێگای زمانەوە بەسەر کچەکەدا زاڵ دەبێت و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بۆیە بە کارەسات و تراجیدی و ئەبسورد بەکۆتا دێت. ئەویش کوشتنی قوتابییەکەیە بە دەستی مامۆستا.

رەنگە ئاوڕدانەوەیەک بێت بۆ وێرانیی پەروەردە، بەڵام ئاماژەیەکی وردی تێدایە سەبارەت بە رێژیمی نازییەت کە لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەبینین مامۆستا و ماریی کارەکەر، پارچە پەڕۆیەک بە بازوویانەوە دەبەستنەوە، دوای ئەوەی مامۆستاکە چل قوتابی خۆی کوشتووە و بە سیاسەتیش ناوی دەبات.

رەنگە ئەم دوو شانۆنامەیە لەنێو تەقلیدی شانۆی کوردیدا، وەکو لاتەریک و غەریب خۆیان بناسێنن، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە خاوەن هەموو خەسڵەتەکانی شانۆی نوێن لە قۆناغێکی نوێدا. بێگومان وەکو هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لەنێو فەزای کولتووریدا گەشەی کردووە و هەندێ جار ئاماژە سۆسیۆکولتوورییەکانی بە ئاسانی لە کاتی وەرگێڕاندا نایەنە ژێر بارەوە. بۆ نموونە لە شانۆنامەی "وانە"دا کاتێک مامۆستا هەندێک نموونەی زمانەوانی دەهێنێتەوە، ئاماژە بۆ خەسڵەتی لەفزی و زمانەوانی زمانێکی وەکو فرەنسی دەکات، مەرج نییە ئەم خەسڵەتە هاوتەبا لەگەڵ زمانی کوردیدا بوەستێت. بۆ نموونە "یای" بێدەنگ کە لە کۆتاییی وشەی "ئیسپانی" دەنووسرێت، بەڵام لەفز ناکرێت، ئەمە بە تەواو پێچەوانەی رێنووسی زمانی کوردییە، کە هەموو

پیـتـێک لەفـز دەکـرێت. ئەم نموونـەیە بە زەحـمـەت دەگاتـە خـوێنەر، یا بینەری کوردزمان.

ئێمە هەوڵمان داوە کە زمانی شانۆ زیاتر لە زمانی خەڵکییەوە نزیک بێت وەک لەو زمـانە ئەدەبیـیـەی کـە پـەخـشـانی کـوردیی پێ دەنووسرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە رەنگە لە هەندێ شوێن هەندێ وشەی عەرەبی زەق بکەونەوە، بە تایبەت کاتێک مامۆستا لە شانۆنامەی "وانە" قسە دەکات، ئەمەش بەو مەبەستە ئێمە ئەو وشانەمان بە عەرەبی هێشتووەتەوە، لەلایەک ئاماژە بۆ پەروەردەی تەقلیدی دەکات، لەلایەکی تریش، ئەم بەکـارهێنانە زیاتر لە زمـانی رۆژانەی توێژێک لە مامۆستایانی لای خۆمان نزیک دەبێتەوە؛ جگە لەوەی کە ئێمە پەنامان بۆ زمانی رۆژانەی زیندوو بردووە.

جۆرە زمانێکی زیندوو کە ئەویش هەڵگری موفارەقە تایبەتییەکانی خـۆیەتی. مـامـۆسـتـا بەوە خـۆی هەڵدەکێشێت کـە زانیـاری و مەعریفەیەکی لە بنەهاتووی لەبارەی زانستە زمانەوانییەکانەوە هەیە، کـەچی لە زاراوەی حـازر بەدەست و دروستکراو هیـچی تر نییـە. لە زانستی فۆنەتیکەوە بەرەو فەنتازیا و خەیاڵێک باز دەدات کە قوتابی تووشی واق ورمـان و حـەپەسـانێکی نێگەتیڤ دەکـات. نزیکیی جوگرافیایی و نزیکیی زمانەوانی بەشێوەیەکی گەمژانە تێکەڵ بە یەکتـر دەکـات و لە ئەنجـامی جـەهل و نەزانینی خـۆی، قین و رق و نەخۆشییە دەروونییە پەنگخواردووەکانی بەرامبەر بە کیژۆڵەیەکی دەستەوەستاندا دەتەقنەوە.

ماریی کارەکەر هەرچەندە لە سەرەتادا وەکو بێلایەن خۆی نیشان دەدات و لە هەندێ رووەوەش تەمبێ و ئامۆژگاری مامۆستا دەکات،

بەڵام لە کۆتاییی شانۆنامەکە لەوە تێ دەگەین کە کارەکەرەکەش بەشدارە لەو تاوانانەی کە مامۆستا دەیکات و کردوونێتی.

هەروەها کۆتاییی ئەم دوو شانۆنامەیە بە سەرەتاکان کۆتاییان دێت، رەنگە ئاماژە بۆ لەو چەقبەستنە عەدەمییە بکات کە ئینسانی هاوچەرخی تێدا حەپسە. هەروەها ئاماژە بۆ تراجیدییەک دەکات کە ئینسان دەخاتە نێو رەورەوەی خۆیەوە. ئەم رەورەوە بازنەییە تووشی گێژبوونمان دەکات و هیچ هەلاتنێکمان بۆ ناهێڵێتەوە.

ناونیشانی کتێبەکە:

Ionesco
La cantratrice chauve
Suivie de La leçon
Gallimard, 1954
Traduit du français en kurde
par
Ahmed Mala

Ionesco
La cantante calva
La lección
Gallimard, 1954
Traducido de francés al kurdo
por
Ahmed Mala

# ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ

دژە پیەس

کارەکتەرەکان:

مسیو سمیز

مەدام سمیز

مسیو مارتان

مەدام مارتان

ماری: کارەکەر

کاپتنی ئاگرکوژێنەوە

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی نوکتامبول لە ١١ی مایسی ١٩٥٠ لەلایەن تیپی نیکۆلا بەتای-یەوە پێشکێش کرا.

نیکۆلا بەتای بەکاری دەرهێنان هەڵساوە.

## دیمەنی یەکەم

*(ناوماڵی بورژوایەکی ئینگلیزی و قەنەفەی ئینگلیزی و ئێوارەیەکی ئینگلیزی، مسیو سمیز-ی ئینگلیز لەسەر قەنەفە ئینگلیزییەکەی دانیشتووە و نەعلی ئینگلیزی لە پێیە و سەبیلی ئینگلیزی دەکێشێت و ڕۆژنامەی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە و چاویلکەی ئینگلیزی لە چاوە، سمێڵێکی تەنکی بۆری ئینگلیزیشی هەیە؛ لە تەنیشتییەوە لەسەر قەنەفەیەکی تری ئینگلیزی مەدام سمیز، ئەویش ئینگلیزە، گۆرەویی ئینگلیزی لەپێیە. بێدەنگییەکی درێژی ئینگلیزی، پاندوله ئینگلیزییەکە حەڤدە جار ئینگلیزییانە لێ دەدات).*

**مەدام سمیز:** خۆ ئەوە سەعات نۆیە، ئێمە شۆربای ماسی و پەتاتەمان خوارد کە بە بەزی بەراز دروست کرابوو و زەڵاتەی ئینگلیزیمان خوارد، منداڵان ئاوی ئینگلیزییان خواردووە، ئەم ئێوارەیە خواردنێکی زۆر خۆشمان خوارد.

چونکە ئێمە لە دەوروبەری شاری لەندەن دەژین و ناویشمان سمیزە.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکە و بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات).

**مەدام سمیز:** پەتاتە لەگەڵ بەزی بەراز زۆر بەتامە، ڕۆنی زەڵاتەکەش تیژ نەبوو، ڕۆنی عەتارەکەی سەر سووچەکە بوو، لە ڕۆنی عەتارەکەی بەرامبەر گەلێ چاکترە، بگرە لە ڕۆنی عەتارەکەی خوارووش چاکترە، بەڵام نامەوێ ئەوەش بڵێم کە ڕۆنی ئەو

دووەی تر خراپە.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەیەکە و بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات).

**مەدام سمیز:** سەرەڕای ئەمەش هەر رۆنی عەتارەکەی سەر سووچەکە لە هەموویان چاکترە.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەیەکە و بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** ئەمجارەیان ماری بە جوانی پەتاتەکەی کولاندبوو، جاری پێشوو پەتاتەکەی باش نەکولابوو، من تەنیا حەز لە پەتاتەی کولاو دەکەم.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەیەکە و بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** ماسییەکە تازە بوو، لچولێوم لەگەڵی دەلێستەوە، دوو جارم تێ کرد، نا نەخێر سێ جار، هەر بۆیە هاموشۆی ئاودەستم کرد، تۆش سێ جارت تێ کرد، بەلام جاری سێیەم لە دوو جارەکەی تر کەمترت تێ کرد، سێیەم جاریش هەروەکو جارەکانی پێشوو تێت کرد. من ئەم ئێوارەیە لە تۆم زیاتر خوارد، ئەمە چۆن بوو؟ عادەتەن تۆ لە من زیاتر دەخۆی و بۆ مەسەلەی شەهییەش هیچ عەیبێکت نییە.

**مسیو سمیز:** (بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** بەلام وای پێ دەچوو کە شۆربایەکە زۆر سوێر نەبێت، خوێی لە تۆ زۆرترە، ها ها ها. خۆ کەوەری فەرەنگی زۆر تێدا بوو، بەلام پیازی بە قەد پێویست تێدا نەبوو، پەشیمانم لەوەی

کە بە ماریام نەوت هەندێ دەنکە رازییانەی تێ کات، جاری داهاتوو دەبێت ئەمەم لە بیر نەچێت.

**مسیو سمیز:** (خەریکی رۆژنامەکەیەتی و بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** کورە بچووکەکەمان زۆر حەزی دەکرد بیرە بخواتەوە، دەیویست خۆی فوول کات، هەر بە خۆت دەکات. دیقەتت دا چۆن لەسەر سفرەکە چاوی بڕیبووە شووشەکە؟ بەڵام من ئاوی سوراحییەکەم بۆ تێ کرد. تینوو بوو و ئاوەکەی خواردەوە. هێلینیش هەر بە من دەچێت: ماڵدارێکی چاکە و موقتەسیدە، پیانۆش لێ دەدات. قەد داوای ئەوە ناکات کە بیرەی ئینگلیزی بخواتەوە. هەروەکو کچە بچووکەکەمانە، تەنیا پەلوولە دەخوات. چونکە تەمەنی تەنیا دوو ساڵە. ناوی پێگییە.

کێکی بەهێ و فاسوولیاکە گەلێ بەلەزەت بوون. لەگەڵ خواردنی پیرخەنییەکەدا چەند خۆش دەبوو، بادەیەک شەرابی بوردۆی ئوسترالی بنۆشین، بەڵام شەرابم دانەنا، نەمویست منداڵەکان فێرە نەوسنی بکەم. پێویستە فێرە قەناعەتیان بکەین و پێوەریان بۆ ژیان هەبێت.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکەیەتی، بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** مسیو پارکەر عەتارێکی رۆمانی دەناسێت، ناوی پۆپێسکۆێلدە، دەمێک نییە لە قوستەنتینییەوە هاتووە. لە بواری ماستدا، وەستایەکی یەکجار مەشهوورە. خاوەن بڕوانامەیە لە کارگەی ماستی ئەندرینۆپل. سبەی دەچم مەنجەڵە ماستێکی

گەورەی فۆلکلۆری رۆمـانی لێ دەکـرم. شـتـی وا لە دەوروبەری شاری لەندەن زۆر دەگمەنە.

**مسیو سمیز:** (خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکەیەتی، بە زمان هەندێ دەنگ دەردەکات.)

**مەدام سمیز:** ماست بۆ سک و گورچیلە و ریخۆڵە کوێرە و ئەپۆتیۆز شـتـێکی زۆر چاکـە. ئەمـە دوکـتـۆر مـەکـەنزی کـینـگ پێی وتم، دوکتۆری منداڵەکانی هاوسێکەمانە، مەبەستم لە ماڵی جۆنسە. دوکتۆرێکی باشە، جێی بڕوایە. قەد دەرمانێکت بۆ نانووسێ کە پێشتر لەسەر خۆی تاقی نەکردبێتەوە. پێش ئەوەی عەمەلیاتی پارکـەریش بکات بەبێ ئەوەی جگەری خـۆی هـیچ عـەیبـێکی هەبووبێت، دووجار نەشتەرگەری بۆ خودی خۆی کرد.

**مسیو سمیز:** ئەی باشە چۆن عەمەلیاتەکەی دوکتۆر سەرکەتوو بوو و ئەوەی پارکەریش، پارکەر خۆی تێدا چوو؟

**مەدام سمیز:** چونکە عەمەلیاتەکەی دوکتۆر سەرکەوتوو بوو و ئەوەی پارکەریش سەرنەکەوتوو بوو.

**مسیو سمیز:** کەواتە مـەکـەنزی دوکـتـۆرێکی باش نییـە، دەبوایە لە هەردوو حاڵەتدا عەمەلیاتەکە سەرکەوتوو بوایە، یا ئەوەتە لە هەردوو حاڵەتدا سەرکەوتوو نەبوایە.

**مەدام سمیز:** باشە بۆچی؟

**مسیو سمیز:** دوکـتـۆری خـاوەن ویژدان، ئەو دوکـتـۆرەیە یا لەگـەڵ نەخـۆشـەکـەی چاک دەبێـتـەوە، یا هەردووک پێکەوە دەمـرن. کاپتنی پاپۆڕ لەگەڵ نوقمبووانی کەشتییەکەی تیا دەچێت. ئەو بە تەنیا قوتاری نابێت.

**مەدام سمیز:** خۆ ناکرێت نەخۆش بە پاپۆڕ بچوێندرێت.

**مسیو سمیز:** بۆ نابێت، پاپۆڕیش نەخۆشیی هەیە؛ لەلایەکی تریشەوە دوکتۆرەکەت وەکو پاپۆڕێک لەش ساغە؛ هەر بۆیە دەبێت لەگەڵ نەخۆشەکەیدا لەناوبچێت هەروەکو دوکتۆر و پاپۆڕەکەی.

**مەدام سمیز:** ئەها! بیرم لەمە نەکردبووەوە.. ڕەنگە ئەمە شتێکی ڕاست بێت.. کەواتە چ بەرەنجامێکت لێوە دەسگیر دەبێت؟

**مسیو سمیز:** لێرەوە، لەوە تێ دەگەین کە هەموو دوکتۆرەکان دەجاڵن. هەروەها هەموو نەخۆشەکانیش. لە بەریتانیا تەنیا ژنە دەریاوان شەریفن.

**مەدام سمیز:** ئەی پیاوی دەریاوانەکان؟

**مسیو سمیز:** بێگومان.

(وچانێک)

(مسیو سمیز هەمیشە ڕۆژنامەکەی بە دەستەوەیە.)

شتێک هەیە کە سەری لێ دەرناکەم. ئەرێ بۆچی لە ڕۆژنامەکاندا، لە ستوونی قەیدی مەدەنی، تەنیا هەر ناوی ئەوانە بڵاو دەکەنەوە کە وەفات دەکەن، قەد ناوی ئەوانە بڵاو ناکەنەوە کە لەدایک دەبن؟ شتێکی بێ مانایە.

**مەدام سمیز:** ئەم پرسیارەم هەرگیز لە خۆم نەکردووە!

(بێدەنگییەکی تر، سەعاتی چاڵمەکە حەوت جار لێ دەدات. بێدەنگی. سەعاتەکە سێ جار لێ دەدات. بێدەنگی. چیی تر سەعاتەکە لێ نادات).

**مسیو سمیز:** (هەر خەریکی ڕۆژنامەکەیەتی) تەماشا، بۆبی واتسۆن

عەمری خوای کرد.

**مـەدام سـمـیـز:** ئای خـوای گـەورە، چەند گـوناهـە! ئەرێ کـەی کـۆچی دوایی کرد؟

**مـسـیو سـمـیـز:** بۆچی بەم شـێوەیە سـەرت سڕ دەمێنێت؟ خـۆ تۆ چاک دەزانیت، ئەمـە بۆ دوو سـاڵ دەچێت کە عـەمـری خـوای کـردووە. ئەی نایەتەوە بیـرت، پێش سـاڵ و نیـوێک چووینـە سـەرقـەبران و بەشداریی ناشتنەکەیمان کرد.

**مەدام سمیز:** بێگومان، دێتەوە یادم. هـەر خێرا هـاتەوە یادم، بەڵام لەوە تێ ناگـەم کاتێک چاوت بە هـەواڵەکە کەوت تووشـی سـەرسـڕمـان هـاتی.

**مـسیو سـمیـز:** ئەمـەم لە رۆژنامەکە نەخوێندەوە. ئەوە سـێ سـاڵ تێپـەڕ دەبێت بـە سـەر باسـی مـردنی. ئـەمـەم لە رێگـەی تەداعـی ئەفکارەوە هـاتەوە یاد!

**مەدام سمیز:** بە داخەوە! چەن بە رێکوپێکی تەرمەکەیان پاراستبوو.

**مـسیـو سـمـیـز:** جـوانترین تەرم بوو لە سـەرتاپای بەریتـانیای مـەزن! بە تەمـەنی خـۆی نەدەکرد. بۆبیی مـسکین، تەمـەنی چوار سـاڵ بوو کـۆچی دوایـی کـرد. تەرمـێکی زینـدووی راسـتـەقـینە. چـەند دڵخـۆش بوو.

**مەدام سمیز:** دادە بۆبیی مسکین.

**مسیو سمیز:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی کاکە بۆبیی مسکین.

**مەدام سمـیز:** نەخێـر بیر لە ژنەکەی دەکەمـەوە. ئەویش وەکو ئەو، ناوی بۆبـیـیـە، بۆبی واتسـۆن. چـونکە هـەردووک هـەر هـەمـان نـاویان

هەیە. هەمیشە هەردووکیانمان پێکەوە دەبینی، نەدەزانرا کامیان کامیانن. تەنیا دوای مردنی ئەمیان، ئینجا زانیمان کێ کێ بوو. تەنانەت تا ئێستاش هەن بە مردووەکەی دەچوێنن و سەرەخۆشی لێ دەکەن. ئەرێ تۆ ئەو ژنە دەناسیت؟

**مسیو سمیز:** تەنیا هەر بەرێککەوت، جارێکیان لە ناشتنی بۆبیدا چاوم پێی کەوت.

**مەدام سمیز:** من قەد چاوم پێی نەکەوتووە. ئەرێ جوانە؟

**مسیو سمیز:** خەتی رێکوپێکی هەیە، بەڵام ناشتوانین بڵێین جوانە. زۆر زل و کەتە دیارە. خەتی رێکوپێکی نییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین گەلێ جوانیشە. گەلێ بچووک و یەکجار لاوازیشە. مامۆستای گۆرانییە.

(سەعاتەکەی قەد دیوار پێنج جار لێ دەدات. بێدەنگییەکی درێژ.)

**مەدام سمیز:** بە تەمای کەی بوون ببنە هاوسەری یەکتر؟

**مسیو سمیز:** دوا کات، دایان نابوو بۆ بەهاری داهاتوو.

**مەدام سمیز:** بێگومان دەبێت بچینە زەماوەندەکەیان.

**مسیو سمیز:** هەروەها دەبێت دیارییەکیشیان بەم بۆنەیەوە بۆ بەرین. لە خۆمیش دەپرسم چ دیارییەک بەرین؟

**مەدام سمیز:** بۆچی یەکێک لەو حەوت سینییە زیوەیان بۆ نەبەین، ئەو سینییانەی کە بە بۆنەی هاوسەرگیریی ئێمەوە، بە دیاری بۆیان هێنابووین و قەد بەکاریانمان نەهێنا.

(بێدەنگییەکی کورت. سەعاتەکە دوو جاران لێ دەدات.)

**مەدام سمیز:** زەحمەتە بۆ ئەو، ئەوها گەنج، بە بێوەژنی سەر بنێتەوە.

**مسیو سمیز:** خۆشحالاّنە منداڵیان نەبوو.

**مەدام سمیز:** هەر ئەمەیان نوقسان بوو! منداڵ! ئەمرۆ دەبوایە چییان لێ بکردبایە!

**مسیو سمیز:** هێشتا زۆر گەنجە. دەتوانێ شوو بکاتەوە. پرسەشی زۆر لێ دێت.

**مەدام سمیز:** ئەی کێ چاودێریی منداڵەکان بکات؟ خۆ دەزانی تەنیا کوڕ و کچێکیان هەیە. ناویان چییە؟

**مسیو سمیز:** بۆبی و بۆبی هەروەکو دایک و باوکیان. مامی بۆبی واتسۆن، بۆبی واتسۆنی پیرەمێرد، دەوڵەمەندە و حەز لە کوڕ دەکات. ئەو دەتوانێ بە باشی پەروەردەکردنی بۆبی بخاتە ئەستۆی خۆی.

**مەدام سمیز:** سروشتییە. ئەی میمکی بۆبی واتسۆن، بۆبی واتسۆنی پیرەژن، ئەویش دەتوانێت پەروەردەی بۆبی واتسۆن بخاتە ئەستۆی خۆی، کچی بۆبی واتسۆن. ئا بەمجۆرە دایکی بۆبی واتسۆن، بۆبی دەتوانێ شوو بکاتەوە. کەسێک شک دەبات؟

**مسیو سمیز:** بەڵێ، ئامۆزایەکی بۆبی واتسۆن هەیە.

**مەدام سمیز:** کام بۆبی واتسۆن؟

**مسیو سمیز:** تۆ باسی کام بۆبی واتسۆن دەکەی؟

**مەدام سمیز:** من باسی بۆبی واتسۆن دەکەم، کوڕی بۆبی واتسۆنی پیرەمێرد، مامەکەی تری بۆبی واتسۆن، مردووەکە.

**مسیو سمیز:** نا نەخێر، ئەو نییە، ئەمەیان یەکێکی ترە. ئەمە بۆبی

واتسـۆنه، كـوڕی بـۆبی واتسـۆنی پیـرەژنه و مـیـمكی بـۆبی واتسـۆنه مردووەكەیه.

**مـەدام سـمـیـز:** تۆ دەتـەوێت باسـی ئەو بـۆبی واتسـۆنه بكەیت كـه بازرگانی دەكات؟

**مسیو سمیز:** هەموو بۆبی واتسۆنەكان خەریكی بازرگانین.

**مەدام سمیز:** چ پیشەیەكی سەختە! بەڵام داهات و دەسكەوتی چاكی هەیه.

**مسیو سمیز:** بەڵێ، بە مەرجێک مونافەسەت لە بازاڕ نەبێت.

**مەدام سمیز:** كەی بووە مونافەسە لە بازاڕدا نەبووبێت؟

**مسیو سمیز:** ڕۆژانی سێشەم و پێنجشەم و سێشەم.

**مەدام سمیز:** ئاه! سێ ڕۆژ لە هەفتەیەكدا؟ ئەی باشە بۆبی واتسۆن چ دەكات لەو سێ ڕۆژە؟

**مسیو سمیز:** ئیسراحەت دەكات، دەخەوێت.

**مەدام سمیز:** ئەی باشە بۆ لەو سێ ڕۆژەی كە مونافەسەی تێدا نییە، بۆ خۆی ئیش ناكات؟

**مسـیو سـمـیز:** من هەموو شـتێک نازانم. ناتوانم وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە گەوجانەی تۆ بدەمەوە!

(مەدام سمیز، هەست بە برینداربوون دەكات.)

ئەم قسەیەت بۆ ئەوەیە بمشكێنیتەوە.

(مسیو سمیز، بە زەردەخەنەوە.)

باش دەزانی كە وانییە.

**مـەدام سـمیز:** ئێوەی پیاوان هەر هەمووتان پێک دەچن! بەو ڕۆژگارە

جگەرە لەسەر لێو، پۆدرە دەساونە دەموچاوتان یا ئەوەتە رۆژی پەنجا جار خەریکی لچ و لێو سوورکردنن، ئەمە بە مەرجێک ئەگەر خەریکی خواردنەوە نەبن!

**مسیو سمیز:** ئەی باشە چیت دەوت ئەگەر پیاوان هەروەکو ژنانیان بکردبایە، بەو رۆژگارە خەریکی جگەرەکێشان بوونایە و سووراو و سپیاویان لە خۆیان بدابایە و ویسکیشیان بخواردبایەوە؟

**مەدام سمیز:** بە نیسبەت منەوە مێش مێوانم نەدەبوو! بەڵام تەنیا بۆ ئیزعاجکردنم ئەمە بڵێیت، ئەوە ئەو کات، خۆت باش دەزانیت، حەزم لەم جۆرە گاڵتانە نییە!

(گۆرەوییەکان توور هەڵدەدا و ددانیشی نیشان دەدا. هەڵدەستێت.)[1]

**مسیو سمیز:** (ئەویش هەڵدەستێت و بە سۆزەوە بەرەو لای ژنەکەی دەڕوات.)

ئۆی، ئەی مریشکە جوان سوورەوەکراوەکەم، ئەرێ بۆچی وا ئاگر لە دەمتەوە دەبارێت! چاک دەزانی سوعبەتت لەگەڵ دەکەم!

(بە هەردوو دەست کەمەری دەگرێت و لە ئامێزی دەگرێت.) چ ژن و مێردێکی پیرە عاشق و عاجباتین! دەوەرە، با بڕۆین لێی راکشێین و بخەوین!

---

١. لە نمایشەکەی نیکۆلا باتای-دا مەدام سمیز نە گۆرەوییەکان توور هەڵدەدا و نە ددانیشی نیشان دەدا.

## دیمەنی دووەم

هەردووک و ماری

ماری بە هاتنە ژوورەوەوە

**ماری:** من کارەکەرم. پاشنیوەڕۆیەکی گەلێ خۆشم بردەسەر. لەگەڵ پیاوێک چووم بۆ سینەما و لەگەڵ ژنان فیلمێکم بینی. دوای فیلمەکەش، چووین عارەق و بیرەمان خواردەوە و پاشانیش رۆژنامەمان خوێندەوە.

**مەدام سمیز:** هیوادارم ئێوەش پاشنیوەڕۆیەکی گەلێ خۆشتان بردبێتە سەر و لەگەڵ پیاوێک چووبێتنە سینەما و عارەق و بیرەشتان خواردبێتەوە.

**مسیو سمیز:** ئەی رۆژنامەکە!

**ماری:** مارتان خان و بەڕێز مارتانی مێوانەکانتان وا لەبەر دەرگان. چاوەڕێی منیان دەکرد. نەیان دەوێرا بە تەنیا بێنە ژوورەوە. بەڵێنە ئەم ئێوارەیە، لەگەڵ ئێوە شیو بخۆن.

**مەدام سمیز:** ئا بەڵێ. چاوەڕوانیان دەکەین. برسیشمانە. پێی دەچوو نەیەن، خەریک بوو بەبێ ئەوان نان بخۆین. بەو رۆژگارە هیچمان نەخواردووە. نەدەبوو وا خۆت لەپێش چاوان ون کەیت!

**ماری:** جەنابت روخسەتت دامێ.

**مسیو سمیز:** بە دەستی ئەنقەست نەبوو!

(ماری دەداتە تریقەی پێکەنین. پاشان دەست بە گریان دەکات. زەردەخەنە دەیگرێت.)

ئینجانەیەکم بۆ ژوورەکەم کڕی.

**مەدام سمیز:** ماریای ئازیز، تکایە دەرگا لە مەدام مارتان و مسیۆ مارتان بکەرەوە و با تەشریف بفەرموون. ئێمەش بە خێرایی دەچین خۆ دەگۆڕین.

## دیمەنی سێیەم

(مەدام سمیز و مسیو سمیز بە لای دەستی ڕاستدا دەردەچن. ماری دەرگای لای دەستی چەپ دەکاتەوە مەدام مارتان و مسیو مارتان دێنە ژوورەوە.)

ماری و ژن و مێردەکە

**ماری:** ئەرێ بۆ وا تاخیر هاتن! ئەمە ئەدەب نییە. پێویستە لە ئانوساتی خۆیدا بگەیشتنایەتە جێ. تێگەیشتن؟ قەی ناکا، فەرموو لەوێ دانیشن و دەبێ چاوەڕێ کەن.

دەردەچێت

## دیمەنی چوارەم

*مسیو مارتان و مەدام مارتان بەبێ ماری*

(مسیو مارتان و مەدام مارتان بەرامبەر بەیەک دادەنیشن و بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەک بکەن. بە شەرمەوە زەردەخەنە بۆ یەک دەکەن.)

**مسیو مارتان:** (ئەم دیالۆگەی لای خوارەوە دەبێت بە دەنگێکی لەسەرخۆ و مونۆتۆن بوترێت و درێژ و خاویش بکرێتەوە و هەمووشی وەکو یەک بوترێت.)

داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، بەڵام پێی دەچێت، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم، لە شوێنێکی تر ئێوەم بینیبێت.

**مەدام مارتان:** مسیو، منیش هەروا زەن دەکەم ئێوەم لە شوێنێکی تر بینیبێت.

**مسیو مارتان:** ئەرێ مەدام، بۆ نموونە ئێوەم لە مانچستەر نەبینیوە؟

**مەدام مارتان:** زۆر ڕێی تێ دەچێت. من بە ڕەچەڵەک خەڵکی مانچستەرم! بەڵام زۆر بەباشی نایەتەوە یادم، ناتوانم بەڕێک و ڕەوان پێتان بڵێم ئێوەم لەوێ بینیوە؟

**مسیو مارتان:** خوایە ئەمە چ سەیروسەمەرەیە مەدام، خۆ منیش هەر بە ڕەچەڵەک خەڵکی مانچستەرم.

**مەدام مارتان:** چ سەیروسەمەرەیە!

**مسیو مارتان:** چ سەیروسەمەرەیە، بەڵام من، مەدام، مانچستەرم پێش پێنج هەفتەیەک جێ هێشت.

**مەدام مارتان:** چ سەیروسەمەرەیە چ ڕێککەوتێکی عەنتیکەیە، بەڕێز، منیش هەر پێش پێنج هەفتەیەک دەبێت شاری مانچستەرم جێ هێشتووە.

**مسیو مارتان:** شەمەندەفەری سەعات هەشت و نیوی بەیانیم وەرگرت کە سەعات پێنج چارەک کەم دەگاتە لەندەن.

**مەدام مارتان:** چ سەیروسەمەرەیە، چ عەنتیکەیە، چ ڕێککەوتێکە! منیش بەڕیز، هەمان شەمەندەفەرم وەرگرت!

**مسیو مارتان:** خوایە چ عەنتیکەیە! کەواتە دەبێت ئێوەم لە شەمەندەفەرەکەدا بینیبێت؟

**مەدام مارتان:** زۆر پێی دەچێت، بە دوور نازانرێت، ڕێی تێ دەچێت، بۆ نا! بەڵام هیچ یادەوەرییەکم نییە.

**مسیو مارتان:** مەدام، لە فارغۆنی پلە دوو بووم. لە بەریتانیادا فارغۆنی پلە دوو نییە، بەڵام من سەرەڕای ئەمەش، هەر بەپلە دوو سەفەر دەکەم.

**مەدام مارتان:** چ عەنتیکەیە، چ سەمەرەیەکە و چ ڕێککەوتێکیشە! منیش هەروەها بەڕێز، بە فارغۆنی پلە دوو سەفەر دەکەم!

**مسیو مارتان:** چ عەنتیکەیە خانمی ئازیز، ڕەنگبێ هەر لە فارغۆنی پلەی دوو چاومان بەیەک کەوتبێت؟

**مەدام مارتان:** زۆر ڕێی تێ دەچێت و هیچیش دوور نییە، بەڵام بەڕێز، هیچ شتێک نایەتەوە یادم.

**مسیو مارتان:** کورسییەکەم لە فارغۆنی ژمارە ٨ بوو، لە کۆمپارتیمانی شەش، مەدام!

**مەدام مارتان:** چ سەیرە! شوێنەکەی منیش هەر لە فارغۆنی ژمارە ٨ بوو، لە کۆمپارتیمانی شەش، بەڕێز.

**مسیو مارتان:** چ ڕێککەوت و شتێکی سەیرە! کەواتە دەبێت لە کۆمپارتیمانی ٦ چاومان بەیەک کەوتبێت خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** لە هەموو حاڵەتێکدا ڕێی تێ دەچێت، بەڵام هیچم نایەتەوە یاد بەڕێز!

**مسیو مارتان:** لە هەقیقەتدا خانمی ئازیز، منیش هیچ شتێکم نایەتەوە یاد، بەڵام ڕێی تێ دەچێت کە لەوێ چاومان بەیەک کەوتبێت، ئەگەریش بەباشی لێی وردببمەوە، زۆریش ڕێی تێ دەچێت و مومکینە!

**مەدام مارتان:** ئۆی! بەڕاست، بێگومان، بەڕاست بەرێز!

**مسیو مارتان:** چ سەیر و عەنتیکەیە، من ژمارەی کورسییەکەم ٣ بوو، نزیکی پەنجەرەکە، خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** ئای خوای گەورە چ سەیرەوسەمەرەیەکە، چ عەنتیکەیە، کورسییەکەی منیش ژمارەی شەش بوو، نزیکی پەنجەرەکە، بەرامبەری ئێوەی بەڕێزی ئازیز.

**مسیو مارتان:** ئای خوایە چ سەیروسەمەرەیە، چ رێککەوتێکە! کەواتە بەرامبەر بەیەک دانیشتبووین خانمی ئازیز! دیارە هەر لەوێ بووە کە چاومان بە یەک کەوتووە!

**مەدام مارتان:** چ عەنتیکەیە! رێی تێ دەچێت، بەڵام هیچم نایەتەوە یاد بەڕێز!

**مسیو مارتان:** لە راستیدا، خانمی ئازیز، منیش هیچم نایەتەوە یاد. سەرەڕای ئەمەش، زۆر رێی تێ دەچێت کە هەر لەوێ تەسادوفی یەکترمان کردبێت!

**مەدام مارتان:** راستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەوە دڵنیا نیم بەڕێز.

**مسیو مارتان:** ئەرێ ئەوە ئێوە نەبوون مەدام کە داواتان لێ کردم بۆ ئەوەی جانتاکەتان لە سەرەوە دانێم و پاشان سوپاستان کردم و بواری ئەوەشتان دامێ کە جگەرە بکێشم؟

**مەدام مارتان:** بەڵێ، دەبێ ئەوە هەر من بوو‌بێتم بەرێز! چ سەیرە و عەنتیکەیە و چ رێککەوتێکیشە!

**مسیو مارتان:** چەند عەنتیکەیە، چ سەمەرەیەکە، چ رێککەوتێکیشە! دە کەواتە، هەر دەبێت لەوێ و لەو ساتەدا چاومان بەیەک کەوتبێت، مەدام!

**مەدام مارتان:** چ عەنتیکەیە و چ رێککەوتێکیشە! زۆر رێی تێ دەچێت بەڕێزی ئازیز! بەڵام بڕوا ناکەم کە ئەمەم بێتەوە یاد.

**مسیو مارتان:** منیش وەکو تۆ مەدام.

(بێدەنگییەک. سەعات یەک دوو جار لێ دەدات.)

**مسیو مارتان:** لەو کاتەوەی کە لە لەندەنم، لە شەقامی برۆمفیلددا دەژیم خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** چەند سەیرە، چەند عەنتیکەیە! منیش بە هەمان شێوە، لەو کاتەوەی کە لە لەندەنم لە شەقامی برۆمفیلددا دەژیم بەڕێزی ئازیز.

**مسیو مارتان:** چەند سەیرە، چەند عەنتیکەیە، کەواتە، کەواتە دەبێت هەر لە شەقامی برۆمفیلددا چاومان بە یەک کەوتبێت خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** چەند سەیرە، چەند عەنتیکەیە! لە هەموو حاڵەتێکدا زۆر رێی تێ دەچێت! بەڵام هیچ شتێکم نایەتەوە یاد مسیو.

**مسیو مارتان:** لە ژمارەی نۆزدەدا دەژیم خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** چەند سەیرە، منیش هەروەها لە ژمارەی نۆزدە دا دەژیم بەڕێز.

**مەدام مارتان:** کەواتە، کەواتە، کەواتە دەبێت هەر لەو خانووە چاومان بە یەکتری کەوتبێت خانمی ئازیز.

**مەدام مارتان:** زۆر رێی تێ دەچێت، بەڵام بەڕێز، هیچم نایەتەوە یاد.

**مسیو مارتان:** ئەپارتمانەکەم لە نهۆمی پێنجەمە، ژمارەکەشی هەشتە خانمی ئازیز.

**مـەدام مـارتان:** خـوایە، ئەمـە چەند عـەنتـیکەیە! چەند سـەیرە چ ڕێککەوتێکیشـە. منیش بە هەمـان شـێوە، لە نهـۆمی پێنجـەمدا دەژیم و ژمارەی ئەپارتمانەکەشم هەشتە بەڕێزی ئازیز.

**مسیو مارتان:** (بە داڵغەوە.)

چ سـەیرە و چ ڕێککەوتێکە دەزانی لە ژووری نووسـتنمـان قەرەوێڵەیەک و لێفەیەکی لێیە، سـەوز کە بە پەڕی قاز ئاخنراوە، ئەو ژوورە و ئەو قـەرەوێڵـەیە و ئەو لێـفـە سـەوزە لە قـووڵاییی کوریدۆرەکە لە نێوان ئاودەست و ژووری کتێبـەکانن، خانمی ئازیز.

**مـەدام مـارتان:** چ ڕێککەوتێکە ئەی خـوایە! چ ڕێککەوتێکە، لە ژووری خەوتنی منیش لێفەیەکی سەوزی لێیە کە بەپەڕی قاز ئاخنراوە و لە قـووڵاییی تێپەڕگەکەن، دەکەونە نێوان ئاودەست و ژووری کتێبەکان.

**مسیو مـارتان:** چ سـەیر و چ عەنتیکەیە، کەواتە مەدام ئێمە لە هەمـان ژووردا دەژین و لەسـەر هەمـان رایەخ دەخـەوین خـانمی ئازیز، کەواتە دەبێ لەوێ بووبێت کە چاومان بە یەکتری کەوتبێت.

**مـەدام مـارتان:** چەند سـەیرە و چ ڕێککەوتێکە، زۆر ڕێی تێ دەچێت کـە هەر لەوێ چاومان بـە یەک کەوتبێت. زۆریش ڕێی تـێ دەچێت کە هەر دوێنـێ شـەو بـووبێت، بەڵام هـیـچم نـایەتـەوە یاد بـەڕێزی ئازیز.

**مسیـو مـارتان:** کچێکی بچووکم هەیە، کچە بـچووکـەکـەم لەگەڵ مندا دەژی، خانمی ئازیز.

تەمـەنی دوو سـاڵە، قـژی زەردە، چاوێکی سـپـییـە و چاوەکـەی

تریشی سووره، زۆر جوانیشه، ناوی ئەلیسە مسیو.

**مسیو مارتان:** چ ڕێککەوتێکی سەیرە، منیش کچێکی بچووکم هەیە، تەمەنی دوو ساڵە، چاوێکی سپییە و چاوەکەی تریشی سووره، زۆر جوانیشە و ناوی ئەلیسە خانمی ئازیز.

**مسیو مارتان:** (بە هەمان دەنگی مۆنۆتۆن و خاوەوە)

چەند عەنتیکەیە، زۆر ڕێی تێ دەچێت خانمی ئازیز.

(بێدەنگییەکی درێژ. سەعاتەکە بیست و نۆ جار لێ دەدات.)

**مسیو مارتان:** (دوای ئەوەی قەدەرێک، بیر دەکاتەوە بە هێواشی هەڵدەستێتە سەر پێ، لەسەرخۆ بەرەو مەدام مارتان دەڕوات و ئەویش واقی وڕماوە کە مسیو مارتان بەمجۆرە دەبینێت، لەسەرخۆ هەڵدەستێت و مسیو مارتان بە هەمان دەنگی سەیر و مۆنۆتۆن و خاوەوە قسە دەکات.)

کەواتە خانمی ئازیز، ئێستا هیچ گومانێک لەوە نییە کە ئێمە لەمەوپێش یەکترمان بینیوە و ئێوەش خێزانی خۆمن، ئیلیزابێت، تۆم دۆزییەوە!

**مەدام مارتان:** (لە مسیو مارتان نزیک دەبێتەوە، لەسەرخۆ، بە ساردییەوە باوەش لەیەک دەدەن. سەعاتەکە زۆر بەهێز، یەک جار لێ دەدات. دەبێت دەنگی سەعاتەکە هەندە بەرز بێت بینەران ڕابچڵەکێنێت. مسیو مارتان و مەدام مارتان گوێیان لێ نابێت.)

**مەدام مارتان:** دوناڵد، ئەوە تۆی دۆندونەکەی خۆم!

(لەسەر هەمان قەنەفە دادەنیشن، لە باوەشی یەکتر خەویان لێ

دەکەوێت. سەعاتەکە جارێکی تر چەند جارێک لێ دەدات. ماری لەسەر نووکی پێیی و پەنجەیەکی لەسەر لێوی داناوە. بەهێواشی دێتە سەر تەختەی شانۆ و ڕوو لە بینەران دەکات.)

## دیمەنی پێنجەم

*مسیو مارتان و مەدام مارتان و ماری*

**ماری:** ئیلیزابێت و دونالّد زۆر بەختەوەرن بۆ ئەوەی گوێ لە من بگرن، کەواتە دەتوانم نهێنییەکتان لەلا بدرکێنم. ئیلیزابێت ئیلیزابێت نییە و دونالّدیش دونالّد نییە. ئەمەش بەڵگە: ئەو منداڵەی کە دونالّد باسی دەکات کچی ئیلیزابێتە، هەمان کەسیش نییە. کیژۆڵەکەی دونالّد چاوێکی سپی و چاوێکی سوورە و هەر وەکو کیژۆڵەکەی ئیلیزابێت، بەڵام منداڵەکەی دونالّد چاوە سپییەکەی لەلای ڕاستە، چاوە سوورەکەی لەلای چەپە. کەواتە هەموو سیستەمی ئەرگومێنتەکانی دونالّد هەڵدەوەشێنێتەوە کاتێک تووشی ئەم دوا تەگەرەیە دەبن و بیردۆزەکەی بە سەریەکدا دەڕووخێنێت. سەرەڕای گشت ئەو ڕێککەوتە سەرنجڕاکێشانەی وەکو پێیان دەچێت ببنە دوا بەڵگە کە دونالّد و ئیلیزابێت، دایک و باوکی هەمان منداڵ نین، دونالّد و ئیلیزابێت خۆیان نین. با یەکێکیان وا بزانێت کە ئیلیزابێتە، با ئەوەی تریش وا بزانێت کە دونالّدە، با ئەو وا بزانێت کە ئیلیزابێتە با ئەوی تر وا بزانێت کە دونالّدە. بە داخەوە، بە هەڵەدا دەچن، ئەی دونالّدی ڕاستەقینە کێیە؟ ئەی ئیلیزابێتی ڕاستەقینە کێیە؟ لە بەرژەوەندیی کێدایە ئەم مەتەڵە درێژە بکێشێت؟ نازانم، با

هەوڵی ئەوەش نەدەین کە تێ بگەین، با ئەم مەسەلەیە وەکو خۆی بەجێ بهێڵین.

(چەند هەنگاوێک بەرەو دەرگا دەڕوات پاشان دەگەڕێتەوە و روو لە بینەران دەکات.)

ناوی راستەقینەی من پێرلۆک ئولیسە.

(دەردەچێتە دەرەوە.)

## دیمەنی شەشەم

(مسیو مارتان و مەدام مارتان. ماریایان لەگەڵ نییە.)

(سەعات بە کەیفی خۆی لێ دەدات. دوای چەند وچانێک، مسیو مارتان و مەدام مارتان لەیەک جودا دەبنەوە و دەچنەوە شوێنەکەی پێشوویان.)

**مسیو مارتان:** دوندۆنەکەی خۆم، گشت ئەو شتانەی کە لە نێوانماندا روویان نەداوە هەوڵ بدە لە بیری خۆتی بەرەوە؛ وا یەکترمان دۆزییەوە، هەوڵی ئەوە بدە با جارێکی تر یەکتر بزر نەکەینەوە و با وەکو جاران بژین.

**مەدام مارتان:** بەڵێ دارلینگ.

## دیمەنی حەوتەم

*(بە هەمان جلوبەرگی جارانەوە، مەدام سمیز و مسیو سمیز لەلای راستەوە دێنە ژوورەوە.)*

**مەدام سمیز:** ئێوارەتان باش هاوڕێیانی ئازیز، داوای لێبووردن دەکەین بۆ ئەم دواکەوتنە، بیرمان لەوە کردەوە کە بەم هاتنەتان

گەورەمان دەکەن، هەر کە زانیشمان کە بە تەمای ئەوەن، ئێوەش هەمان شت بڵێن، بەم هاتنەتان دڵمان خۆش دەکەن، بۆیە خێرا بڕیارمان دا بچین هەرە قەشەنگترین جلوبەرگەکانمان بکەینە بەرمان.

**مسیو سمیز:** (بە هەڵچوونەوە.)

تا ئێستا زاد چییە، نەمان خستووەتە سەر زارمان، ئەوە بۆ چوار سەعات دەچێت چاوەڕوانین. ئەرێ ئەوە بۆچی وا زۆرتان پێ چوو؟

(مسیو سمیز و مەدام سمیز بەرامبەر بە مێوانەکان دادەنیشن، سەعات بە گوێرەی دیالۆگەکان بە هێز لێ دەدات، یا لەسەرخۆ. مسیو مارتان و مەدام مارتان، بە تایبەت مەدام مارتان هەست دەکرێ کە شەرم دەکات و هەردووک کەمێ شڵەژاو دێنە پێش چاو، بۆیە گفتوگۆکان، بە زەحمەت دەست پێ دەکەن، وشەکان بەزەحمەت لە زار دێنە دەرێ. بێدەنگییەکی درێژ، سەرەتا کەمێ شپرزەیی دروست دەبێت، پاشان بێدەنگییەکی تر و دوودڵی پەیدا دەبێت.)

**مسیو سمیز:** همم.

(بێدەنگی.)

**مەدام سمیز:** همم همم.

(بێدەنگی.)

**مەدام مارتان:** همم همم همم.

(بێدەنگی.)

**مسیو سمیز:** همم همم همم همم.

(بێدەنگی.)

**مەدام مارتان:** دەی دەی.

(بێدەنگی.)

**مسیو سمیز:** هەموو هەڵامەتمانە.

(بێدەنگی.)

**مسیو سمیز:** خۆ دنیاش هەند سارد نییە.

(بێدەنگی.)

**مەدام مارتان:** خۆ تەزووی هەواش بە ئێرەدا تێ ناپەڕێ.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** نا نا، خۆشبەختانە.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** ئەی ئەی ئەی.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** غەمباریت؟

(بێدەنگی.)

**مەدام سمیز:** نەخێر، بێزارە.

(بێدەنگی.)

**مەدام مارتان:** بەڕێز، لە تەمەنی تۆدا پێویست بەمە ناکات.

(بێدەنگی.)

**مسیو سمیز:** دڵ تەمەنی نییە.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** راستە.

(بێدەنگی.)

**مەدام سمیز:** وا دەوترێت.

(بێدەنگی.)

**مەدام مارتان:** ئاخر پێچەوانەکەشی دەوترێت.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** حەقیقەت لەو بەینەدایە.

(بێدەنگی.)

**مسیو مارتان:** راستە.

(بێدەنگی.)

(مەدام سمیز روو لە مسیو مارتان و مەدام مارتان دەکات.)

**مەدام سمیز:** ئێوە سەفەری زۆر دەکەن، دەبێت حەکایەتی خۆشتان لەلا بێت، توخوا ئەگەر بۆمانی نەگێڕنەوە.

**مسیو مارتان:** (روو لە ژنەکەی دەکات.)

ئازیزەکەم، ئیمڕۆ چیت بینی.

**مەدام مارتان:** دە لێی گەڕێ، کێ بڕوام پێ دەکات.

**مسیو سمیز:** گومان لە خۆشباوەڕیت ناکەیت.

**مەدام سمیز:** ئەگینا بریندارمانت دەکرد، ئەگەر وا بیرت بکردبایەوە.

**مسیو مارتان:** (روو لە خێزانەکەی دەکات.)

ئەگینا بریندارت دەکردن ئەگەر وا بیرت بکردبایەوە..

**مەدام مارتان:** (بە سۆز و میهرەبانییەوە.)

ئیمڕۆ شتگەلی سەیروسەمەرەم بینی کە جێی بڕوا نین.

**مسیو مارتان:** دە زووکە ئازیزەکەم.

**مسیو سمیز:** دەی توخوا با کەمێک رابوێرین.

**مەدام سمیز:** توخوا دەی.

**مەدام مارتان:** هەر ئیمڕۆ، لە کاتی چوونم بۆ بازاڕ، دەچووم تەڕە و میوە بکڕم، تا دێتیش گران دەبن..

**مەدام سمیز:** دەی با بزانین، دەبێ چ روو بدات!

**مسیو سمیز:** قسەی مەبڕن، ئازیزەکەم گەمژەیە.

**مەدام مارتان:** لەسەر جادە، لە تەنیشت چایخانەیەک کابرایەکم بینی بە جلوبەرگێکی ماقووڵەوە، خۆی لە پەنجا ساڵێک دەدا، پەنجاش نەدەبوو، کە..

**مسیو سمیز:** کە چی؟

**مەدام سمیز:** کە چی؟

**مسیو سمیز:** (روو لە خێزانەکەی دەکات.)

دە مەیبڕە، ئازیزەکەم، ئای کە بێ تامیت.

**مەدام سمیز:** گیانە، تۆ بوویت یەکەمین جار قسەیت پێ بڕی، هەی گامێش.

**مسیو مارتان:** چەپ بن، (روو لە ژنەکەی دەکا)، کابراکە چی دەکرد؟

**مەدام مارتان:** چی بڵێم، ئێستا دەڵێن خۆی دای هێناوە، چۆکێکی خستبووە سەر عەرزەکە و خۆی لار کردبووەوە.

**مسیو مارتان و مسیو سمیز و مەدام سمیز:** نا!

**مەدام مارتان:** بەڵێ خۆی لار کردبووەوە.

**مسیو سمیز:** مومکین نییە.

**مەدام مارتان:** بەڵێ خۆی لار کردبووەوە، لێی نزیک بوومەوە بۆ ئەوەی بزانم خەریکی چییە.

**مسیو سمیز:** ئێێێێ؟

**مەدام مارتان:** خەریکی بەستنەوەی قەیتانی پێڵاوەکەی بوو.

هەرسێکیان پێکەوە: شتێکی خەیاڵی بوو!

**مسیو سمیز:** ئەگەر تۆ نەتوتایە بڕوام نەدەکرد.

**مسیو مارتان:** بۆ نا، هەر هەندە سەر بکەیتە دەرەوە، شتی لەمە سەیرتریش دەبینی. منیش ئیمڕۆ لە ناو میترۆ شتێکم بەسەر هات. لەسەر کورسییەک دانیشتبووم پیاوێک بە ئارامی ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

**مەدام سمیز:** چ شتێکی تایبەتە!

**مسیو سمیز:** ڕەنگبێ هەر هەمان شت بێت!

(لە دەرگای دەرەوە دەدرێت.)

**مسیو سمیز:** لە دەرگا دەدەن.

**مەدام سمیز:** دەبێ یەکێک بێت، دەچم بزانم کێیە. (دەچێت بۆ ئەوەی بزانێت کێیە. دەرگا دەکاتەوە و دێتەوە.)

کەس نەبوو.

(دادەنیشێتەوە.)

**مسیو مارتان:** با نموونەیەکی ترتان بدەمێ..

**مەدام سمیز:** ئەوە لە زەنگ دەدرێت.

**مەدام سمیز:** دەبێت یەکێک بێت. دەچم بزانم کێیە. (دەچێت بۆ ئەوەی بزانێ کێیە. دەرگا دەکاتەوە و دێتەوە.)

کەس نییە.

(دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.)

**مسیو مارتان:** (داوی باسەکەی لێ ون دەبێت.)

ئێێ!

**مەدام مارتان:** دەتوت نموونەیەکی تر هەیە.

**مسیو مارتان:** ئا ئا، بەڵێ.

(لە زەنگ دەدرێت.)

**مسیو سمیز:** ئا ئەوە لە زەنگ دەدەن.

**مەدام سمیز:** ئیتر دەرگا ناکەمەوە.

**مسیو سمیز:** بەڵێ بەڵێ، دەبێ یەکێ بێت!

**مەدام مارتان:** یەکەمین جار کەسی لێ نەبوو، دووەم جاریش هەر کەسی لێ نەبوو، دەبێ ئەم جارەیان یەکێکی لێ بێت؟

**مسیو سمیز:** لەبەرئەوەی لە زەنگ درا!

**مەدام مارتان:** بەڵام ئەمە نابیتە هۆکار.

**مسیو مارتان:** چۆن؟ کاتێک گوێمان لە زەنگی دەرگا دەبێت، دەبێت یەکێک لەپێش دەرگاکە بێت و لە زەنگ بدات بۆ ئەوەی دەرگای لێ بکەینەوە.

**مەدام مارتان:** ئەمە هەمیشە نابێتە مەرج، خۆ ئێستا بەچاوی خۆتان بینیتان!

**مسیو مارتان:** بەڵام عادەتەن دەبێت یەکێکی لێ بێت.

**مسیو سمیز:** من کاتێک دەچمە ماڵی یەکێک، لە زەنگ دەدەم بۆ ئەوەی دەرگـام لێ بکەنەوە. بڕواش دەکەم هەمـوو کـەس هەروەکـو من دەکـەن. بۆیە کـاتێک لـە زەنگ دەدرێت، دەبێت یەکـێک لـە پشت دەرگاکەوە بێت.

**مـەدام سـمـیز:** ئەمـە نەزەرییـەن راسـتـە، بەڵام لە واقیـعدا شـتـەکان بە جۆرێکی تر ڕوو دەدەن. خۆ هەر ئێستا، بە چاوی خۆت بینیت.

**مەدام مارتان:** ژنەکەت لەسەر حەقە.

**مسیو مارتان**: ئا ئێوەی ژن هەمیشە بەرگری لەیەک دەکەن.

**مـەدام سـمـیز:** کەواتە بـا بڕۆم بزانم کـەسێکی لێیـە. با نەڵێی وڕکنم. دەشبینی کەسی لێ نییە!

(دەچێت دەرگـاکـە دەکـاتەوە و دایدەخـاتەوە، دەبینێ کـەسی لێ نییە.)

(دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.)

**مـەدام سـمـیز:** ئای ئەم پیـاوانە هەمـیـشـە دەیانەوێت لەسـەر هەق بن، بەڵام هەمیشەش هەر بە هەڵەدا دەچن!

(جارێکی تریش گوێمان لە زەنگ دەبێت.)

**مـسیـو سـمـیز:** ئا ئەوە جارێکی تریش لە زەنگ دەدرێت، دەبێت یەکێک بێت.

**مەدام سمیز:** (لە پرێکدا تووڕە دەبێت.)

پێم مـــەڵێ جـــارێکی تر بڕۆ دەرگـــا بکەرەوە. بـینیـت، هیـچ سوودێکی نییە. ئەزموون ئەوەمان پێ دەڵێ کە کاتێک گوێمان لە زەنگ دەبێت، ئەمــە مــانای ئەوەیە کــە هیـچ کــەس لـە پشـــتی

دەرگاکەوە نییە.

**مەدام مارتان:** هەرگیز.

**مسیو مارتان:** شتێکی مسۆگەر نییە.

**مسیو سمیز:** تەنانەت هەڵەشە، زۆربەی ئەو کاتانەی کە لە دەرگا دەدرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە یەکێک لە پێش دەرگاکەیە.

**مەدام سمیز:** نایەوێت لە قسەی خۆی بێتە خوارەوە.

**مەدام مارتان:** مێردەکەی منیش گەلێ عینادە.

**مسیو سمیز:** کەسێکی لێیە.

**مسیو مارتان:** مومکین نییە.

مەدام سمیز: (روو لە مێردەکەی دەکات).

نا.

**مسیو سمیز:** بەڵێ.

**مەدام سمیز:** پێت دەڵێم نەخێر، لە هەموو حاڵەتێکدا، لە ختوخۆڕایی بێزارم مەکە.

ئەگەر دەتەوێ بزانی، دە ئەوە خۆت برۆ و بە چاوی خۆت بیبینە.

**مسیو سمیز:** وا دەڕۆم.

(مەدام سمیز شان هەڵدەتەکێنێت. مەدام مارتان سەر دەلەقێنێت.

(مسیو سمیز دەڕوات دەرگا بکاتەوە.)

ئا، هاو دیو دوو: (سەیرێکی مەدام سمیز و مەدام و مسیو مارتانیش دەکات. هەموویان چاوئەبڵەق).

کاپتنی ئاگر کوژێنەوەیە!

## دیمەنی هەشتەم

**هەموو**: کاپتنی ئاگرکوژێنەوە

(بێگومان پیاوی ئاگرکوژێنەوە تەپڵەیەکی زلی لە سەردایە و دەبرقێتەوە، هەروەها جلوبەرگی رەسمییشی لە بەردایە.)

رۆژتان باش بەڕێزان (هێشتا هەر کەمێ حەپەساون. مەدام سمیز تووڕەیە، روو لەولا دەکات و وەڵامی سڵاوەکەی ناداتەوە).

رۆژباش خاتوو سمیز رۆژباش بەڕێز سمیز، دەڵێی کەمێک تووڕە دیارن.

**مەدام سمیز**: ئۆه!

**مسیو سمیز**: جوان دیققەتت داوە، ژنەکەم هەست بە کەمی دەکات، لەبەرئەوەی راستی نەکرد.

**مسیو مارتان**: ئاگرکوژێنەوەی بەڕێز، مسیو و مەدام سمیز لە نێوان خۆیاندا تووشی دەمەتەقێ بوون.

(مەدام سمیز روو لە مسیو مارتان دەکات.)

ئەمە پێوەندیی بە تۆوە نییە! (روو لە مسیو سمیز دەکات) تکات لێ دەکەم، لووتی بیانی هەڵمەقوڵتێنە نێو دەمەتەقێی خێزانەوە.

**مسیو سمیز**: گیانەکەم، قەی چێکە، کاپتن برادەرێکی دێرینی خۆمانە. دایکی زۆر دوام دەکەوت و باوکیشی دەناسم، دەیوت هەر کە کچت بوو، دەبێت کچەکەی خۆتم بدەیتێ. هەر بە چاوەڕوانیش سەری خۆی نایەوە.

**مسیو مارتان**: نە خەتای تۆیە، نە خەتای ئەویشە.

**کاپتن**: ئەرێ توخوا پێم بڵێن، مەسەلە چییە؟

**مەدام سمیز:** مێردەکەم ئیدیعای ئەوەی...

**مسیو سمیز:** نەخێر تۆ بووی ئیدیعای ئەوەت دەکرد.

**مسیو مارتان:** بەڵێ ئەو بوو (مەبەست لە ژنەکەیە).

**مەدام مارتان:** نەخێر ئەو بوو (مەبەست لە پیاوەکەیە).

**کاپتن:** توورە مەبن و هەڵمەچن، توخوا مەدام سمیز بۆمی بگێڕەوە.

**مەدام سمیز:** دەقاودەق ئەمە رووی دا، شەرم دەکەم کاتێک بە سەراحەت لەگەڵت دەدوێم. بەڵام ئاگر کوژێنەوەش هەروەکو کەشیش وایە دەتوانین ئیعترافاتی خۆمانی لەلا بکەین.

**کاپتن:** ئەی چۆن؟

**مەدام سمیز:** بووە دەمەقاڵەمان لەسەر ئەوەی مێردەکەم دەیوت کاتێک لە زەنگ دەدرێت، ئەمە مانای ئەوەیە یەکێک لە پێش دەرگاکەوەیە.

**مسیو مارتان:** شتێکی گونجاوە.

**مەدام سمیز:** منیش دەموت هەر جارێک لە زەنگ بدرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە کەس لە دەرەوە نییە.

**مەدام سمیز:** شتێکی سەیرە.

**مەدام سمیز:** بۆ ئەمەش، نەک تەنیا بەڵگەی تیۆریمان هەیە، بگرە بە تاقیکردنەوە بۆمان روون بووەتەوە.

**مسیو سمیز:** ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەوەی بە چاوی خۆتان بینیتان کە کاپتن لێرەیە و لە بەرچاوتانە، ئەو لە زەنگی دا و دەرگام لێ کردەوە و لە پێش دەرگاکە راوەستابوو، ئەوە ئێستاش لێرەیە.

**مەدام مارتان:** کەی؟

**مسیو مارتان:** هەر ئێستا.

**مەدام سمیز:** بەڵێ، بەڵام دوای چوارەمین زەنگ. جاری چوارەمیش حسێب ناکرێت.

**مەدام مارتان:** هەمیشە هەرسێ زەنگی یەکەم حیسابی بۆ دەکرێت.

**مسیو سمیز:** کاپتنی بەڕێز، ئیجازەم بدەرێ با منیش چەند پرسیارێکتان لێ بکەم.

**کاپتن:** فەرموو.

**مسیو سمیز:** ئەو دەمەی دەرگام کردەوە و جەنابتانم بینی، خۆ ئەوە ئێوە بوون کە پێشوەخت لە زەنگتان دابوو؟

**کاپتن:** بەڵێ من بووم.

**مسیو مارتان:** لە پێش دەرگا راوەستابوون. لە زەنگتان دا بۆ ئەوەی بێنە ژوورەوە؟

**کاپتن:** رەتی ناکەمەوە.

(وەکو ئەوەی مسیو سمیز سەرکەوتوو بووبێت، روو لە ژنەکەی دەکات.)

**مسیو سمیز:** دەبینیت، لەسەر هەق بووم کاتێک گوێمان لە زەنگێ دەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە یەکێک لە زەنگی داوە. ئەوەشم پێ مەڵێ کە کاپتن کەسێک نییە.

**مەدام سمیز:** بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، با ئەمەشت بۆ دووبارە بکەمەوە، من باسی سێ زەنگی یەکەمم بۆ کردووی، چوارەمیان حیسابی بۆ ناکرێت.

**مەدام سمیز:** باشە ئەو دەمەی کە لە زەنگی یەکەمیان دا، ئەوە ئێوە بوون؟

**کاپتن:** نەخێر من نەبووم.

**مەدام مارتان:** بزانە؟ خۆ لە زەنگ درا و کەسیش نەبوو.

**مسیو مارتان:** رەنگبێ یەکێکی تر بوو‌بێت؟

**مسیو سمیز:** دەمێک بوو لە پێش دەرگا چاوەڕێت دەکرد؟

**کاپتن:** سێ چارەک دەبوو.

**مسیو سمیز:** کەسیشتان نەبینی؟

**کاپتن:** کەس. بەڵێ، دڵنیام.

**مەدام مارتان:** ئاخۆ گوێتان لە زەنگی دووەم بوو؟

**کاپتن:** بەڵێ، بەڵام ئەوە من نەبووم، کەسیشم نەبینی.

**مەدام سمیز:** بردمەوە، لەسەر هەقم.

(مسیو سمیز روو لە ژنەکەی دەکات.)

پەلە مەکە (روو لە کاپتن دەکات).

باشە لە پێش دەرگاکە چیتان دەکرد؟

**کاپتن:** هیچ، هەروا وەستابووم، بیرم لە گەلێ شت دەکردەوە.

**مسیو مارتان:** (روو لە کاپتن دەکات.)

باشە، ئەی زەنگی سێیەم، ئەویش هەر ئێوە بوون؟

**کاپتن:** بەڵێ، ئەوجارەیان من بووم.

**مسیو سمیز:** بەڵام کاتێک دەرگامان کردەوە ئێوەی لێ نەبوون؟

**کاپتن:** چونکە، هەر بۆ پێکەنین خۆم شاردبووەوە.

**مەدام سمیز:** پێمەکەنن، کاپتن، مەسەلەکە زۆر غەمناکە.

**مسیو مارتان:** تا ئێستا، هێشتا کەس نازانێت کاتێک لە زەنگ

دەدرێت، ئاخۆ کەسێک لە پشت دەرگایە یا نە!

**مەدام سمیز:** هەرگیز، کەسی لێ نییە.

**مسیو سمیز:** هەمیشە یەکێکی لێیە.

**کاپتن:** ئیستا وا دەکەم کە هەمووتان هاورِا بن، هەر دووکتان کەمێک هەقتانە، ئەو دەمەی لە زەنگ دەدرێت، هەندێک جار کەس لە پشت دەرگا نییە و هەندێ جاریش یەکێکی لێیە.

**مسیو مارتان:** ئەمە مەنتیقییە.

**مەدام مارتان:** منیش هەروا دەڵێم.

**کاپتن:** لە هەقەقەتدا مەسەلەکە ئاسانە. (روو لە مسیو و مەدام سمیز دەکات) دەی باوەش بکەن بە یەکتردا.

**مەدام سمیز:** پێش نەختێک، یەکترمان لە ئامێز گرتبوو.

**مسیو مارتان:** سبەینێ باوەش دەکەن بەیەکدا، کاتیان زۆر بە دەستەوەیە.

**مەدام سمیز:** کاپتنی بەرِێز، لەبەرئەوەی هەموو شتەکانت روون کردەوە، دە توخوا تەپڵەکەتان داکەنن و هەندێ لەگەڵماندا دانیشن.

**کاپتن:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، ناتوانم زۆر دانیشم. تەپڵەکەم دادەکەنم. چونکە کاتی دانیشتنم نییە. (بەبێ ئەوەی تەپڵەکەی داکەنێت، دادەنیشێت). ددان بەوەدا دەنێم کە من بۆ شتێکی تر هاتووم، من لە دەوامم و بەکار هاتووم.

**مەدام سمیز:** کاپتنی بەرِێز، کارەکەتان چییە؟

**کاپتن:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، ئەگەر منداڵانە هەڵسوکەوتم

کردبێت. (زۆر شڵەژاو دێتە بەرچاو. ئیشارەت بۆ مسیو مارتان و مەدام مارتان دەکات و پاشان دەچێتە بەردەمیان..)

**مەدام مارتان:** شەرم مەکەن.

**مسیو مارتان:** ئێمە هاوڕێی دێرینین، هەموو شتێکمان بۆ بگێڕەوە.

**مسیو سمیز:** فەرموو.

**کاپتن:** لە راستیدا، من بۆ ئەوە هاتووم، ئەرێ ئاگر بەر نەبووەتە ماڵتان؟

**مەدام سمیز:** بۆ ئەم پرسیارەمان لێ دەکەیت؟

**کاپتن:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، چونکە ئەمرم پێ کراوە کە ئاگری هەموو شارەکە بکوژێنمەوە.

**مەدام مارتان:** هەر هەموو شارەکە؟

**کاپتن:** بەڵێ هەر هەمووی؟

(مەدام سمیز بیری تێکەڵوپێکەڵی هەیە.)

**مەدام سمیز:** نازانم، بڕوا ناکەم، دەتەوێت بڕۆم چاوێک بخشێنم.

(مسیو سمیز بە بۆنکردنەوە.)

بڕوا ناکەم شتێک هەبێت ناوی بۆنی سوێ بێت.

(کاپتن بە ئەسەفەوە.)

هیچ نییە، خۆ تۆزقاڵێک ئاگری کوانووشتان نییە، رەنگە شتێک لە هەورەبانەکە، لەژێر زەمینەکان سووتابێت؟ هەر بە لایەنی کەمەوە شتێک خەریکی ئاگرگرتن بێت؟

**مەدام سمیز:** گوێ بگرن، نامەوێت عەزیەتتان بدەم، دڵنیام هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

پەیمانتان دەدەمێ کە هەر شتێک روو بدات، ئەوە ئاگادارتان دەکەمەوە.

**کاپتن:** لە بیرتان نەچێت، خزمەتێکی زۆر گەورەم پێ دەگەیەنن.

**مەدام سمیز:** بەڵێن بێت.

**کاپتن:** (روو لە مەدام مارتان و مسیو مارتان دەکات.)

ئەی لە ماڵی ئێوە، خۆ هیچ شتێک ناسووتێت؟

**مەدام مارتان:** نا نا بە داخەوە.

مسیو مارتان (روو لە کاپتن دەکات.)

پێی دەچێت حاڵی حازر کاسبییەکەت زۆر باش نەبیت!

**کاپتن:** هەر زۆر خراپیشە، هەر هیچ نییە، پینەوپەڕۆیەک لەوێ و کوانوویەک و کادانێک لێرە، شتێکی زۆر جیدی دەست ناکەوێت، هیچ شتێکی لێوە هەڵناکرێندرێت، جارێ بارودۆخ هەر هەمووی خامۆشە، بازرگانی کشتوکاڵ، بۆ نموونە ئەم ساڵ، ئەوانیش هەروەکو ئاگر، ئەوانیش وەزعیان زۆر خراپە.

**مسیو مارتان:** ئەگەر گەنم نەبێت، خۆ ئاگریش نابێت.

**کاپتن:** لافاویش نییە.

**مەدام سمیز:** شەکریش نییە.

**مسیو سمیز:** چونکە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت.

**مەدام مارتان:** ئەمە بە نیسبەت ئاگرەوە زەحمەتترە، چونکە باج و زەریبەی زۆرە!

**کاپتن:** هەیە، بەڵام زۆر دانسقەیە، دەبینی یەکێک یا دووان بە غاز دەخنکێ. ئا بەوجۆرە، هەفتەی رابردوو، ژنێکی جوان غازەکەی

به کراوەیی جێ هێشتبوو، بۆ خۆی خنکا.

**مەدام مارتان:** لە بیری چووبووەوە؟

**کاپتن:** نەخێر، بە شانە تێی گەیشتبوو.

**مسیو مارتان:** ئەم بێ لاموبالاتییە، هەمیشە جێی مەترسییە.

**مەدام سمیز:** ئەرێ سەرت لە دووکانی شخاتە فرۆشەکە داوە؟

**کاپتن:** هیچ کەڵکێکی نییە، چونکە زەمانی دژە ئاگری هەیە.

**مسیو مارتان:** کەواتە برۆن و کەشیش واکیفیلد ببینن و پێشی بڵێن کە لەلای منەوە نێردراون!

**کاپتن:** من هیچ مافی ئەوەم نییە ئاگر لە ماڵی کەشیشەکان بکوژێنمەوە، دوایی ئەسقەف لێم تووڕە دەبێت. هەر خۆیان ئاگری خۆیان دەکوژێننەوە. یا ئەوەتا ڤیستاڵ[2] ئاگرەکەیان بۆ دەکوژێنێتەوە.

**مسیو سمیز:** مادام وایە، برۆ سەرێک لە ماڵی دوران بدە.

**کاپتن:** ناتوانم بچمە ماڵی ئەویش، چونکە ئەوان ئینگلیز نین و هەر رەگەزنامەی ئینگلیزییان وەرگرتووە. تەنیا ئەوانەی رەگەزنامەی ئینگلیزی وەردەگرن، ئەو مافەیان هەیە کە خانووی خۆیان هەبێت، بەڵام کاتێک ئاگریشی تێ بەردەبێت، ئەوە مافی کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان نییە.

**مەدام سمیز:** بەڵام پارەکە، کاتێک ماڵەکەیان ئاگری تێ بەربوو، هەر بە ناچاری کوژاندیانەوە.

---

٢. کەشیش قۆناغی ئەنتیکە و خواوەندێکی پاکیزەییە و ئاگری پیرۆز دادەگیرسێنێت و پارێزگاریی دەکات. (وەرگێر)

**کاپتن:** خۆی هەر بە تاقی تەنیا کوژاندییەوە، بە نهێنی، ئۆ خۆ ناچم شکاتیشیان لێ بکەم.

**مسیو سمیز:** منیش نە.

**مەدام سمیز:** لەبەرئەوەی پەلەت نییە، کاپتنی بەڕێز، نەختێکی تریش لەگەڵمان دانیشە، پێمان خۆش دەبێت.

**کاپتن:** ئەرێ دەتانەوێت نوکتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە؟

**مەدام سمیز:** ئا دە توخوا، دەی چەند قوشمەچیش دیاریت!

(ماچێکی دەکات.)

**کاپتن:** هەرچی چۆنێک بێت هەوڵ دەدەم دەست بە نوکتەکەم بکەم، بەڵام وەعد و بەڵێنم بدەنێ کە گوێم لێ ناگرن.

**مەدام مارتان:** ئاخر بەبێ گوێگرتن مومکین نییە لێتان تێ بگەین.

**کاپتن:** بیرم لەمەیان نەکردبووەوە!

**مەدام سمیز:** پێم وتن منداڵێکە بۆ خۆی.

**مسیو مارتان** و **مسیو سمیز:** ئای منداڵە ئازیزەکە!

(لە ئامێزی دەگرن.)

**مەدام مارتان:** دەی.

**کاپتن:** ئێ، ئا ئەمە بوو. (دەکۆکێت، بەڵام لەبەر هەڵچوون دەست بە لەرزین دەکات).

"سەگ و گامێش"؛ حیکایەتێکی ئەزموونگەرایییە، جارێکیان گامێشێکی تر لە سەگێکی تر دەپرسێت: "بۆچی خەرتوومەکەت قووت نەدا"، سەگەکە لە وەڵامدا دەڵێت: "ببوورە، لەبەرئەوەی وام زانی فیلم."

**مەدام مارتان:** ئەریَ چ حیکمەتێک لەم حیکایەتەدا هەیە؟

**کاپتن:** ئەمەیان بۆ ئێوە جێ دەهێڵم.

**مسیو سمیز:** هەقێتی.

**مەدام سمیز:** (بە هەڵەشەوە.)

دانەیەکی تر.

**کاپتن:** گۆلکێکی لاو کرمێکی پلیشاوەی زۆری خواردبوو، لە ئەنجامدا ناچار دەبێت بزێت، مانگایەکی بوو. بەڵام لەبەرئەوەی گۆلکەکە نێر بوو مانگاکە نەیدەتوانی پێی بڵێ "دایە" نەیدەتوانیش پێی بڵێ "باوە"، چونکە مانگایەکە گەلێ بچووک بوو. گۆلکەکە ناچاربوو بەیەکێک شوو بکات. شارەوانی هەموو ئیجرائاتێکی ئاسایی لەو رووەوە وەرگرت.

**مسیو سمیز:** بە شێوەی قابیل.

**مسیو مارتان:** وەکو گەدە.

**کاپتن:** کەواتە دەیزانن؟

**مەدام سمیز:** هەموو رۆژنامەکان باسیان کرد.

**مەدام مارتان:** زۆر لە ماڵەکەی ئێمەشەوە دوور نەبوو.

**کاپتن:** با نوکتەیەکی ترتان بۆ بگێرمەوە، "کەڵەباب"، جارێکیان کەڵەبابێک ویستی لاسایی سەگێک بکاتەوە، بەڵام بەخت یاری نەبوو، هەر خێرا کەشف بوو.

**مەدام سمیز:** بەڵام بە پێچەوانەوە سەگەکە کاتێک ویستی لاسایی کەڵەباب بکاتەوە هەرگیز ئاشکرا نەبوو.

**مسیو سمیز:** دەباشە، با منیش نوکتەیەکتان بۆ بگێرمەوە "مار و

ڕێوی"، جارێکیان مارێک لە ڕێوییەک نزیک دەبێتەوە، پێی دەڵێ: "وا هەست دەکەم دەتناسم!"، ڕێوییەکە لە وەڵامدا دەڵێت: "منیش" مارەکە دەڵێ: "کەواتە پارەم بدەرێ". لە وەڵامدا ئاژەڵی فێڵباز دەڵێت: "ڕێوی پارە نادات" بۆ ئەوەی هەڵبێت، خۆی فڕێ دایە دۆڵێکی قووڵ کە پڕی لە شاتوو و هەنگوینی مریشک بوو. مارەکە لەوێ چاوەڕوانی دەکرد بە پێکەنینێکی مێفیستۆفێلێک، چاوەڕێی دەکرد. ڕێوییەکە، بە لوورەلوورەوە چەقۆی دەرهێنا: "هەر ئیستا فێری ژیانت دەکەم!" دواجار هەڵات و پشتی تێی کرد. بەخت یاری نەبوو. مارەکە لەو خێراتر بوو. مستێکی هەڵبژاردەی کێشایە تەختی ناوچەوانی ڕێوییەکە هورد و خاشی کرد و بە هاوار کردنەوە: "نا! نا! چوار جاران نا! من کچی تۆ نیم."

**مەدام مارتان:** سوود بەخشە.

**مەدام سمیز:** خراپ نییە.

**مسیو مارتان:** (دەستی مسیو سمیز دەگوشێت.)

پیرۆزباییت لێ دەکەم.

(کاپتن بە ئێرەییەوە)

هەرچەندە زۆر ناودار نەبوو بەڵام گوێشم لێ گرتبوو.

**مسیو سمیز:** چ سامناکە.

**مەدام سمیز:** خۆ نوکتەیەکی ڕاستەقینە نەبوو.

**مەدام مارتان:** با بەڵێ، بە داخەوە.

**مسیو مارتان:** (ڕوو لە مەدام سمیز دەکات.)

ئێستاش نۆرەی تۆیە خانم.

**مەدام سمیز:** یەک نوکتە دەزانم، دە با بۆتانی بگێڕمەوە، ناونیشانەکەی "چەپکە".

**مسیو سمیز:** ژنەکەم هەمیشە هەر رۆمانسییە.

**مسیو مارتان:** کەواتە ئینگلیزێکی مەزبووتە.

**مەدام سمیز:** گوێ بگرن، جارێکیان کوڕێک چەپکە گوڵێک بە دیاری بۆ دەزگیرانەکەی دەبات، ئەویش پێی دەڵێ: "سوپاست دەکەم"، بەڵام پێش ئەوەی پێی بڵێ، "سوپاس"، بەبێ ئەوەی ورتەیەک لە دەمییەوە دەربێت، بۆ ئەوەی تەمێی بکات، گوڵەکانی لێ دەسێنێتەوە و پێی دەڵێ لێت وەردەگرمەوە. دواجار پێی دەڵێ خواحافیز و گوڵەکان لەگەڵ خۆی دەباتەوە. بەملا و ئەولادا دەڕوات و بەم شێوەیە لێی دوور دەکەوێتەوە.

**مسیو مارتان:** ئای کە ژیکەڵە بوو!

(ماچی مەدام سمیز دەکات یا نایکات.)

**مەدام مارتان:** بەڕێز سمیز ئەتۆ ژنێکت هەیە، هەر هەموو خەڵکی ئێرەییی پێ دەبەن.

**مسیو سمیز:** راستە، ژنەکەی من هەر عەقڵێکە بۆ خۆی، تەنانەت لە منیش عاقڵترە، لە هەموو بارێکدا وەکو دەڵێن زۆر ژنانەیە.

(مەدام سمیز روو لە کاپتن دەکات.)

یەکێکی تر کاپتن.

**کاپتن:** بەسە، زۆر درەنگە.

**مسیو مارتان:** دە تەنیا هەر دانەیەک.

**کاپتن:** ئاخر زۆر ماندووم.

**مسیو سمیز:** هەر یەک دانە و بەس.

**مسیو مارتان:** تکات لێ دەکەین.

**کاپتن:** نەخێر.

**مەدام مارتان:** دڵێکت هەیە سەهۆڵ ئاسایە، ئێمە وا لەسەر رەژووی داغبووین.

**مەدام سمیز:** (دەکەوێتە بەر دامێنی و بە هەنسکدانەوە یا نە.) تکات لێ دەکەم.

**کاپتن:** با وابێت.

**مسیو سمیز:** (دەچرپێنێتە بناگوێی مەدام مارتان.) رازییە، جارێکی تریش دەردمان دەداتێ.

**مەدام مارتان:** بێدەنگ بە.

**مەدام سمیز:** فایدەی نییە، ئاخر زۆر بەڕێز و بە حورمەت بووم.

**کاپتن:** "هەڵامەت": برای ژنەکەم ئامۆزایەکی هەبوو کە خاڵی ئەو ئامۆزایە مەبەست باپیرێتی، مەبەست لە باوکی باوکێتی، براژنەکەی کە ژنێکی تری خۆماڵی هێنابوو کە برای ئەم ژنەی لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا تووشی کچێک دەبێت و یەکسەر عاشقی دەبێت. پاشان کوڕێکیان دەبێت کە ژنە سەیدەلییەکی ئازا دەخوازێت کە برازای سەرۆکی مامۆستایانی ونبووی هێزی دەریایی بەریتانیا بوو کە باوکی تەبەنیکراوی ئەمیش میمکێکی هەبوو ئیسپانییەکی رەوانی دەزانی و رەنگیشە کچە بچووکی ئەندازیار بووبێت کە جوانەمەرگ بوو کوڕە بچووکی

خاوەن ڕەزێک بوو شەرابێکی خراپیان لێ دروست دەکرد. بەڵام ئامۆزایەکی هەبوو ماڵدار، خزمەتگوزار کە کوڕی ئەمیش کچۆڵەیەکی جوانی تەڵاقدراوی خواست کە مێردی یەکەمی کە کوڕێکی نیشتمانپەروەری دڵپاک و زمانڕاست بوو کە لە بیاباندا گەورە بووبوو و یەکێک لە کچەکانی توانی پارە پێکەوە بنێت و شوو بە راوچییەک بکات کە رۆتچیلدی دەناسی براکەی ئەمیش پاش ئەوەی چەندین جار پیشەی خۆی دەگۆڕی، ژن دەهێنێت و کچێکی دەبێت باپیرە گەورەیەکی لەڕولاواز و چاویلکە لە چاو بوو کە ئامۆزایەکی خۆی دایێ، براژنی پیاوێکی پورتوغالی کوڕە شەرعیی ئاشەوانێک بوو زۆر هەژاریش نەبوو برای شیریی ئەو کچی پزیشکێکی لادێیی دەخوازێ کە ئەم پزیشکەش برای شیریی بیرەفرۆشێک بوو ئەویش کوڕە شەرعیی پزیشکێکی تری گوندنشین بوو سێ جاران ژنی هێنا بوو ژنی سێیەمی.

**مسیو مارتان:** ئەگەر بە هەڵەدا نەچووم ژنی سێیەمیم دەناسی، مریشکی لەسەر کونە زەردەواڵە دەخوارد.

**کاپتن:** نا هەمان ئافرەت نەبوو.

**کاپتن:** دەڵێم ژنی سێیەمی کچی باشترین دایەنی ئەم مەنتیقەیە بوو کە زۆر زوو بە بێوەژن مایەوە.

**مسیو سمیز:** وەکو ژنەکەی من.

**کاپتن:** شووی بە جامچییەکی زۆر گەرموگوڕ کردووە لە کچێکی شێفی وێستگەی شەمەندەفەر کوڕێکی دەبێ و دەزانێ چۆن ڕەچەی ژیانی خۆی بکاتەوە.

**مەدام سمیز:** هێڵی ئاسنینەکەی.

**مسیو مارتان:** هەروەکو لە کاغەزی قوماردا.

**کاپتن:** ژنێکی خواست بازرگانی نۆ وەرز بوو، باوکی برایەکی هەبوو سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەیەک بوو مامۆستایەکی قژزەردی خواست ئامۆزاکەی ماسی بە قولاب دەگرت.

**مسیو مارتان:** بە قولابی مەرگ؟

**کاپتن:** کە ژنێکی تری خواست ئەویش مامۆستایەکی قژزەردی بوو ئەویش ناوی ماری بوو براکەی ئەم، ماریایەکی تری خواست و ئەویش مامۆستایەکی قژزەرد بوو.

**مسیو سمیز:** چونکە قژزەرد بوو ناکرێ ناوی ماری نەبێت.

**کاپتن:** باوکی ئەم لە کەنەدا پیرەژنێک بەخێوی کردبوو کە برازای کەشیشێک بوو کە باپیرەی ئەم کەشیشە هەندێ جار لە زستاندا، ئەویش وەکو زۆربەی خەڵکی تر، تووشی هەڵامەت دەبوو.

**مەدام سمیز:** حەکایەتێکی سەیرە، جێی بڕوا نییە.

**مسیو مارتان:** کاتێکیش تووشی هەڵامەت دەبین پێویستە ئۆیە (جۆرە ئۆیەیەکی پانە، دەخرێتەوە بازووەوە) هەڵگرین.

**مسیو مارتان:** ئەمە خۆپاراستنێکی بێکەڵکە، بەڵام سەد دەر سەد زەروورییە.

**مەدام مارتان:** داوای لێبووردن دەکەم، کاپتنی بەڕێز، بەڵام باش لە چیرۆکەکەت حاڵی نەبووم.

**مسیو سمیز:** هەمیشە لەنێو قاچوقولی کەشیشدا گیر دەخۆین.

**مسیو سمیز:** هەمیشە لە نێوان قاچوقولی کەشیشدا دەچەقین.

**مەدام سمیز:** بەڵێ، بەڵێ، کاپتن، دووبارەی بکەرەوە، هەموو هەمان داواکاریمان هەیە.

**کاپتن:** ئا، نازانم، ئەرێ لە توانامدا هەیە یا نە، من لە دەوامم و دواجار پێوەندیشی بەوەوە هەیە کە ئاخۆ سەعات چەندە.

**مەدام سمیز:** لەم ماڵە سەعاتمان نییە.

**کاپتن:** ئەی ئەو سەعاتە چاڵمەیە؟

**مسیو سمیز:** تێکچووە، تەبیعەتێکی دژواری هەیە، هەمیشە بە پێچەوانەی ئەو سەعاتەوە لێ دەدات کە پێویستە.

## دیمەنی نۆیەم

هەموو، بە ماریشەوە

**ماری:** بەڕێزان...

**مەدام سمیز:** چیت دەوێ؟

**مسیو سمیز:** چی دەکەی لێرە؟

**ماری:** داوای لێبووردن لە بەڕێزان دەکەم، هەروەها لەم بەڕێزانەش، منیش دەمەوێ، دەمەوێ نوکتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە.

**مەدام مارتان:** چی دەڵێی؟

**مسیو مارتان:** وا بزانم کارەکەرەکەی هاوسێیەکەمان تێکچووە، ئەویش دەیەوێت نوکتەیەک بگێڕێتەوە.

**کاپتن:** خۆت بە کێ دەزانیت؟ (تەماشای دەکات) ئا!

**مەدام سمیز:** خۆت لە چی هەڵدەقوڵێنیت؟

**مسیو سمیز:** ماری، بەڕاستی ئێرە شوێنی تۆ نییە.

**کاپتن:** ئۆ، ئەمە جێی بڕوا نییە.

**مسیو سمیز:** ئەی تۆ؟

**ماری:** مومکین نییە، لێرە؟

**مەدام سمیز:** ئەرێ ئەم هەموو شتە مانای چییە؟

**مسیو سمیز:** ئێوە هاوڕێین؟

**کاپتن:** ئەی چۆن.

(ماری کاپتن لە ئامێز دەگرێت.)

**ماری:** بەختەوەر و کامەرانم بەوەی کە دواجار بینیتم!

**مسیو مارتان و مەدام مارتان:** ئای!

**مسیو سمیز:** ئەمە ماقووڵ نییە!

**کاپتن:** ئەمە ئاگری یەکەممە.

**ماری:** من ئاوپژێنە بچووکەکەی ئەوم.

**مسیو مارتان:** مەدامەکی وایە، ئازیزان، ئەم هەستانە هەستی ئینسانین، جێی ڕێز و تەقدیرن، لێیان تێ دەگەین.

**مەدام مارتان:** هەموو شتێکی ئینسانی جێی ڕێزە.

**مەدام سمیز:** بەڵام حەز ناکەم لێرە، لەم ناوەدا ببینم.

**مسیو سمیز:** تەربییەتێکی تەواوی نییە.

**کاپتن:** چەندێ حوکمی پێشوەخت دەدەی.

**مەدام مارتان:** من وا بیر دەکەمەوە کە کارەکەرێک، دوو جار، هەرچەندەش ئەمە پێوەندیی بە منەوە نییە، کارەکەرێک هەرگیز کارەکەرێک نییە.

**مسیو مارتان:** با هەندێ جاریش لە توانایدا بێت کاری هەواڵگری بکات.

**کاپتن:** بەرم دە.

**ماری:** گوێی مەدەرێ، هەندە ئینسانی خراپیش نین.

**مسیو سمیز:** همم همم، ئێوە میهرەبان و بە ڕەحمن، هەردووکتان، بەڵام کەمۆکەیەکیش..

**مسیو مارتان:** بەڵێ، دەقاودەق وایە.

**مسیو سمیز:** هەندێکیش سیحربازن.

**مسیو مارتان:** شەرمێکی ئینگلیزی هەیە، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم کە بە وردی بیرکردنەوەکەم دەردەبڕم، بێگانەکان لێم تێ ناگەن، بگرە پشتشۆرانیش، بۆ ئەوەی بەمجۆرە، تەعبیر لە خۆم بکەم، لە کۆتاییشدا مەبەستم ئێوە نییە.

**ماری:** دەمەوێ نوکتەیەکتان.

**مسیو سمیز:** هیچ مەگێڕەوە.

**ماری:** ئاه، بەڵێ.

**مەدام سمیز:** برۆ، مارییە چکۆلانەکەم، دەی بە عاقڵی و ژیرییەوە برۆرەوە مەتبەخەکەت و بەرامبەر بە ئاوێنەکە شیعر بخوێنەوە.

**مسیو مارتان:** خۆ منیش، هەرچەندە کارەکەریش نیم، حەز دەکەم شیعر بەرامبەر بە ئاوێنە بخوێنمەوە.

**مەدام مارتان:** ئەم سەرلەبەیانییە، کاتێک سەیری ئاوێنەت دەکرد خۆت نەبینی.

**ماری:** خۆ دەتوانم، دەتوانم بە لایەنی کەمەوە شیعرێکتان بۆ بخوێنمەوە.

**مەدام سمیز:** مارییە بچکۆلانەکەم، بە راستی کەللەڕەق و عینادی.

**ماری:** کەواتە شیعرێکتان بۆ دەخوێنمەوە، باشە، شیعرەکە بە ناونیشانی ئاگر، لەسەر شەرەفی کاپتن دەیخوێنمەوە.

ئاگر

پۆلیئاندر[٣] لەنێو دارستان دەدرەوشانەوە

بەردێک ئاگری گرت

کۆشکێک ئاگری گرت

دارستان ئاگری گرت

پیاوان ئاگریان گرت

ژنان ئاگریان گرت

باڵندەکان ئاگریان گرت

ماسییەکان ئاگریان گرت

ئاو ئاگری گرت

ئاسمان ئاگری گرت

خوڵەمیش ئاگری گرت

دووکەڵ ئاگری گرت

ئاگر ئاگری گرت

هەموو ئاگریان گرت

ئاگر ئاگری گرت

---

٣. پێ دەچێت polyandres بێت، وەک لەوەی plycandres یەکەمیان ژنێک دەگەیەنێت کە چەند مێردێکی هەبێت یا بە جۆرە ڕووەکێک دەوترێت، کەچی دووەمیان هیچ مانایەکمان بۆ نەدۆزییەوە، بۆیە پێ دەچێت هەڵەی چاپ بێت. (وەرگێڕ)

(شیعرەکە دەخوێنێتەوە و مسیو سمیز و مەدام سمیز پاڵی پێوە دەنێن.)

## دیمەنی دەیەم

هەموو بێجگە لە ماری

**مەدام مارتان:** (مووچڕکێکی سارد بە شانوپیلیدا دێت.)

**مسیو مارتان:** لەم دێڕە شیعرانەدا، هەستم بە تەزوویەکی گەرم کرد.

**کاپتن:** شیعرێکی نایابە.

**مەدام سمیز:** هەندەش نا.

**مسیو سمیز:** زیادەڕەوی و موبالەغە دەکەی.

**کاپتن:** گوێ بگرن، راستە، شتێکی زۆر زاتییە، بەڵام ئەمە تێگەیشتنی منە بۆ ژیان، ئەمە خەونی منە، ئایدیالی منە. هاتەوە یادم، دەبێت بڕۆم چونکە سەعاتتان نییە و منیش پاش سێ چارەک و سیانزدە دەقەی تر، لەوپەڕی شار ئاگرێکم هەیە، دەبێت پەلە بکەم، هەرچەندە شتێکی گەورەش نییە.

**مەدام سمیز:** دەبێت چی بێت، ئاگرێکی بچووکی کوانوو بێت؟

**کاپتن:** لەوەش بچووکترە، ئاگر لە پووشوپەڵاش بەربووە، یا چووزانەوەی سکە.

**مسیو سمیز:** کەواتە، بە داخەوە، دەبێت جێمان بهێڵێت.

**مەدام سمیز:** گەلێ سوعبەتچی بوو لە گەڵمان.

**مەدام مارتان:** بە رای تۆ، چارەکە سەعاتێکی دیکارتیمان بردە سەر.

(کاپتن دەیەوێت بڕوات و رادەوەستێت.)

**کاپتن:** هاتەوە یادم، ئەی ژنە گۆرانیبێژە کەچەڵەکە؟

(بێدەنگییەکی تەواو، هەست بە شەرم دەکرێت.)

**مەدام سمیز:** هەر وەکو جاری جاران قژی دادەهێنێت؟

**کاپتن:** بەڕێزان، کەواتە خواحافیز.

**مسیو مارتان:** هیوادارین بۆ هەمووان.

(کاپتن دەڕوات و هەموو تا دەرگا لەگەڵی دەچن، پاشان هەر کەسەو دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.)

هەموو بێجگە لە کاپتن.

**مەدام مارتان:** من دەتوانم بۆ براکەم چەقۆیەکی باخەڵ بکڕم، کەچی ئێوە ناتوانن ئێرلەندا بۆ باپیرەتان بکڕن.

**مسیو مارتان:** ئەوەی ئیمڕۆ مانگایەک بفرۆشێت[٤]، سبەینێ دەبێتە خاوەن هێلکەیەک.

**مەدام سمیز:** لە ژیاندا پێویستە لە پەنجەرەیەکەوە بڕوانی.

**مەدام مارتان:** دەتوانین لەسەر ئەسکەمبیل دانیشین، لە کاتێکدا ئەسکەمبیلیش نەبێت.

**مسیو سمیز:** پێویستە هەمیشە بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە.

**میسو مارتان:** بنمیچ لە سەرەوەیە و عەرزەکەش لە خوارەوەیە.

**مەدام سمیز:** کاتێک دەڵێم بەڵێ، ئەمە جۆرێکە لە قسەکردن.

---

٤. لە بنەڕەتدا ئەمە قسەیەکی نەستەقی فرەنسییە "ئەوەی ئیمڕۆ هێلکەیەک بدزێت، سبەینێ مانگایەک دەدزێت". ئیۆنێسکۆ سەروژێری دەکات، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شانۆ لەلای ئیۆنێسکۆ: گەمەکردنی هەمیشە بە زمان. (وەرگێڕ)

**مەدام مارتان:** هەر کەسە و خۆی و قەدەری.

**مسیو سمیز:** بازنەیەک وەرگرە و نوازشی لەگەڵدا بکە تا فێرە گوناهی دەکەیت!

**مەدام سمیز:** مامۆستای قوتابخانەی منداڵان فێرە خوێندنەوە دەکات، بەڵام پشیلە، هەر ئەوەندە بچووک بن، پڕ دەدەنە بێچووەکانی.

**مەدام مارتان:** لەگەڵ ئەمەشدا مانگا کلکیمان پێ دەبەخشێت.

**مسیو سمیز:** کاتێک لە گوند دەبم حەز لە تەنیایی و هێمنی دەکەم.

**مسیو مارتان:** هێشتا هەندە پیریش نیت بۆ ئەمە.

**مەدام سمیز:** بنیامین فرانکلین هەقی خۆی بوو: ئێوە لەو هێمنترن.

**مەدام مارتان:** ناوی رۆژانی هەفتە چین؟

**مسیو سمیز:** (لە دەقەکە بە ئینگلیزی دەوترێت)

دووشەم، سێشەم، چوارشەم، پێنجشەم، هەینی، شەمە.

**مسیو مارتان:** (لە دەقەکە بە ئینگلیزی دەوترێت)

ئێدوارد کەشیشە، نانسی خوشکی تیپچنە، ویلیامی برای یاریدەدەری دووکانە.

**مەدام سمیز:** خێزانێکی عەنتیکەیە!

**مەدام مارتان:** حەزم زیاتر لە باڵندەیەکە کە لە کێڵگەدا بێت، وەک لە گۆرەوییەکی ناو عارەبانەی دەست.

**مسیو سمیز:** زیاتر حەزم لە تۆرێکە لە ناو شالێیەکە[٥] وەک چۆرێ شیر لە کۆشکێ.

---

٥. جۆرە خانوویەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی سویسرا بە تەختە دروست دەکرێت. (وەرگێڕ)

**مسیو مارتان:** خانوو بۆ ئینگلیزێک وەکو کۆشکی راستەقینەیە.

**مەدام سمیز:** من زۆر ئیسپانی نازانم تاکو تێبگەم.

**مەدام مارتان:** نەعلەتی خەسوومت دەدەمێ ئەگەر تابووتی مێردەکەتم بدەیتێ.

**مسیو سمیز:** لە کەشیشێکی مونۆفیست[٦] دەگەڕێم تاکو ماری لێ مارە بکەم.

**مسیو مارتان:** نان درەختێکە، لە کاتێکدا نانیش درەختە و هەموو سەرلەبەیانییەکیش لە داربەڕوو داربەڕوو شین دەبێت.

**مەدام سمیز:** مامم لە لادێ دەژێت، کەچی ئەمە پێوەندیی بە دایانەوە نییە.

**مسیو مارتان:** کاغەز بۆ نووسینە و پشیلەش بۆ جرجە پەنیریش بۆ چرنووک لێگرتنە.

**مەدام سمیز:** ئۆتۆمۆبیل زۆر خێرا دەڕوات، بەڵام چێشت لێنەر خواردن چاکتر لێ دەنێت.

**مسیو سمیز:** مەبنە قەلەموون موئامون موئامەرەچییان بگرنە باوەش.

**مسیو مارتان:** (لە دەقەکە بە ئینگلیزی دەوترێت).

خێربەخشینەوە لە ماڵەوە دەست پێ دەکات.

**مەدام سمیز:** چاوەڕێی جۆگەلە دەکەم بۆ ئەوەی بێت لە ئاسیاوەکەم بمینێتەوە.

**مسیو مارتان:** دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

٦. monophiste جۆرە مەزهەبێکە، بڕوای بە تاکسروشتیی مەسیح هەیە، سروشتی خوایی یا ئینسانی. (وەرگێر)

بە شەکرەوە بەتامترە.

**مسیو سمیز:** بمرێ سرینەوە!

(دوای ئەم رستەیە مسیو سمیز و ئەوانی تر تووشی حەپەسان دەبن. هەست دەکەین جۆرە هەڵچوونێک لە ئارادایە، سەعاتی چاڵمەکە، ئەویش بە هەڵچوونەوە لێدەدات. گفتوگۆکان تا دێن گەشە دەکەن. سەرەتا پێویستە لەسەر ئیقاعێکی سارد و توندەوە بوترێن.

توندی و ساردوسڕی پێکەوە گەشە دەکەن، لە کۆتاییی ئەم دیمەنەدا پێویستە هەر چواریان پێکەوە بە پێوە رابوەستن، لە نزیک یەکترەوە بن. بە هاوارکردنەوە، رستەکانیان بڵێن و مست بەرز کەنەوە و ئامادەی ئەوەش بن کە خۆیان فڕێ دەنە باوەشی یەکتری.)

**مسیو مارتان:** ناکرێ چاویلکە بە بۆیاغی رەش بریقەی لێوە هەڵسێندرێت.

**مەدام سمیز:** کەچی بە پارە دەتوانین، تا هەر چییەکمان بوێ بیکڕین.

**مسیو مارتان:** حەز دەکەم کەروێشکێک بکوژم زیاتر لە ناو باخچە گۆرانی بڵێم.

**مسیو سمیز:** کاکاتۆی کاکاتۆی کاکاتۆی کاکاتۆی کاکاتۆی کاکاتۆی کاکاتۆی.

**مەدام سمیز:** چ کارێکە چ کارێکە چ کارێکە چ کارێکە چ کارێکە چ کارێکە.

**مسیو مارتان:** چ سۆلاڤێکی کاکادە چ سۆلاڤێکی کاکادە چ سۆلاڤێکی کاکادە چ سۆلاڤێکی کاکادە چ سۆلاڤێکی کاکادە.

**مسیو سمیز:** پشیلە کێچی هەیە، پشیلە کێچی هەیە.

**مەدام مارتان:** کاکتوس کوکیسو کۆکی کوکاردار کوشۆن.

**مسیو مارتان:** حەز دەکەن هێلکەیەک بکەم لەوەی کە مانگایەک بدزم.

(مەدام مارتان دەمی دەکاتەوە.)

ئاه ئاه ئاه دە بهێڵن با ددانەکانم بسمیل بکەم.

**مسیو سمیز:** کایمان!

**مسیو مارتان:** با بڕۆین شەپازللەیەک لە ئۆلیس بدەین.

**مسیو سمیز:** دەچم لە سەنگەرەکە نیشتەجێ دەبم لە نیو کاکا ئویریسەکانم.

**مەدام مارتان:** کاکائویریسی کاکئویریسەکان فستقمان نادەنێ کاکئویریسی کاکتئویریسەکان فستقمان نادەنێ کاکاومان دەدەنێ کاکئویریسی کاکئویریسەکان فستقمان نادەنێ کاکاومان دەدەنێ!

**مەدام مارتان:** دەست لە پابووجەکەم نەدەیت!

**مسیو سمیز:** دەست لە مێش بدە منیش لە دەست مەدە.

**مەدام مارتان:** فن بە دەمت کە.

**مسیو مارتان:** فن بە مێشکوژەکە بکە منیش لە دەست مەدە.

**مسیو سمیز:** چەقی چەقی چەقەناوان.

**مەدام مارتان:** چەق چەقچناو!

**مەدام سمیز:** حەزرەتی چناو!

**مسیو مارتان:** تۆ تەبلیغێکت هەیە!

**مسیو سمیز:** تۆ دامدەخەیت.

**مەدام مارتان:** حەزرەتی چناو دەست لە رەختم دە.

**مەدام سمیز:** دەستی لێ مەدە هورد و خاش بووە.

**مسیو مارتان:** سولی!

**مسیو سمیز:** شرودۆم!

**مەدام مارتان و مسیو سمیز:** فرانسۆ!

**مەدام سمیز و مسیو مارتان:** کۆپێ سولی!

**مەدام سمیز و مسیو مارتان:** شرودۆ فرنسۆ.

**مەدام مارتان:** هەی تکتکتکەرەکان هەی تکتکتکەرەکان.

**مسیو مارتان:** ماریەت قوونی مەنجەڵ.

**مەدام سمیز:** کریشناموزتی کریشناموزتی کریشناموزتی!

**مسیو سمیز:** شاشا دەخلیسکێ شاشا ژێر شاشا نییە ژێر شاشا شاشای نییە.

**مەدام مارتان:** بازاڕ بەلزاک بازین.

**مسیو مارتان:** عەنتیکە هونەرە جوانەکان و ماچ و مووچ!

**مسیو سمیز:** ئا، س، ی، ئۆ، و، ئا، و، س، و، ی، و، ئۆ،و،ئا، س، و، ئۆ، و، ی!

**مەدام مارتان:** ب، س، یۆف، گ، ل، م، ن، و، س، ت، ف، و، ز، ز.

**مسیو مارتان:** لە سیرەوە بۆ ئاو لە شیرەوە بۆ سیر!

**مەدام مارتان:** (لاساییی شەمەندەفەر دەکاتەوە.)

توووف، تووف، تووف، تووف، تووف، تووف، تووف.

**مسیو سمیز:** بەو!

**مەدام مارتان:** لا!

**مسیو مارتان:** نییه!

**مەدام سمیز:** بەم!

**مسیو سمیز:** لا!

**مەدام مارتان:** یە!

**مەدام مارتان:** بەو!

**مەدام سمیز:** لایە!

هەموو بە یەکەوە دڕدۆنگ و تووڕە، هەریەکە و دەقیژینێتە گوێی ئەوی تر. ڕووناکی دەکوژێتەوە. لەنێو تاریکیدا لەسەر ئیقاعێک کە تا دێت خێراتر دەبێت.

هەموو بە یەکەوە: بەولا نییە بەملایە، بەولا نییە بەملایە، بەولا نییە بەملایە، بەولا نییە بەملایە!

(لە پڕێکدا قسە نامێنێت، جارێکی تریش ڕووناکی دێتەوە. مسیو مارتان و مەدام مارتان هەروەک لە سەرەتای دەستپێکی شانۆکە بینران، مسیو سمیز و مەدام سمیز دێنەوە سەر تەختەی شانۆ جارێکی تر لەگەڵ مسیو مارتان و مەدام مارتان دەست پێ دەکاتەوە. دەقاودەق گفتوگۆکەی ئەوان دووبارە دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا پەردە وردە وردە دادەدرێتەوە.)

ئەم شانۆنامەیە بەبێ وەستان بۆ ماوەی بیست ساڵ، لە پاریس پێشکێش کراوە. ئیۆنێسکۆ لە ڕێگای ئەم دەقەوە شانۆیەکی نوێ دادەمەزرێنێت.

٢٠٠١/٧/١٣

سیوداد ریال /ئیسپانیا

دواپێداچوونەوە

٢٠١٢-٠١-٢٩

# وانـــه

درامایەکی کۆمیک

کارەکتەرەکان

مامۆستا: تەمەن پەنجا ساڵ.

کچە قوتابی: تەمەن هەژدە ساڵ.

کارەکەر: تەمەن چل و پێنج ساڵ.

شانۆنامەی وانە بۆ یەکەمین جار لەسەر تەختەی شانۆی "پۆش" لە ١٩٥١/٢/٢٠، لە پاریس پێشکێش کراوە: مارسێل کیوڤیلیە بەکاری دەرهێنان هەڵساوە.

**دیکۆر:**

ژووری کارکردنی مامۆستای پیرەمێرد، هەروەها بۆ ژووری نان خواردنیش بەکار دێت.

لای چەپی شانۆ دەرگایەکە بەرەو پەیژەی خانووەکە دەچێت، لەلای راستیش دەرگایەکی تر بەرەو کلواری خانووەکە دەچێت، لە قوولاییی شانۆش کەمێک بە دەستی چەپ پەنجەرەیەکی مامناوەندی، پەردەیەکی ئاسایی، ئەودیوی پەنجەرەش چەند ئینجانەیەک کە گوڵی سادەیان تیایە.

پێویستە لە دووریشڕا چەند خانوویەکی نهۆم نزمی میچ سوور دەرکەون: شارۆچکەیەک. ئاسمان شینێکی خۆڵەمێشینە، لەلای راستیش کانتۆرێکی گوندییانە. مێزی چێشتخواردن بۆ کاریش بەکار دێت، لە ناوەندی ژوورەکە دانراوە. سێ ئەسکەمبیل لە دەوری مێزەکەدان، دووانی تریش لە تەنیشت پەنجەرەکەدان، بۆیاغی ژوور کاڵە و چەند رەفەیەکیش کتێبیان لەسەرە.

لەگەڵ لادانی پەردە، تەختەی شانۆ بەتاڵە، بۆ ماوەیەک کەس دیار نییە، پاشان لە زەنگی دەرگا دەدرێت. دواتر گوێمان لە دەنگی کارەکەر دەبێت کە لە پشتەوەی کوولیسەکانە.

**کارەکەر:** بەڵێ، وا هاتم.

(هەر دوا بە دوای دەنگەکە، کارەکەرەکە بە پەیژەکاندا، بە راکردن دێتە خوارێ، ژنێکی بەخۆ، چلوپێنج ساڵ دەبێت، سوورکەلانە بێت و قژی لادێییانە شانە کردووە).

(بە خێرایی دێتە سەر شانۆ و لە دووی خۆی دەرگای لای راست بە هێز دادەخات، دەستی بە بەروانکەکەی بەری دەسڕێت

و هەر بە راکـردن بەرەو دەرگـای لای چەپ دەچێت و لـە هەمـان کاتیشدا گوێمان لە زەنگی دووەمی دەرگاکە دەبێت).

تەحەمـولت هەبێت. هاتم. (دەرگاکە دەکـاتەوە. کچە قـوتابییـە لاوەکـە دەبینـرێت، تەمــەنی هـەژدە ســاڵـە. بەروانکەیەکی بۆر، ملیــوانەیەکی درۆزنەی ســپی لە ملدایە، جــانتــاکــەی لـەژێر هەنگڵدایە.)

رۆژباش کیژۆڵە.

**قوتابی:** رۆژباش خانم، ئەرێ مامۆستا لە ماڵە؟

**کارەکەر:** بۆ دەرز هاتووی؟

**قوتابی:** بەڵێ خانم.

**کارەکەر:** چاوەڕوانت دەکات. دەفەرموو دانیشە، ئێستا دەچم بانگی دەکەم.

**قوتابی:** سوپاس خانم.

(بەرامـبـەر بە بینـەران لە تەنیـشت مـێـزەکـە، لە نزیک دەرگـای حەوشە دادەنیشێت و پشت لە دەرگاکەی تر دەکات کە کارەکەر بە پەلە دەچێتە ژوورەوە و بانگی مامۆستا دەکات).

**کارەکەر:** مـامۆسـتـا، گـەر بە ئەرک نابێت، وەرە خـوارێ. قـوتـابییـەکە چاوەڕوانتە.

(دەنگی مامۆستا کزە).

(کارەکەر دەچێتـە دەرەوە، قـوتابییـەکە قاچەکانی بەرەو خـۆی گرددەکاتەوە، جـانتـاکەی لـە باوەش ناوە و چاوەڕوانە، یەک دوو جـار سـەیری ژوووورەکـە دەکـات، سـەیری دۆلاب و تاخـمـەکـان

دەکات، دەڕوانێتە بنمیچ، پاشان دەفتەرێک لە جانتاکەی دەردەهێنێت و لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە؛ لەسەر لاپەڕەیەکی دەگیرسێتەوە، وەک بڵێی بۆ دواجار بە وانەکانیدا بچێتەوە. بە کیژۆڵەیەکی ژیر دەکات، باش پەروەردە بوو، چوست و چالاک، دڵخۆش و زەردەخەنەیەکی ناسکیش لەسەر زاریدایە، لەگەڵ دەستپێکردن، ڕەوتی دراماکە وای لێ دەکات، وردە وردە چوست و چالاکی لەدەست بدات و سست و شکست بێتە بەرچاو، رووخسار پەژموردە و پێی دەچێ بە ناخی خۆیدا رۆچووبێت، جاران دڵخۆش دەهاتە بەرچاو، وردە وردە غەمگین و خەمۆک دیارە، لە سەرەتادا چالاک و پاشان ماندوو و خەواڵوو دێتە پێش چاو، لە کۆتاییی دراماکە بە تەواوی هەست بە داڕووخانی ئەعسابی دەکرێت، زمانی دەگیرێت، وشەکان بە زەحمەت دەکەونە سەر زاری، هەروەکو ئەوەی تووشی ئیفلیجبوون هاتبێت و نیشانەی لاڵیی تیا دەردەکەوێت. دەسپێک، خاوەن ئیرادەیە و پاشان تووشی توندوتیژی و تا دێتیش بێدەسەڵات و دەغەزار، هەروەکو مۆمیای لێ دێت. ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامە، تا دەگاتە ئاستێک کە ئیتر هیچ کاردانەوەیەکی نامێنێت، تەنیا لە چاوانییەوە هەست بە ژیان دەکرێت، هەست بەوە دەکەین کە بە تەواوی حەپەساوە و ترس و سامناکییەکی لە رادەبەدەریش لەسەر رووخساری دەخوێندرێتەوە، ئەم نیشانانە دەبێت بە باشی لە کاتی جمۆجۆڵ و هەڵسوکەوتەکانیدا دەربکەون!).

(مامۆستا دێتە ژوورێ. پیرەمێردێکی ریشسپی، خاوەن

سەکسووکەیە، جۆرە چاویلکەیەکی لە چاوە، لەو چاویلکانەی کە بە زریزەیەک بە یەلەگەوە گیر دەکرێت، کڵاوێکی رەشی بچووکی لەسەرە، مەبەست لەو کڵاوە بچووکانەیە کە تەنیا تەوقی سەر دادەپۆشێت، بەروانکەیەکی رەشی درێژی لەبەرە، لەو بەروانکانەی کە جاران، مامۆستایان لە بەریان دەکرد، پانتۆڵ و جووتێک پێڵاوی رەش، ملیوانەیەکی درۆزنانەی سپی لە ملە و بۆینباغێکی رەشی لەملدایە. تا بڵێی بەڕێز و سەنگین. هەروەها زۆریش شەرمن دیارە، لەبەر شەرم دەنگی کزەو گەلێ رێکوپێکیشە، بە کورتی مامۆستایانە رەفتار دەکات. هەمیشە ناولەپی بەیەکدا دەخشێنێت و لە چاوانییەوە چڵێسییەک دەخوێندرێتەوە، بەڵام خێرا دەیشارێتەوە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی دراماکە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، وردە وردە شەرمەکەی دەڕەوێتەوە و چڵێسی لە چاوانی هەراشتر دەبێت، وەک بڵێسەی هاروهاج دەردەکەون. سەرەتا، لە سیما و رووخساریدا، کابرایەکی بێ زیان، بەڵکو بەسەزمان، بەڵام وردە وردە و تا دێتیش، لەخۆبایی و توندوتیژ و هەڵچوو و خاوەن دەسەڵات دێتە پێش چاو، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە کەیف و هەوەسی خۆی یاری بە قوتابییەکە دەکات. لەژێر رکێفی وەک بەسەزمان و بێ دەرەتان دەردەکەوێت، بە پێچەوانەوە، دەنگی مامۆستا بەرز و هەراشتر دەبێت، نەڕەی دێت. تا دواجار، دەنگی مامۆستا دەگاتە ئاستی هەرە بەهێز. سەرەتا دەمی تەتەڵەی دەکرد و پاشان دەبێتە ئینسانێکی تر.)

**مامۆستا:** رۆژباش کیژۆڵەکەم، تۆ قوتابییە نوێیەکەی خۆمی؟

**قوتابی:** (بە خێرایی ئاوڕ دەداتەوە، کیژۆڵەیەکی سەردەمانەیە، هەڵدەستێت و بەرەوپیری مامۆستا دەچێت و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات.)

بەڵێ مامۆستا، رۆژباش مامۆستا، خۆ لە کاتی خۆی هاتووم، ئاخر نەمویست دواکەوم.

**مامۆستا:** ئافەرین کیژۆڵەکەم، سوپاس، پێویستی بەم پەلەپەلییەش نەدەکرد. سەبارەت بە دواکەوتنەکەشم، بە راستی نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک داوای لێبووردنت لێ بکەم، بەڵێ، ئاخر تازە لە هێن بوومەوە، وانییە، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، توخوا لێم ببوورە...

**قوتابی:** تکات لێ دەکەم مامۆستا، هیچ شتێکی ئەوتۆ رووی نەداوە.

**مامۆستا:** بمبەخشە، خۆ بە ئاسانی خانووەکەمانت دۆزییەوە؟

**قوتابی:** نا نا، نەخێر، بە پرسیارکردن هاتم، لەم گەڕەکە هەموو دەتناسن.

**مامۆستا:** وا نزیکەی سی ساڵی رەبەقە لەم شارە دەژیم، ئەی ئێوە، ماوەیەکی زۆرە لەم شارە دەژین؟ بە دڵتانە؟

**قوتابی:** نا نا، نەخێر، هیچ نیگەران نیم، شارێکی خنجیلانە و دڵڕفێنە و خۆشە، باخچەی جوان و هەروەها بەشی ناوخۆیشی لێیە، کەشیشێک و دووکان و موغازەی جوان، رێگاوبان و شەقامی رێکوپێک و نایابی لێیە..

**مامۆستا:** راستە کیژۆڵەکەم، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو شتەش، من دەمەوێ لە شوێنێکی تر بژیم، لە پاریس بۆ نموونە، هەر بەلایەنی کەمی لە شارێکی وەکو بۆردۆ.

**قوتابی:** بۆ حەزتان لە بۆردۆیە؟

**مامۆستا:** بۆردۆم نەبینیوە، نازانم چۆنە.

**قوتابی:** بەڵام خۆ پاریستان بینیوە، شارەزای پاریس هەن؟

**مامۆستا:** نەخێر کیژۆڵەی خۆم، ئەگەر بوارم دەدەیتێ با پرسیارێکت لێ بکەم. دەزانی پاریس پایەتەختی چ وڵاتێکە؟

**قوتابی:** (پاش دامانێک، ئینجا بە دڵخۆشییەوە.)

پاریس مامۆستا، پاریس، پایەتەختی.... فرەنسایە؟

**مامۆستا:** بەڵێ بەڵێ، هەی ئافەرین، زۆر باشە، ئافەرین کچی خۆم بۆ ئەم وەڵامە راستە. پیرۆزباییت لێ دەکەم.

کەواتە جوگرافیای نیشتمانیت وەک ئاو لەبەرە، ناوی پارێزگاکانت هەر هەمووی لەبەرە؟

**قوتابی:** ئۆی مامۆستا، هێشتا ناوی هەموو هەرێمەکانم لەبەر نییە، ئەزبەرکردنیان زۆر ئاسان نییە، بە زەحمەت بۆم لەبەر دەکرێن.

**مامۆستا:** قەی ناکە، فێریان دەبی... کەمێک هیمەتی دەوێت... کچی خۆم. تکات لێ دەکەم لەسەرخۆ... هێدی هێدی... هەر هەمووی فێر دەبی. ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە، زۆریش نا، بەڵام گەلێک خراپیش نییە، وا نییە، بەفر و باران نابارێ، خۆ ئەمەش بەسە وا نییە؟

**قوتابی:** ئاساییە، چونکە هاوینە و بەفر بارینیش بەم هاوینە شتێکی سەرسوڕێنەر دەبێت.

**مامۆستا:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم، دەمویست ئەوەشت پێ بڵێم دەبێت ئەوەش بزانیت کە ڕۆژی ئیمڕۆ هەموو شتێک بۆی هەیە روو بدات.

**قوتابی:** بێگومان، زۆر ڕاستە.

**مامۆستا:** کچم، لەم جیهانە، دەبێت گومان لە هەموو شتێک بکەین.

**قوتابی:** بەفر لە زستان دەبارێت و زستانیش یەکێکە لە چوار وەرزەکان و سێیەکەی تریش ئا.. بە..

**مامۆستا:** بەڵێ؟

**قوتابی:** هارە، پاشان هاوین دێت و ئینجا ها..

**مامۆستا:** شتێکە لە مام پایزەوە نزیکە.

**قوتابی:** ئا بەڵێ پایزە.

**مامۆستا:** زۆر باشە کیژۆڵەکەم، زۆر بە ڕێکی و دروستی وەڵامت دامەوە، بە مەزبووتی. لەوە دڵنیام کە قوتابییەکی زیرەکیت، پێش دەکەویت، چوست و چەلەنگیت، فیکرت ڕۆشنە و زاکیرەیەکی چاکیشت هەیە.

**قوتابی:** خۆ وەرزەکانم لەبەرە، توخوا وانییە مامۆستا؟

**مامۆستا:** بەڵێ، وەختە هەر هەمووی لەبەر بکەی، فێریان دەبیت، خراپ نیت هەموو وەرزەکان فێر دەبیت، کچی خۆم، هەر بەچاو چووقاندنێک هەر هەموویان وەکو خۆم فێر دەبیت.

**قوتابی:** زەحمەتە.

**مامۆستا:** نا کچم، کەمۆکەیەک هەوڵ و هیمەتی دەوێت و بەس، هەر تۆزێ ئیرادە کچۆڵەی خۆم، دڵنیام فێریان دەبیت.

**قوتابی:** ئای کە پێم خۆشە مامۆستا، گەلێ تامەزرۆی فێربوونم، دایک و باوکیشم دەیانەوێت زانیاریم زۆر و فراوان بێت. دەیانەوێت ببمە پسپۆر، چونکە ڕۆشنبیرییەکی گشتی، با بنچینەیەکی

پتـەویشـمـان هـەبێت، بۆ ڕۆژی ئـیـمـڕۆ بە هیچ ناچێت، دایک و باوکم وا دەڵێن.

**مـامۆسـتـا:** دایک و باوکت سـەد دەر سـەد هـەقـیـانە کـیـژۆڵەکـەم. دەبێت زیاتـر هـەوڵ بـدەیت و کـۆشش بکـەیت. داوای لێــبــووردنـت لێ دەکـەم، ئەگـەر بێت ئەم داواکـارییـەم هەبێت، ئـەمـە شـتـێکی زەرووریـیە. ژیانـی هـاوچەرخ زۆر ئاڵۆز و جەنجاڵە.

**قـوتابی:** زۆر ئاڵۆزە، دایک و باوکم گـەلێ پارەدارن، من بەخـتـەوەرم کـە دایک و بـاوکم دەتوانن یـارمـەتیم بدەن، تاکـو خـوێندنـی بالاش تەواو دەکەم.

**مامۆستا:** دەتەوێت خۆت بۆ..

**قـــــوتـابـی:** هـەر بـە زووتـرین کـــــات، هـەوڵـی ئـەوە دەدەم خــــــۆم بـۆ تاقیکردنەوەکانی دوکتۆرا ئامـادە بکەم، سێ هـەفتـەی تر دەست پێ دەکات.

**مـامـۆسـتـا:** ئەرێ خـۆ بەکـەلۆریات هـەیە، کـەواتە بوارم دەدەیتێ، با پرسیارێکی ترت لێ بکەم.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا، بەکەلۆریای زانست و ئەدەبیشم هـەیە.

**مامۆستا:** ئۆۆ. کەواتە زۆر پێشکەوتووی، گەلێ گەلێ پێشکەوتووی، بە گـوێرەی تەمـەنت زۆر زۆر پێـشکەوتووی، دەتـەوێت دوکـتـۆرا لە چیدا وەرگـریت؟ لە زانستـە مـادییـەکـان یا هـەر لە فـەلسـەفـەی رووت؟

**قـوتابی:** دایک و باوکم دەیانەوێت، ئەگـەر بێتـو لەم مـاوە کـورتەدا بۆم بگونجێت، ئەوە دەیانەوێت تێکڕای دوکتۆرام دەسگیر بیت.

**مامۆستا:** تێکڕای دوکتۆرا، بەڕاستی گەلێ ئازایەتی دەنوێنیت، هەر لە ئێستاوە پیرۆزباییت لێ دەکەم کچی خۆم؛ بە پێی پێویستیش هەوڵ دەدەین. بۆ ئەم تەمەنە کەمەی خۆت گەلێک زانا و ژیری.

**قوتابی:** وای مامۆستا.

**مامۆستا:** کەواتە ئەگەر یارمەتیم بدەی، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، پێویستە دەست بە کار بکەین، چونکە وەختی زۆرمان بە دەستەوە نییە تا بە فیڕۆی بدەین.

**قوتابی:** بە پێچەوانەوە مامۆستا، گەلێکم پێ خۆشە، تکات لێ دەکەم.

**مامۆستا:** فەرموو جارێ دانیشە، ئەگەر روخسەتم بدەیتێ، خۆ ناشرینی نابێت گەر لە بەرامبەرت دانیشم؟

**قوتابی:** تکات لێ دەکەم مامۆستا، فەرموو.

**مامۆستا:** گەلێ سوپاس، (یەک بەرامبەر ئەوی تر دادەنیشن، تەنیشتیان لە سالۆنەکەیە) ئەرێ خۆ دەفتەر و کتێبت پێیە؟

**قوتابی:** (دەفتەر و کتێب لە جانتاکەی دەردەهێنێت).

بێگومان مامۆستا، بەڵێ مامۆستا، هەموو پێداویستییەکم پێیە.

**مامۆستا:** جوانە، زۆریش جوان و مەزبووتە، خۆ دڵت ناڕەنجێنم ئەگەر هەر ئێستا دەست پێ بکەین.

**قوتابی:** توخوا مامۆستا ئەمە قسەیە، فەرموو، لە خزمەتتاندام.

**مامۆستا:** لە خزمەتمدای (جۆرە پریشکێک لە چاوانییەوە دەردێت و بە جووڵەیەک پریشکەکە دەکوژێنێتەوە).

ئای کیژۆڵەکەی خۆم، من لە خزمەتتدام، من خزمەتکاری تۆم.

**قوتابی:** نا مامۆستا، توخوا وا مەڵێ.

**مامۆستا:** ئەگەر حەز بکەی، کەواتە، ئێمە، ئێمە، لەبارەی زانیارییەکانی رابردوو و ئێستاش، تاقیکردنەوەیەکی بچووکت دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم رێگایەک بدۆزمەوە لە پێناو ئەوەی داهاتووت مسۆگەر کات. باشە، چ شتێک لەبارەی کۆکردنەوە دەزانی؟

**قوتابی:** بە راستی زانیارییەکانم گەلێ تەمومژاوین و ئەوەی دەیزانم تیکەڵوپێکەڵەیییەکە.

**مامۆستا:** باشە، دەبا بزانین چۆنە.

(دەستەکانی هەڵدەگلۆفێت، کارەکەرەکە دێتە ژوورەوە، پێی دەچێت، سەغڵەتی بۆ مامۆستا بنێتەوە، بەرەو کانتۆرەکە دەچێت، لە شتێک دەگەرێت، کەمێک خۆی دوا دەخات).

**مامۆستا:** ئەگەر ئارەزووت لێ بێت با هەندێ ژمارە و پێوان بخوێنین.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا، بێگومان هەر ئەمەم دەوێ.

**مامۆستا:** ئەمە زانستێکی نوێیە، زانستێکی هاوچەرخ و سەردەمانەیە، خۆی لە راستیدا مەنهەجێکە بۆ خۆی، وەک زانستیش، جۆرێکە لە پزیشکسازی.(بە کارەکەرەکە) ئەرێ ماری، چیت کرد تەواو نەبووی؟

**کارەکەر:** بەڵێ مامۆستا، لەگەنەکەم دۆزییەوە، هەر ئێستا دەڕۆم.

**مامۆستا:** خێراکە، دەی، تکایە بڕۆوە بۆ مەتبەخەکەت.

**کارەکەر:** بەڵێ مامۆستا، تەواو بوو. (دەرچوونیکی درۆزنانە).

**کارەکەر:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، وریابە، داوات لێ دەکەم هێمن و لەسەرخۆ بیت.

**مامۆستا:** ماری، چەنێ نابووتی، دەباشە دەی. دڵ لە دڵ مەدە.

**کارەکەر:** بەڵێ هەمیشە هەر وا دەڵێی.

**مامۆستا:** ئەم تانە و توانجانەت لێ قبوڵ ناکەم، باش شارەزای هەڵسوکەوتتم، رەفتارت باش شارەزام و جوان ئاگادارم، خۆ هەندە تەمەن شک دەبەم و ئەقڵم بە سەر ئەمەدا دەشکێت.

**کارەکەر:** بێگومان مامۆستا، چاکتر وایە بە ژمارەو پێوان دەستی پێ نەکەیت، ژمارە و پێوان ماندووبوونێکە بۆ خۆی، ژمارەو پێوان تووشی دەمار گرژیت دەکات.

**مامۆستا:** بۆ ئەم تەمەنەی من، نەخێر، پاشان تۆ لە چی خۆت هەڵدەقۆڵتێنیت ها، ئەمە کاری منە.

دەزانم چ دەکەم و چ ناکەم، ئێرە شوێنی تۆ نییە.

**کارەکەر:** باشە مامۆستا، دوایی نەڵێی پێی نەوتووم.

**مامۆستا:** ئاخر ماری! تۆ و ئامۆژگارییان وتووە!

**کارەکەر:** دەی با بە دڵی مامۆستا بێت.

(دەچێتە دەرەوە.)

**مامۆستا:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم کیژۆڵەکەم، بۆ ئەم راوەستانە بێمانایە، لێم ببوورە. هەمیشە لەوە دەترسێت کە زۆر خۆم ماندوو بکەم، زۆر بە تەنگی تەندروستیمەوە دێت.

**قوتابی:** مامۆستا، شایانی باس نییە. بەڵام ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت کە خۆشتانی دەوێ، بە تەنگتانەوە دێ، ئەمەش بۆ کارەکەرێک شتێکی دەگمەن و دانسقەیە.

**مامۆستا:** ئاخر زیادەڕەوی دەکات، ئەم هەموو ترسە بێمانایەی پێ

ناوێ. دەی با بگەڕێینەوە سەر هەمان تاسوحەمامەکەی جارانمان، مەبەستم لە ژمارە و پێوانەکەیە.

**قوتابی:** فەرموو ماموٚستا گوێم لێتانە.

**ماموٚستا:** (بە نەرمونیانییەوە)

هەر بە دانیشتنیشەوە!

**قوتابی:** (وشەی نەرمونیانی بە دڵ دەبێت.)

بەڕێز، هەر وەکو جەنابت.

**ماموٚستا:** دەباشە، با هەندێ بژمێرین.

**قوتابی:** بەڵێ فەرموو، گوێم لێتە.

**ماموٚستا:** ئەرێ خۆ تووشی جارسی نابیت ئەگەر بێتو هینم پێ بلێیت.

**قوتابی:** هەرگیز ماموٚستا، فەرموو.

**ماموٚستا:** یەک و یەک دەکەنە چەند؟

**قوتابی:** یەک و یەک دەکەنە دوو.

**ماموٚستا:** (بە زانیارییەکەی قوتابییەکە تووشی سەرسوڕمان دێت.)

هەی ئافەرین، زۆرباشە، وای پێ دەچێت لە دەور و دەرز وریاو پێشکەوتوو بیت. زۆر بە ئاسانیش تێکرای دوکتۆرات دەسگیر دەبێت.

**قوتابی:** بە راستی گەلێک دڵخۆشم، هەندەی تر دڵخۆشم کە جەنابت وانەم پێ دەڵێی.

**ماموٚستا:** با هەندێ بەرەو هەورازتر بکشێین، ئەی یەک و دوو دەکەنە چەند؟

**قوتابی:** سێ.

**مامۆستا:** سێ و یەک؟

**قوتابی:** چوار.

**مامۆستا:** چوار و یەک؟

**قوتابی:** پێنج.

**مامۆستا:** پێنج و یەک؟

**قوتابی:** شەش.

**مامۆستا:** شەش و یەک؟

**قوتابی:** حەوت.

**مامۆستا:** حەوت و یەک؟

**قوتابی:** هەشت.

**مامۆستا:** حەوت و یەک؟

**قوتابی:** هەشت... دووبارە.

**مامۆستا:** وەڵامێکی مەزبووتە، حەوت و یەک؟

**قوتابی:** هەشت، سێ بارە.

**مامۆستا:** ئافەرین زۆر باشە حەوت و یەک؟

**قوتابی:** هەشت، چوار بارە هەندێ جاریش دەکاتە نۆ.

**مامۆستا:** دەستخۆش تۆ چەلەنگیت و پیرۆزباییەکی گەرموگوڕت لێ دەکەم. پێویست بە بەردەوامی ناکات، لەبارەی کۆ، تۆ زۆر بلیمەتی؛ با لەبارەی دەرهێنان شتێک بخوێنین. پێم بڵێ، بەمەرجێک ماندووت نەکات، سێ لە چوار دەربهێنین چەند دەمێنێتەوە؟

**قوتابی:** سێ ناقیس چوار.. سێ ناقیس چوار؟

**مامۆستا:** بەڵێ مەبەستم سێ لە چوار دەرهێنین چەند دەمێنێتەوە.

**قوتابی:** دەکاتە حەوت؟

**مامۆستا:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم، هاوڕات نیم، سێ لە چوار دەرهێنین ناکاتە حەوت. کۆ و دەرهێنان تێکەڵ دەکەیت. چوار و سێ دەکاتە حەوت، بەڵام، سێ لە چوار دەرهێنین ناکاتە حەوت، خۆ ئەمە کۆکردنەوە نییە، پێویستە لە یەکتریان دەربهێنین.

قوتابیی: (هەوڵ دەدات لە مەبەستی مامۆستاکە بگات.)

بەڵێ بەڵێ.

**مامۆستا:** سێ لە چوار دەرهێنیت، چەند دەمێنێتەوە، چەند؟

**قوتابی:** چوار.

**مامۆستا:** نەخێر، ئەوەندە ناکات.

**قوتابی:** کەواتە دەکاتە سێ.

**مامۆستا:** نەخێر، ببوورە، پێویستە بڵێم، خۆ هەندە ناهێنێت بۆ ئەوەی داوای لێبووردنت لێ بکەم.

**قوتابی:** سێ لە چوار دەرهێنیت، سێ لە چوار دەرهێنیت، سێ لە چوار دەرهێنیت، خۆ ناکاتە دەش؟

**مامۆستا:** بێگومان نەخێر، خۆ ئەمە مەتەڵ و حەتەڵ نییە، ئەمە بە مەزندە حەل نابێت، دەبێت بیری لێ بکەیتەوە، با پێکەوە حەلی بکەین، فەرموو، دەی بژمێرە؟

**قوتابی:** باشە مامۆستا، یەک دوو و ئۆی.

**مامۆستا:** خۆ ژماردن دەزانیت، دەتوانیت تا چەند بژمێریت؟

**قوتابی:** دەتوانم هەتاهەتا بژمێرم.

**مامۆستا:** ئیمکانی نییە.

**قوتابی:** دەی، کەواتە تا شانزدەم بۆ بژمێرە؟

**مامۆستا:** دەی ئەوەندە بەسە، پێویستە سنوور و حەدێکی بۆ دانێن، تکایە، کەواتە با دەست بکەینەوە بە ژماردن.

**قوتابی:** یەک.. دوو، دوا بە دوای دووش سێیە و پاشان چوار.

**مامۆستا:** راوەستە کیژۆڵە، سێ و چوار، کامیان زۆرترە؟

**قوتابی:** ئەم سێ یا چوار کامیان زۆرترە، کامیان، لە سێ یا لە چوار زۆرتر، ئاخر زۆرتر بە مەبەستی چی؟

**مامۆستا:** هەندێ ژمارە هەن بچووکن، هەندێ ژمارە گەورەن، لە ژمارەی گەورەدا یەکەی زۆرتر هەیە وەک لە ژمارەی بچووک.

**قوتابی:** وەک لە ژمارە بچووکەکان؟

**مامۆستا:** بەلایەنی کەمەوە ژمارە بچووکەکان یەکەی بچووکتریان تێدایە. ئەگەر بێتو زۆریش بچووک بوون، پێی دەچێت، یەکەی زۆر لە ژمارە بچووکەکاندا بێت وەک لە گەورەکان... ئەگەر یەکەی ترمان مەبەست بێت.

**قوتابی:** لەم حاڵەتەدا، ژمارە بچووکەکان دەتوانن لە ژمارە گەورەکان گەورەتر بن؟

**مامۆستا:** با واز لەمە بهێنین، ئەمە لە مەسەلەکە زۆر دوورمان دەخاتەوە، دەبێ بزانین تەنیا ژمارەمان نییە، گەورەمان هەیە، ئەنجاممان هەیە، گرووپمان هەیە، گەلێ شتمان هەیە. هەر بۆ نموونە گێلاسمان هەیە، فارغۆنمان هەیە، قازمان هەیە، توومان

هەیە و هتد... با وا دابنێین تەنیا ژمارەی لەیەکچوو هەن، بۆ ئەوەی کارەکەمان ئاسان بێت، ژمارە گەورەکان ئەوانەن کە یەکەی یەکسانیان هەیە.

**قوتابی:** ئەوەی زۆری هەبێت، ئەوە لە هەموویان گەورەترە، نا نا، تێگەیشتم ماموستا، جەنابتان چلۆنایەتی بە چەندایەتی دەناسنەوە.

**مامۆستا:** ئەمە گەلێ تیۆرییە، گەلێ تیۆرییە، بۆ ئەمەیان دڵ لە دڵ مەدە، با نموونەیەکی خۆمان وەرگرین، بە شێوەیەکی وردیش لێکی بدەینەوە؛ سەرەنجامی گشتی بۆ دوایی بهێڵینەوە. ئێمە ژمارەی چوار و سێمان هەیە و بۆ هەریەکەیان هەمیشە یەکەی یەکسان هەن. چ ژمارەیەک گەورەترە؟ ژمارەی هەرە بچووک یا ژمارەی هەرە گەورە؟

**قوتابی:** مامۆستا داوای لێبووردنت لێ دەکەم، مەبەستت چییە لە ژمارەی هەرە گەورە ئایا ئەو ژمارەیە کە لەوی تر بچووکترە؟

**مامۆستا:** ئافەرین خۆیەتی زۆر بە باشی لێم حاڵی بووی.

**قوتابی:** کەواتە چوارە؟

**مامۆستا:** چوار چییەتی؟ گەورەترە یا بچووکترە؟

**قوتابی:** بچووکترە، نا گەورەترە.

**مامۆستا:** وەڵامێکی بلیمەتانەیە، لە سێیەوە بۆ چوار چەند یەکە هەن؟ یا لە چوارەوە بۆ سێ، هەر وەکو تۆ بتەوێ با وابێت؟

**قوتابی:** ئاخر مامۆستا لە نێوان سێ و چواردا یەک نییە، چوار یەکسەر لە دوای سێیەوە دێت، لەنێو سێ و چواردا هیچ نییە.

**مامۆستا:** وا بزانم بە سەهوو خۆم لێکدایەوە، بێگومان هەڵەی خۆم بوو، روون نەبووم.

**قوتابی:** نا نا مامۆستا، هەڵە هەڵەی من بوو.

**مامۆستا:** بگرە، ئەمە سێ دەنکە شخاتەیە، ئەمیش یەکێکی تر، جوانە! بڕوانە، ئێستا چوار دەنکە شخاتەت هەیە و وا یەکێکی لێ دەردەهێنم، کەواتە چەند دەمینێتەوە؟

(دەنکە شخاتە نابینین. مامۆستا هەڵدەستێ و دەچێتە بەردەم تەختەڕەشێکی نادیار و بە تەباشیرێکی نادیارو هتد.)

**قوتابی:** پێنج، ئەگەر سێ و یەک بکەنە چوار دیارە چوار و یەکیش دەکەنە پێنج.

**مامۆستا:** نەخێر، وانییە، هەرگیز وانییە، تۆ هەمیشە، هەر خەریکی کۆکردنەوەی. پێویستە تەرحیش بکەیت. نابێت تەنیا هەر فێری گردکردنەوە بیت، پێویستە فێری لێکترازاندنیش بیت، ژیان وایە، فەلسەفەی ژیان وایە، ئەمە زانستیشی پێ دەڵێن، ئا ئەمەیە پێشکەوتن و شارستانییەت.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** با بگەڕێینەوە سەر دەنکە شخاتەکەی خۆمان، کەواتە چوارم هەیە، خۆ دەبینی چوارن، وا یەکێکی لێ دەردەهێنم، ئێستا چەندی لێ دەمێنێتەوە، چەند؟

**قوتابی:** مامۆستا، نازانم.

**مامۆستا:** دەی بیر بکەرەوە، دەزانم ئاسان نییە، بەڵام خۆ تۆ هەندە رۆشنبیری شک دەبەیت، تاکو بتوانی تەقەلایەکی زیهنی بدەیت

و تێبگەی، دەی کەواتە با بزانین؟

**قوتابی:** ناتوانم مامۆستا، نازانم مامۆستا.

**مامۆستا:** با نموونەیەکی ئاسانترت بۆ بهێنمەوە، گریمان دوو لووتت هەیە و یەکێکی دەرهێنین، چەند لووتت بۆ دەمێنیتەوە؟

**قوتابی:** هیچ.

**مامۆستا:** چۆن هیچ؟

**قوتابی:** ئێ! لەبەرئەوەی جەنابت هیچت دەرنەهێنا، حاڵی حازر لووتێکم هەیە و بەس، ئەگەر دەرتبهێنابایە، ئەوە لووتم نەدەما.

**مامۆستا:** لە نموونەکەی من تێ نەگەیشتی، گریمان تۆ تەنیا گوێیەکت هەیە.

**قوتابی:** ئێ! باشە.

**مامۆستا:** وا یەکێکی بۆ زیاد دەکەم، دەبنە چەند؟

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** زۆر جوانە، یەکێکی ترت بۆ زیاد دەکەم، دەبنە چەند؟

**قوتابی:** سێ گوێ.

**مامۆستا:** ئەوە یەکێکی لێ دەردەهێنم، چەند دەمینێتەوە، چەند گوێت دەمینێتەوە؟

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** نەخێر! دووانت هەن، یەکێکیان دەردەهێنم، یەکێکیان دەخۆم، چەند دەمێنێتەوە؟

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** یەک.

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** یەک!

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** یەک!!

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** یەک!!

**قوتابی:** دوو.

**مامۆستا:** یەک!!!

**قوتابی:** دوو!!

**مامۆستا:** نەخێر، نا، وا نییە، نموونەکە نموونەیەکی گونجاو نییە، دە گوێ گرە.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** هەمە هەمە هەمە.

**قوتابی:** دە پەنجەم هەیە.

**مامۆستا:** باشە، جوانە، چاکە، کەواتە دە پەنجەت هەیە.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** ئەگەر پێنج پەنجەت هەبووایە، چەندت دەبوو؟

**قوتابی:** دە، مامۆستا.

**مامۆستا:** وا نییە.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** پێت دەڵێم نا.

**قوتابی**: ئاخر مامۆستا، هەر ئێستا پێت وتم کە دە پەنجەم هەیە.

**مامۆستا**: ئاخر دواتر، وتم دە پەنجەت هەیە!

**قوتابی**: پێنج پەنجەم نییە، دە پەنجەم هەیە.

**مامۆستا**: با بە شێوەیەکی تر بۆ ئەم مەسەلەیە بچین، با لە رادەی ژمارە پێنج بوەستین، بۆ کێشەی تەرح چاوەڕێ کە، هەر ئێستا تێدەگەی، هەر ئیستا حاڵیت دەکەم.

(مامۆستا لەسەر تەختەڕەشێکی خەیاڵی دەنووسێت و لە قوتابییەکە نزیک دەبێتەوە و قوتابییەکەش ئاوڕ دەداتەوە تاکو تەختەڕەشەکە ببینی.)

(خۆی وا نیشان دەدات کە وێنەی تەختەڕەشێک دەکێشێت و هێڵێک دەکێشێت وەکو ئەوەی ژمارەی یەکی لە ژێر بنووسێت، دوو هێڵ، ژمارەی دووی لە ژێر دەنووسێت، سێ هێڵ و ژمارەی سێی لە ژێر دەنووسێت، پاشان چوار هێڵ و ژمارەی چواری لە ژێر دەنووسێت.)

**مامۆستا**: دەبینی؟

**قوتابی**: بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا**: ئا ئەمانە هێڵن کیژۆڵە، هێڵ؛ ئەمە هێڵێک، لەوێ دوو هێڵ و لەولاتریش سێ هێڵ و دوورتریش چوار هێڵ و پاشانیش پێنج هێڵ. یەک هێڵ، دوو هێڵ سێ هێڵ، چوار هێڵ، پێنج هێڵ.

ئەمانە ژمارەن و هەر هێڵێکیش یەکەیە کیژۆڵەکەی خۆم، چیم پێ وتی، ها؟

**مامۆستا**: یا ژمارەن! یا نمرەن! یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، ئەمانە

تۆخمی ژماردنن کیژۆڵەکەم.

**قوتابی:** (بە دوودڵییەوە.)

بەڵێ مامۆستا. تۆخمەکان، ژمارەکان هێڵن، یەکەکان و نمرەکان.

**مامۆستا:** پێکەوە... یانی لە کۆتاییدا، سەرجەمی ژمارەو پێوان ئەمەیە و بەس.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا، باشە مامۆستا، سوپاست دەکەم مامۆستا.

**مامۆستا:** کەواتە ئەگەر حەز دەکەی سوود لەم تۆخمانە وەرگرەو بژمێرە و کۆبکەرەوە و تەرح کە.

**قوتابی:** (هەروەکو ئەوەی هەوڵی لەبەرکردنی بدات.)

هێڵەکان ژمارەن و نومرەکانیش یەکەن؟

**مامۆستا:** همم، کەواتە ئەگەر بمانەوێت؟

**قوتابی:** دەتوانین دوو یەکە لە سێ یەکە دەربهێنین، بەڵام ئایا دەتوانین دوو دوو لە سێ سێ دەربهێنین، دوو ژمارەش لە چوار نمرە و سێ نمرەش لە یەک یەکە.

**مامۆستا:** نەخێر.

**قوتابی:** بۆچی مامۆستا.

**مامۆستا:** چونکە کیژۆڵەکەی خۆم.

**قوتابی:** بۆ مامۆستا، چونکە ئەمانە خۆیان هەر هەمان شتن؟

**مامۆستا:** بەڵام ئاوا راڤە ناکرێت، ئەمە بەلێکدانەوەی ماتماتیکییانەی ناخ لێک دەدرێتەوە، جا ئایا ئەم لێکدانەوەیە شک دەبەین یا نە.

**قوتابی:** قەی ناکا.

**مامۆستا:** گوێ گره، ئەگەر بە جۆرێکی قووڵ ئەم پرەنسیپانە تێ نەگەیت، ئەم مۆدێلە حیسابییانە نەزانیت، ئەوە هەرگیز ناتوانی کاری تەکنیکی بکەیت. لە هەمان کاتیشدا وانەت لە قوتابخانەی تەکنەلۆجیدا پێ رەوا نابینن... تەنانەت لە قوتابخانەی دایکانەی بالآش... دەزانم ئەمە ئاسان نییە، گەلێ موجەرەدە... ئاشکرایە... بەڵام چۆن دەتوانی بە شێوەیەکی زیهنی توانای ژماردنت هەبێت، پێش ئەوەی ئەم توخمە سەرەکییانە هەرس بکەیت، ئا ئەمانە بۆ ئەندازیارێکی مامناوەندی شتی زۆر سەرەکین. بۆ نموونە سێ ملیار و حەوتسەد و پەنجا ملیۆن و نۆسەد و نەوەد و هەشت هەزار و دووسەد و پەنجا و یەک لە پێنج ملیار و سەد و شەست و دوو ملیۆن و سێسەد و سێ هەزار و پێنجسەد و هەشت بدرێت، دەکەنە چەند؟

**قوتابی:** (بە خێراییەوە.)

دەکاتە نۆزدە کانتیلۆن و سێسەد و نەوەت کادرلیۆن و دوو ترلیۆن و هەشتسەد و چل و چوار ملیار و دووسەد و نۆزدە ملیۆن و سەد و شەست و چوار هەزار و پێنجسەد و هەشت.

**مامۆستا:** (بە واقوڕمانەوە.)

نەخێر بڕوا ناکەم. دەکاتە نۆزدە کانتیلۆن و سێسەد و نەوەت کادرلیلۆن و دوو ترلیۆن و هەشتسەد و چل و چوار ملیار و دووسەد و نۆزدە ملیۆن و سەد و شەست و چوار هەزارو پێنجسەد و نۆ.

**قوتابی:** نەخێر پێنجسەد و هەشت.

**مامۆستا:** (بە واقوڕمانی زیاترەوە، بە زیهن خەریکی لێکدانەوەیە.)

بەڵێ راست دەکەی، ئەنجامەکەت دروستە. (دەست بە منگەمنگ دەکات) کاتیلۆن کادریلۆن تریلۆن ملیار، ملیۆن (منگەمنگ زیاتر) سەد و شەست و چوار هەزار و پێنجسەد و هەشت (حەپەساو) چۆن زانیت بەبێ ئەوەی پرەنسیپی ژماردن بزانیت؟

**قوتابی:** ئاسانە، گومان لە لێکدانەوەی من ناکرێت، هەموو ئەنجامە گونجاوەکانی لێکدانم هەر وەکو ئاو لەبەرە.

**مامۆستا:** زۆر جوانە، لەگەڵ ئەمەشدا بوارم دەدەیتێ، شتێکت لەلا بدرکێنم، هێشتا لێت رازی نیم. کاتی ئافەرین نییە، ئەوەی لە ژمارەو پێوان حسێبی بۆ دەکرێت، ئەوەیە کە لە ژمارەو پێواندا، پێویستە، هەمیشە بژمێری، ئەوەی حیسابی بۆ دەکرێت، تێگەیشتنە... پشتبەستن بە لێکدانەوەی ماتماتیکییانە، بە ئیستینبات و بە ئیستیقراکردن پێکەوە، دەبوایە بگەیشتیتایە ئەنجامەکە و بۆ ئەنجامی تریش هەر هەمان شت پەیرەوی بکەیت. ماتماتیک دوژمنی هەرە گەورەی زاکیرەیە، لەلایەکەوە گەلێ باشە بەڵام زیانبەخشیشە. بە ژمارەو پێوان دڵخۆش نیم، کەواتە بە هیچ جۆرێک باش نییە.

**قوتابی:** (بە غەمناکییەوە) نەخێر، مامۆستا.

**مامۆستا:** با بۆ تاوێک واز لەمەیان بهێنین. لە جۆرە کێشەیەکی تر بدوێین.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**کارەکەر:** (بە قسەکردنەوە دێتە ژوورێ.)

ما...ما... مامۆستا

**مامۆستا:** (گوێی لێ نییە.)

به داخەوە لە ماتماتیکی تایبەتی هەندە پێش نەکەوتووی.

**کارەکەر:** (قۆڵی رادەکێشێ.)

مامۆستا، مامۆستا!

**مامۆستا:** لەوە دەترسم کە نەتوانی خۆت بۆ تاقیکردنەوەکانی تێکڕای دوکتۆرا ئامادە بکەیت.

**قوتابی:** ئەرێ بە راست، بە داخەوە مامۆستا.

**مامۆستا:** بە لایەنی کەمەوە ئەگەر هاتوو (لەگەڵ کارەکەرەکە) وازی لێ بهێنە ماری، خۆت لە چی هەڵدەقوڵێنی. بگەڕێوە بۆ مەتبەخەکەت، بڕۆرەوە لای قاپوقاچەغەکانت، دەی دەی. (لەگەڵ قوتابی) هەوڵی ئەوە دەدەین بە لایەنی کەمەوە بتوانیت بەشێکی دوکتۆراکەت ئامادە بکەیت.

**کارەکەر:** مامۆستا، مامۆستا.

(قۆڵی رادەکێشێت.)

**مامۆستا:** (لەگەڵ کارەکەر.)

بەرم دە، بەرم دە، ئەمە چییە (لەگەڵ قوتابی) کەواتە دەبێت وانەت پێ بڵێمەوە، ئەگەر لەسەر ئەوە سووری خۆت بۆ بەشێکی دوکتۆراکەت ئامادە بکەیت.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** توخمە زمانەوانییەکان و فیلۆلۆجیی بەراوردکاری.

**کارەکەر:** نا مامۆستا نا، پێویست بە ئەمە ناکات.

**مامۆستا:** ماری درێژدادڕی بەسە!

**کارەکەر:** مامۆستا هەموو شتێک فیلۆلۆجیا، نا فیلۆلۆجیا، بەرەو

هەلاکەتت دەبا.

**قوتابی:** (بەواقوڕمانەوە.)

بەرەو خراپەت دەبات، (بە زەردەخەنەیەکی کەمێک گێلانەوە) ئەمەش حیکایەتێکە.

**مامۆستا:** (لەگەڵ کارەکەر.)

ئەمەیان نا! دەرچۆرە دەرەوە!

**کارەکەر:** باشە مامۆستا، پاشان نەڵێی پێی نەوتم. ئەوە خۆ ئاگادارم کردیتەوە.

فیلۆلۆجی بەرەو کارەسات و هەلاکەتت دەبا.

**مامۆستا:** ماری، من پیاوێکم بۆ خۆم ماری!

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**کارەکەر:** کەیفی خۆتە! (دەچێتە دەرەوە.)

**مامۆستا:** با بەردەوام بین کیژۆڵەکەی خۆم.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** کەواتە رجا و تکات لێ دەکەم، بە باشی گوێ گرە، ئامادەی..

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** لە شازدە دەقەدا، پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی فیلۆلۆجی زمانەوانی و بەراوردکاری زمانە نیو-ئیسپانییەکانت فێردەکەم.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا، نااا!

(بە مست دەکێشێتە ناو مشتی خۆی.)

**مامۆستا:** (بە زەبروزەنگەوە)

ئەوە بێدەنگی! ئا ئەمەیان یانی چی؟

**قوتابی:** ببوورە مامۆستا.

(بە هێواشی دەستەکانی دەخاتەوە سەر مێزەکە)

**مامۆستا:** بێدەنگی!

(هەڵدەستێتە سەرپێ و بە ژوورەکەدا هاموشۆ دەکات، هەردوو دەستی لە پشتی و جارناجارێکیش لە ناوەندی ژوورەکە رادەوەستێت، یا ئەوەتە لە نزیک قوتابییەکە رادەوەستێت. بۆ ئەوەی هێز و گوڕ بداتە قسەکانی، دەستەکانی دەجووڵێنێتەوە، سنگ هەڵکێش و مەغروور، بەڵام زۆریش نا، قوتابییەکە هەر بە چاو دوای دەکەوێت، ئەم کارەش بە زەحمەت ئەنجام دەدات، چونکە دەبێت سەری بە تەواوی بەرەو دواوە وەرچەرخێنێت بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدات؛ تەنیا یەک دوو جار دەتوانێت بە تەواوی ئاوڕ بداتەوە.)

ئا بەمجۆرە، ئیسپانی دایکی زمانە، هەموو زمانە نیو-ئیسپانییەکانی لێوە زاوە، وەکو ئیسپانی خودی خۆی، لاتینی، ئیتاڵی، فرەنسییەکەی خۆمان، پوتورغالی، رۆمانی و ساردینی، یا سارداناپل ئیسپانی و نیو-ئیسپانی، هەروەها سەبارەت بە چەند خەسڵەتێک، هەرچەندە تورکی کە خۆشی لە یۆنانییەوە نزیکە، خۆ ئەمەش گەلێ لۆجیکە، لەبەرئەوەی تورکیا هاوسێی یۆنانە و یۆنانیش لە تورکیاوە نزیکە، هەر وەکو من و تۆ چۆن لە یەکترییەوە نزیکین ئەوها ئەوانیش لە یەکترییەوە نزیکن، ئەمە تەنیا روونکردنەوەیەکی یاسا و دەستووری زمانەوانیی گەلێ گرینگە، سەبارەت بەم یاسا و دەستوورانەش، جوگرافیا و

فیلۆلۆجی دوو خوشکی جمکانەی یەکترین. کچم ئەم تێبینییانە
لای خۆت تۆمار کە و بیاننووسە.

**قوتابی:** (بە دەنگێکی کز و کوژاوەوە.)

بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** ئەوەی زمانی نیو-ئیسپانییەکان لەیەک جودا دەکاتەوە و وێڕای ئیدیۆمی گرووپە زمانەوانییەکانی تر، ئەمەش نموونەی گرووپە نەمساوییەکانە و نیو-نەمساوییەکان، یا ئابسبورگی، هەروەها گرووپی ئیسپیرانتیست، هێکڤێتیک مەدەغەشقەری سویسری ئەندرۆیان باسک پۆلۆت، هەروەها هەموو گرووپە زمانە دیپلۆماسییەکان و تەکنیکییەکان ئەوەی لە یەکتر جودایان دەکاتەوە، ئەوەی لە یەکتر جودایان دەکاتەوە، ئەوە ئەو لەیەکچوونەیە کە زۆر بە زەحمەت دەتوانین لە یەکتریان جودا بکەینەوە، ئەویش هەر لەبەر هۆی کارەکتەرە جوداوازەکانیانە کە نموونەی لەیەکچوونێکی رەها و بێ سوود رەچەڵەکەکانیان بە باشی روون دەکاتەوە. هەروەها لە هەمان کاتیشدا لە یەکتر جودایان دەکاتەوە، بە هۆی ئەو کارەکتەرە جوداخوازییانەی کە لەوەوپێش باسم کردن.

**قوتابی:** ئۆۆ، بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** با خۆمان زۆر بە گشتییەتەوە خەریک نەکەین.

قوتابی (بە پەشیمانییەوە.)

ئۆی مامۆستا.

**مامۆستا:** پێی دەچێت ئەمە گەلێ سوودبەخش بێت بۆت، لەوە چاکتر.

**قوتابی:** ئۆی! بەڵێێێ ماموٚستا.

**ماموٚستا:** دڵ لە دڵ مەدە، کەمێکی تر، دەگەڕێینەوە بوٚی، رەنگە هەرگیز، کەس نازانێت؟

**قوتابی:** (دڵخوٚشە سەرەڕای هەموو شتێک.)

ئۆ بەڵێ ماموٚستا.

**ماموٚستا:** هەموو زمانێک، کیژوٚڵە، دەبێ ئەوە بزانن، ئەمە هەمیشە، تا ساتەوەختی مردن بیهێنەوە یادت...

**قوتابی:** ئۆ! بەڵێ ماموٚستا، تا ساتەوەختی مردن... بەڵێ ماموٚستا...

**ماموٚستا:** ... ئەمە پرەنسیپێکی بنەڕەتییە، هەموو زمانێک لە کوٚتاییدا تەنیا شێوە زمانێکە[1] چونکە هەموو هەر لە دەنگ پێکهاتوون، یا..

**قوتابی:** لە فوٚنیم.

**ماموٚستا:** هەر وەخت بوو خوٚم بیڵێم کچم، زانیارییەکانت وا بە خوٚڕایی رۆ مەکە، گوێ گرە زیاتر.

**قوتابی:** باشە ماموٚستا بەڵێ ماموٚستا.

**ماموٚستا:** پێویستە دەنگ هەر لە هەوادا بە باڵەکانیان بگیرێن، تاکو نەکەونە گوێی خەڵکانی کەڕەوە، سەرەنجامیش، کاتێک بڕیاری لەفزکردن دەدەین، وا پێویست دەکات کە بە پێی توانا مل و

---

١. لە زمانی فرەنسی (langage) بەکار هێنراوە جیاوازیی لەگەڵ (langue)دا هەروەکو سوسوير ئاماژەی بوٚ دەکات دووەمیان لە سیستەمێکی موجەرەد پێکهاتووە و یەکەمیشیان خەسڵەتی هەموو مروٚڤێکە کە دەتوانێ زمان و ئاخاوتن بەکار بهێنێت. (وەرگێڕ)

چەناگـە بە باشـی بـەرز کـەینەوە، لەسـەر نووکی پەنجـەش خـۆ ڕاگرین. ئا بەمجۆرە، سەیرکە.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** بێدەنگ بە. دانیشە، قسەم پێ مەبڕە... بە دەنگی زۆر بەرز و پڕ بە هـێـزی سـینە و لەگـەڵ ژێی دەنگەکـان هاوجـووت کـە. ئا بەمـجـۆرە: سـەیر کـە: "پەپوولە"، "ئێروکـا"[٢] "ترافـالـکا"، "پاپی، پاپا". بەمـجـۆرە، دەنگە پڕ لە هەوای گـەرمـبـووەکان سـووکـتـر لە هەوای دەوروبەر، سـەمـا دەکـەن، سـەمـا دەکـەن و بـەبێ ئەوەی ترسـی ئەوەیان هەبێت بکەونە نێو گوێی کەڕانەوە کە قووڵـترین خـەڕەنـدن، گـۆڕی دەنگەکـانن. ئەگـەر بێـتـو چەند دەنگێک بە خێرایییـەکی تـیژتر ئەنجـام بدەیت، ئەم دەنگانـە بە شـێـوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی یـەک خـۆی بە ئەوی تـرەوە دەگـرێت، بەم شـێـوەیە بڕگـە پێک دەهـێنن، وشـە پێک دەهێنن، تـەنانـەت رسـتـەش، واتە لێک گـیـرکـردنێکی کـەم تا زۆر گـرینگ، پێکەوەنووسـاندنی ناعـــەقـــڵانی تەواو، کـــە خـــاوەن هیـچ واتایەک نـین، هـەر لـەبەر ئەمـەش دەتوانن بەبێ ترس، لە بەرزاییـیەکانی نێو هەوادا، یەک خـۆی بە ئـەوی ترەوە بگرێت. تەنیـا ئەو وشـانـەی کـە خـاوەن واتان، بـەو واتایـانە قـورس بوونە و لـە کـۆتاییـشـدا شکست دەهێنن، هـەرەس دەهێنن و دەکەون...

---

٢. eureka واتە دۆزیمەوە. ئەم زاراوەیە پێوەندیی بەئەفسـانەکەی ئەرخـەمیدسـەوە هەیە کاتێک لەناو تەشتی حەمام دەبێت و تێبینیی ئەوە دەکات کە ئاو جەستە بەرەو سـەرەوە بـەرز دەکـاتەوە، ئەم دۆزینـەوەیە وای لێ دەکـات کـە دەست بە هـاوار بکات: دۆزیمـەوە، دۆزیمەوە. (وەرگێڕ)

**قوتابی:** .... ناو گوێی کەڕان.

**مامۆستا:** ئا راستە، بەڵام، قسەم مەبڕە، لە تێکەڵوپێکەڵکردنی ناپەلیار، با هەر وەکو دەبدەبە بتەقن، ئا، ئا بەمجۆرە کیژۆڵەکەم.

(لە پڕێکدا قوتابی هەست بە ئازار دەکات.)

چیتە؟

**قوتابی:** ددانم دەیەشێت مامۆستا.

**مامۆستا:** گرینگ نییە، بۆ شتێکی هەند بچووک پێویست ناکات رابوەستین، دەی با بەردەوام بین.

**قوتابی:** (پێی دەچێ ئازارەکەی پەرەبسێنێ.)

بەڵێ مامۆستا.

**مامۆستا:** سەرنجت بۆ ئەو پیتە بێدەنگانە رادەکێشم کە توانای لێکدانیان[3] هەیە واتە توانای ئیدغامیان هەیە. لەم حاڵەتەدا، "ف"کان دەبنە "ڤ"، "د"کان دەبنە "ت"، "گ"کان دەبنە "ک" بە پێچەوانەشەوە، هەر وەکو لەم نموونەیەی لای خوارەوە: "سەعات سێ منداڵان کەڵەبابی پەڕدار، چەرچفی نوێ، ئەمەش شەوە."

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** با بەردەوام بین.

---

٣. هەروەکو تێبینی دەکرێت، زمانی فرەنسیش وەکو زمانی عەرەبی خەسڵەتی ئیدغامکردنی هەیە. بە فرەنسی بە (laisions) نێوزەد دەکرێت، بەڵام لەم دیالۆگەدا بۆ مەبەستی تر بەکار هێنراوە کە پێوەندیی بە پیتی بزوێن و بێدەنگەوە هەیە، مەبەست لە پێوەندیی نێوان (ف) (ڤ)ە. (وەرگێڕ)

**قوتابی:** بەڵێ.

**مامۆستا:** با کورتی بکەینەوە، پێویستمان بە چەندین ساڵ دەبێت تاکو فێری تەلەفوز بین، گیانێکمان بە زانستە کە لە ماوەی چەند دەقیقەیەک فێری دەبین بۆ ئەوەی وشە یا دەنگ یا هەرچییەک بێت کە لە دەمەوە دەردێت، پێویستە بێبەزەییانە هەوا لە سینەوە دەرپەڕێنین. پاشان بە ناسکییەوە ڕەتی بکەین و بخشێنە سەر ژێی دەنگەکان، ئەو کاتە هەر وەکو گیتار، یا گەڵای دەم با، ورشەی درەخت دەجووڵێتەوە یا دەلەرێتەوە، یا بە فسی دەردەچێت، یا فششەی دێت، یا وشک دەبێت، یا بە زیقنی دەردەچێت و زمانە بچکۆڵە و زمان و مەڵاشوو و ددانەکان هەر هەمووی دەجووڵێنەوە.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:**.. لێوەکانیش.. دواجاریش، وشەکان لە لووتەوە دەردێن، لە دەمەوە، لە گوێوە، لە موولوولەکانی پێستیشەوە، تەنانەت هەموو ئەندامەکان لەگەڵ خۆیان رادەپێچن، ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن، رەگ هەڵکێشراوەکان، بە شێوەیەکی مەزن بەرەڵای دەکەن، ئەمەش لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر نییە، کە بە مەعموولی، بە دەنگ نێوزەدی دەکەین، لە شێوەی گۆرانی شیکل وەردەگرن، یا دەبنە گەردەلوولێکی سەمفۆنیای سامناک لەگەڵ دامودەستەیەک تایبەت..... دەسکە گوڵی هەمەچەشن، پیتی بزوێنی دەستکرد: دەنگە لێوییەکان، دەنگە دانییەکان، دەنگە داخراوەکان، مەڵاشوویییەکان و ئەوانی تر، هەندێ جار نەوازشئامێز و هەندێ جار توندوتیژ یا تفت و تاڵ.

**قوتابی:** بەڵێ مامۆستا، ددانەکانم ژان دەکەن.

**مامۆستا:** با بەردەوام بین بەردەوام. ئەوەی پێوەندیشی بە زمانە نیوژئیسپانییەکانەوە هەیە، خزمی نزیکی یەکترن، دەتوانین بە ئامۆزای راستەقینەی یەکتریان دابنێین. هەمان دایکیان هەیە: ئیسپانی لەگەڵ"یای بێدەنگ". هەر بۆیە، زەحمەتە لە یەکتریان جودا بکەینەوە، هەر بۆیە سوود بەخشیشە، بە شێوەیەکی راست لەفز بکرێن، لە هەڵەی لەفزکردن ئاگادار بین. تەنیا هەر لەفزکردنە کە نرخ دەداتە ئاخاوتن. لەفزکردنێکی نارێک و ناجۆرە، کێشەت بۆ دروست دەکات. بەم بۆنەیەوە، ئەگەر روخسەتم دەدەیتێ، لە ناو کەوانەیەکدا با یادەوەرییەکی شەخسی خۆمت بۆ بگێرمەوە. (هێور بوونەوەیەکی کەم. مامۆستا داڵغە دەیباتەوە، سیمای خاو دەبێتەوە، خێرا دێتەوە سەرخۆی).

هێشتا لاو بووم، هەر منداڵێک بووم بۆ خۆم. ئەو دەمەی کە خزمەتی سەربازیم دەکرد، لە فەوجەکەماندا هەڤاڵێکم هەبوو، ڤیکۆنت ناوێک. کێشەی لەفزکردنی هەبوو: نەیدەتوانی لەفزی "ف" بکات. لە جیاتیی ئەوەی بڵێت "ف" دەیوت "ف". هەر بەهەمان شێوە لە جیاتیی ئەوەی بیگوتایە: فافۆن لەناوتدا ئاو ناخۆمەوە. دەیوت فافۆن لەناوتدا ئاو ناخۆمەوە. لە جیاتیی ئەوەی بڵێت فوتبۆڵ، دەیگوت فوتبۆڵ، لە جیاتیی ئەوەی بڵێت فوتبۆڵ، دەیوت فوتبۆڵ، لە جیاتیی فاسولیا دەیگوت فاسولیا، لە جیاتیی فیلم دەیگوت فیلم، لە جیاتیی فیت فیتە، دەیگوت فیت فیتە، لە جیاتیی فتیلەکە بهێنن، دەیگوت فتیلەکە بهێنن، لە

جیاتیی فەرەنجی، دەیگوت فەرەنجی، لە جیاتیی فیفی، فۆن، فافا، دەیگوت فیفی، فۆن، فافا، فلیش. لە جیاتیی فیکتوار دەیگوت فیکتوار، لە جیاتیی فیفریێ دەیگوت فیفریێ، لە جیاتیی مارس ئەفریل دەیگوت مارس ئەفریل، لە جیاتیی ژیرار دوو نێرڤال دەیگوت ژیرار دوو نێرڤال، لە جیاتیی میرابۆ دەیوت میرابۆ لە هتد لە جیاتیی هتد، ئا بەم شێوەیە هتد لە جیاتیی ئا بەم شێوەیە هتد، بەڵام بەختێکی باشی هەبوو، ئەم درێوییەی بە شەپقەکانی دەشاردەوە کە هەستی پێ نەدەکرا.

**قوتابی:** بەڵێ، ددانەکانم ژان دەکەن.

**مامۆستا:** (لە پڕێکدا دەنگی دەگۆڕێ و دەنگی گڕ دەبێت.)

بەردەوام بین. سەرەتا با لەیەکچوونەکان دەستینشان کەین، بۆ ئەوەی دواجار باس لەو خاڵانە بکەین کە لە یەکتر جودایان دەکاتەوە. ئەم جوداوازییانە زۆر بە دەگمەن بۆ کەسانی نائاگا جودا دەکرێنەوە. بەم تەرحە، وشەی هەموو زمانەکان..

**قوتابی:** توخوا؟...ددانەکانم ژان دەکەن.

**مامۆستا:** دەی با بەردەوام بین. هەمیشە هەر هەمان شتن، هەروەها هەموو پاشگر و پێشگر و چاوگەکان و..

**قوتابی:** ئایا چاوگی وشەکان چوارگۆشەن؟

**مامۆستا:** چوارگۆشە یا شەشپاڵۆ، ئیعتیماد دەکات.

**قوتابی:** ددانەکانم دەیەشن.

**مامۆستا:** با بەردەوام بین. کەواتە، بۆ ئەوەی نموونەکەت بدەمێ تەنیا هەر لە پێناو روونکردنەوە، وشەی نێوچەوان وەرگرە...

**قوتابی:** بە چی وەری گرم؟

**مامۆستا:** بە هەر چییەک وەری دەگری وەری گرە، بەڵام قسەم پێ مەبڕە.

**قوتابی:** ددانەکانم ژان دەکەن.

**مامۆستا:** با بەردەوام بین، وتم با بەردەوام بین و وشەی نێوچەوان وەرگرە. وەرتگرت؟

**قوتابی:** بەڵێ بەڵێ وەرمگرت، ددانەکانم ددانەکانم.

**مامۆستا:** وشەی "نێو" چاوگی "نێوچەوانە"، هەروەها لە وشەی نێوچەوانیشدا هەیە ناو پێشگرەو و چەوان-یش پاشگرە، بەمجۆرە ناوی دەبەن، چونکە ناگۆڕدرێن و نایانەوێت. دەی با بەردەوام بین، خێرا، ئەم پێشگرانە رەچەڵەکیان ئیسپانییە، هیوادارم تۆش هەستت بەمە کردبێت، وا نییە؟

**قوتابی:** ئای ددانم چەندێ ژان دەکات.

**مامۆستا:** با بەردەوام بین، هەستت بەوەش نەکرد کە لە زمانی فرەنسیدا ناگۆڕێن، باشە کیژۆڵەکەم.

هیچ شتێک نییە کە بتوانێت بیانگۆڕێت، نە لە لاتینی و نە لە ئیتاڵی و نە لە پورتوغالی و نە لە سارداناپلی و نە لە ساردناپل، نە لە رۆمانی نە لە نیو-ئیسپانی و نە لە ئیسپانی و، نە لە رۆژهەڵاتیش، نێوچەوان نێوچەوانە، هەموویان هەمان وشەن، هەمان چاوگن، هەمان پاشگر و هەمان پێشگر و هەمان شتن. بۆ هەموو وشەکان، هەمیشە هەر هەمان شتن.

**قوتابی:** لە هەموو زمانەکاندا، ئەم وشانە هەمان شت دەگەیەنن؟ ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** موتڵەقن. ئاخر چۆن شتێکی تر مومکینە؟ لە هەموو بارێکدا، هەمیشە هەمان مانات هەیە، هەمان پێکهاتە، هەمان بنەمای بزوێن. نەک تەنیا بە نیسبەت ئەم وشەیەوە، بەڵکو بە نیسبەت وشەی هەموو زمانێکەوە. چونکە هەمان چەمک بە یەک وشە و بە هەمان وشە و موورادیفەکانی، لە هەموو وڵاتاندا، گوزارشتی لێ دەکرێت. کەواتە واز لە ددانەکانت بهێنە.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.

**مامۆستا:** دە باشە، با بەردەوام بین. پێت دەڵێم با بەردەوام بین. بۆ نموونە بە فرەنسی چۆن: "گوڵەباغەکانی نەنکم زەردن هەر وەکو باپیرەم کە ئاسیایی بوو" لەفز دەکەی؟

**قوتابی:** ژان دەکات، ژان دەکات، ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** بەردەوام بین، بەردەوام بین دە تۆش هەر بڵێ.

**قوتابی:** بە فرەنسی؟

**مامۆستا:** بە فرەنسی؟

**قوتابی:** ئۆی بە فرەنسی چ بڵێم، گوڵەباغەکانی نەنکم..؟

**مامۆستا:** زەردن وەکو باپیرەم کە ئاسیایی بوو.

**قوتابی:** بە فرەنسی وابزانم دەڵێن گوڵەباغەکانی نەن... ئەرێ بە فرەنسی بە "نەنە" چی دەڵێن؟

**مامۆستا:** بە فرەنسی بە نەنە.

**قوتابی:** گوڵەباغەکانی نەنکم زەردن، بە فرەنسیش هەر دەڵێن زەرد؟

**مامۆستا:** بەڵێ بێگومان.

**قوتابی:** زەردن هەر وەکو باپیرەم کە تووڕە دەبوو.

**مامۆستا:** نا که ئاس.

**قوتابی:** یایی، ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** بەڵێ بەڵێ.

**قوتابی:** ژان دەکات.

**مامۆستا:** ددانەکانم، گوێی مەدەرێ، با بەردەوام بین، ئێستا ئەم رستەیە بە زمانی ئیسپانییە، پاشان وەری بگێڕە سەر زمانی نیو–ئیسپانی.

**قوتابی:** بە ئیسپانی دەبێتە "گوڵەباغەکانی نەنکم زەردن وەکو باپیرەم کە ئاسیایی بوو".

**مامۆستا:** هەڵەیە، هەڵەیە، ئەمە هەڵەیە، بە پێچەوانە وەرتگێڕا، تۆ ئیسپانی بە نیو–ئیسپانی تێدەگەیت و نیو–ئیسپانیش، نا نەخێر بە پێچەوانەوە.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات. لێت تێکچوو.

**مامۆستا:** تۆ لێت تێکدام. وریا بە و سەرنج و تێبینییەکان بنووسە. رستەکەت بە ئیسپانی پێ دەڵێم و پاشان بە نیو –ئیسپانی پاشانیش بە لاتینی و دوا بە دوای منیش دووبارەی بکەرەوە. ئاگادار بە، چونکە زۆر لەیەکچوونەکان پێک دەکەن. گوێ بگرە، باش گوێ بگرە.

**قوتابی:** ئازار..

**مامۆستا:** ددانەکانم.

**قوتابی:** بەردەوام بین باشە!

**مامۆستا:** بە ئیسپانی: گوڵەباغەکانی نەنکم زەردن هەروەکو باپیرەم

کە ئاسیایی بوو؛ بە لاتینیش: گوڵەباغەکانی نەنکم زەردن هەروەکو باپیرەم کە ئاسیایی بوو. ئایا هەست بە جوداوازییەکان دەکەیت؟ ئەمە تەرجەمەی...ڕۆمانی بکە.

**قوتابی:** گوو.. بە ڕۆمانی بە گوڵ چی دەڵێن؟

**مامۆستا:** گوڵ هەر گوڵە.

**قوتابی:** ئایا "گوڵی" پێ ناڵێن؟ ئای! چەندێ ددانەکانم ژان دەکات...

**مامۆستا:** نەخێر نەخێر، چونکە "گوڵ" تەرجەمەی ڕۆژهەڵاتی وشەی "گوڵ"ە بە فرەنسی، بە ئیسپانی، "گوڵ"ە، تێگەیشتی؟ بە سارداپلیش" گوڵ"ە.

**قوتابی:** مامۆستا، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، بەلام... ئای چەندی ددانم ژان دەکات... هەست بە جوداوازییەکان ناکەم.

**مامۆستا:** خۆ زۆر سادە و ئاسانە! زۆریش ئاسانە! بە مەرجێ تۆزقاڵێک ئەزموونتان هەبێت، ئەزموونێکی تەکنیکیانە و پراکتیکێکی ئەو جۆرە زمانانە، هەند جیاواز، تەنانەت تەنیا هەر خەسڵەتی لەیەکچوویان هەیە. هەوڵ دەدەم کلیلێکت بدەمێ...

**قوتابی:** ئازاری ددان..

**مامۆستا:** ئەوەی ئەم زمانانە لەیەک جودا دەکاتەوە، نە وشەن، کە لە هەموو زمانەکاندا هەر هەمان شتن، نە بنەمای ڕستەن کە دیسانەوە هەر هەمان شتن، نە مێلۆدی و ئاوازن کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، نە کێشی زمانەکانن، بەڵکو ئەوەی یەک لە یەکتر جیایان دەکاتەوە، گوێگرە؟

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** گوێم لێ دەگری؟ ها هەر ئێستا تووڕە دەبین.

**قوتابی:** مامۆستا، ئێوە ئێزعاجم دەکەن، ئاخر ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** نەفرەت لە دەڵە سەگی سمێڵدار بێت، دە گوێ گرن.

**قوتابی:** باشە دەی، بەڵێ، بەڵێ، فەرموو.

**مامۆستا:** ئەوەی یەک لەوی تر جیا دەکاتەوە، لەلایەکەوە لەگەڵ ئیسپانی بە (ی) بێدەنگ دەناسرێتەوە کە زمانی دایکە، لەلایەکی تریشەوە بە.

**قوتابی:** (بە چارە گرژییەوە)

بە چی..

**مامۆستا:** بە شتێک کە لە وەسف بەدەرە، شتێکە کە لە سەرووی وەسفکردنە، هەستی پێ ناکەین، تەنیا دوای کاتێکی زۆر نەبێت، دوای زەحمەتییەکی زۆر و ئەزموونێکی زۆرو..

**قوتابی:** ئا؟

**مامۆستا:** بەڵێ، هیچ جۆرە یاسایەکمان نییە، پێویستە بە بۆنکردن بیناسین، بە بۆنکردن و بەس، بۆ ئەوەی هەستی بۆنکردنیشمان بەهێز بکەین، پێویستە بخوێنین و بخوێنین و بخوێنین.

**قوتابی:** ئازاری ددان.

**مامۆستا:** تەنانەت چەند شتێکی حاڵەتێکی دیاریکراو بەدی دەکرێت کە وشەی زمانێک بۆ زمانێکی تر جوداوازن.... بەڵام ناتوانین زانیارییەکانمانی لەسەر دامەزرێنین، چونکە ئەم حاڵەتانە، حاڵەتی شازن، شاز و لاتەریک.

**قوتابی:** توخوا راسته؟ ئاها، مامۆستا، ئاخر ددانم ئازاری هەیە.

**مامۆستا:** قسەم پێ مەبڕە! تووڕەم مەکە! ئیتر وەڵامت نادەمەوە. باشە چیم دەگوت ها؟ بەڵێ حاڵاتی شاز.

بە خەسڵەتی ئاسان ناو دەبرێن، یا بە خەسڵەتی سووک و رەحەت، ئەگەر بتەوێ دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر ئارەزووت لێ بێت، چونکە وا هەست دەکەم گوێت لێم نییە.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** کەواتە دەڵێم: هەندێ دەستەواژە، لەوانەی کە ئاساییانە بەکاردێن، هەندێ وشە تەواو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، سەرەڕای ئەوەی کە زمانە بەکارهاتووەکە، لەم حاڵەتەدا، پێی دەچێت، ناسینەوەی ئاسان بێت. با نموونەیەکت بدەمێ، عیبارەتی نیو-ئیسپانی کە لە مەدرید بەناوبانگە: "نیشتمانەکەم نیو-ئیسپانییە" بە ئیتاڵی دەبێتە "نیشتمانەکەم....

**قوتابی:** نیو-ئیسپانییە."

**مامۆستا:** نەخێر! "نیشتمانەکەم ئیتاڵییە". کەواتە پێم بڵێ، بە شێوەیەکی ئیستینباتی ئاسان، بە فرەنسی بە ئیتاڵیا چی دەڵێی؟

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** خۆ گەلێک ئاسانە: بۆ وشەی ئیتاڵیا، بە فرەنسی وشەی فرەنسامان هەیە کە وەرگێڕانێکی پڕ بە پێستێتی. نیشتمانەکەم فرەنسایە. فرەنساش بە رۆژهەڵاتی: رۆژهەڵات! نیشتمانم رۆژهەڵاتە. رۆژهەڵاتیش بە پورتوغالی: پۆرتوغالە!

تەعبیریی رۆژهەڵاتانە: نیشتمانم رۆژهەڵاتە کە بەم شێوەیە تەرجەمەی پورتوغالی دەکرێت: نیشتمانەکەم پورتوغالە! ئیتر بەمجۆرە...

**قوتابی:** چاکە چاکە ئازاری هەیە.

**مامۆستا:** ددان! ددان! ددان!... هەر ئێستا، خۆم هەڵی دەکێشم! دەی نموونەیەکی تر. پایەتەخت، وشەی پایەتەخت بەرگی ئەو زمانە دەکاتە بەر کە قسەی پێ دەکرێت، مانایەکی تر وەردەگرێت. واتە ئەگەر بێتو ئیسپانییەک بڵێت: لە پایەتەخت دەژیم، وشەی پایەتەخت هەمان مانا ناگەیەنێت ئەگەر بێتو پورتوغالییەک هەمان رستە بڵێت: من لە پایەتەخت دەژیم. بۆیە، فرەنسییەک، نیو-ئیسپانییەک یا رۆمانییەک یا لاتینییەک یا سارداناپلییەک کاتێک... گوێت لێ دەبێت، کچم، کچم، من ئەمە بە تۆ دەڵێم! کەواتە تەڕەماش! هەر کاتێک کە گوێت لە تەعبیری: من لە پایەتەخت دەژیم، دەبێت، یەکسەر دەزانی کە ئەمە ئیسپانییە یا نیو-ئیسپانییە یا فرەنسییە یا رۆژهەڵاتییە یا رۆمانییە یا لاتینییە، چونکە هەندە بەسە بۆ ئەو کەسەی کە رستەکە دەڵێت بیر لەو پایەتەختە بکاتەوە کە مەبەستێتی...هەر لەو کاتەی کە لەفزی دەکات... بە راستی ئەمانە، تاقە نموونەی شیاون کە بتوانم بتدەمێ...

**قوتابی:** ئۆ، ئا ئەمەتە ددانەکانم...

**مامۆستا:** بێدەنگ! یا ئەوەتا کەللەت هەنجن هەنجن دەکەم!

**قوتابی:** دەی بیشکێنە! لووتبەرز!

مامۆستا. (مەچەکی دەگرێ و بای دەدا.)

**قوتابی:** ئای!

**مامۆستا:** کەواتە بێدەنگ، فززە نەکەیت!

**قوتابی:** (بە هەنسکدانەوە.)

ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** شتی هەرە... مەبەستم...نازانم چۆن بیڵێی؟...شتی هەرە...موفارەقەئامێز... بەڵێ... ئەمە بوو... شتی هەرە موفارەقەئامێز، ئەوەیە کە خەڵکێکی یەکجار زۆر بێ بەشن لەم هەموو زانیارییانەوە و زمانی جیاوازیش قسە دەکەن... گوێت لێمە؟ چیم وت؟

**قوتابی:**... زمانی جیاوازیش قسە دەکەن! چیم وت!

**مامۆستا:** بەختت هەبوو!... خەڵکی رەشورووت ئیسپانی قسە دەکەن، پڕی لە وشەی نیو–ئیسپانییە و ناشیشارنەوە، واش هەست دەکەن کە لاتینی قسە دەکەن... یا ئەوەتە لاتینی قسە دەکەن، پڕی وشەی رۆژهەڵاتییە، وا هەست دەکەن رۆمانی قسە دەکەن...یا یا ئیسپانی پڕی لە وشەی نیو–ئیسپانییە وا هەست دەکەن سارداناپۆلی قسە دەکەن، یا ئیسپانی... لێم تێ دەگەی؟

**قوتابی:** بەڵێ! بەڵێ! بەڵێ! لەمە زیاتر چیت دەوێ...؟

**مامۆستا:** مەغرووری مەنوێنە ناسکۆڵ، ئاگات لە خۆت بێت... (بە توورەییەوە) لەمەش خراپتر کیژۆڵە، بۆ نموونە هەندێ هەن، بە لاتینییەک دەدوێن، وا دەزانن ئیسپانییە، دەڵێن:"پێکەوە هەردوو گورچیلەم ژان دەکات"، ئەم رستەیە ئاراستەی فرەنسییەک دەکەن کە یەک دەنک ئیسپانی نازانێ؛ لەگەڵ ئەمەش، ئەویش هەر وەکو گوێی لە زمانی خۆی بووبێت، زۆر بە جوانی لێی تێ

دەگـات. تەنانەت وا دەزانـێ کە بـە زمـانـی خـۆی قـسـەی لەگـەڵ دەکەن. فرەنسییەکەش هەر بە فرەنسی وەڵام دەداتەوە: "منیش، بەڕێز، هەردوو گـورچیلەم ئازاری هەیە"، ئیـسـپـانییـەکە زۆر بە جـوانـی لێی تێ دەگـات، تەواو لەوە دڵنیـایە کـە بـە ئیـسـپـانی وەڵامـیـان داوەتـەوە و بـە ئیـسـپـانی قـسـەیان کـردووە... لە راسـتـیـشـدا، ئەمـە نە ئیـسـپـانییـە و نە فـرەنسـییـە، بەڵکو لاتینییەکی نیو–ئیسپانییانەیە... کەواتە، دان بە خۆتەوە بگرە کیژۆڵە، قاچەکانت مەجووڵێنەوە، پێ لە عەرزەکەش مەدە...

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** چۆن دەبێت ئاخـر، قسـە دەکـەن و بەبـێ ئەوەی بزانن بە چ زمـانێک قسـە دەکـەن، یا ئەوەتە لەو بڕوایەدان کە هەر کـەسـە و زمانێک قسـە دەکات، تەنانەت، خەڵکی ڕەشوڕووت لـەنێو خۆیان بە باشی لە یەکتر تێ دەگەن؟

**قوتابی:** منیش هەمان پرسیار لە خۆم دەکەم.

**مامۆستا:** کـورت و سـادە، ئەمـە یەکـێک لـە فـزوولیـیـەتـە لە وەسفبەدەرەکانی ئەمپێریسمی سادەی میللییە– ئەمە لەگەڵ ئەزموون تێکەڵی نەکەیت!– موفارەقەیەکە، جۆرە بێمانایییەکە، عاجیباتییەکی سروشتی ئینسانییە، ئەگەر تەنیا بە وشـەیەک تەعبیری لێ بکرێت، دەبێ بڵێین: غەریزەیە و بەس – ئەو خاوەن رۆڵە لەم بوارەدا.

**قوتابی:** بەڵێ، بەڵێ!

**مامۆستا:** لە جیاتیی ئەوەی سەیری هەڵفرینی ئەو مێشانە بکەیت، لە کـاتێکدا چ زەحـمـەتیـیـەک بە خـۆم دەم... چاکـتـرە تەقـەلایەک

بدەیت و وریاتر بیت... خۆ من خۆم بۆ تاقیکردنەوەی دوکتۆرای نیسبی ئامادە ناکەم... من کردم و دەرچووم... زۆر دەمێکە....تەنانەت تێکڕای دوکتۆراکەشم بەدەست هێنا و.... دیپلۆمی سەرووی تێکڕاییشم بەدەست هێنا.... ڕەنگە لەوە تێ نەگەی کە من چاکەی تۆم دەوێت؟

**قوتابی:** ئازاری ددان!

**مامۆستا:** هەی بێ تەربییەت... ئەمە نابێت بەمجۆرە دەرباز بیت... نابێت بەمجۆرە... نابێت نا....

**قوتابی:** من... گوێم... لێتە.

**مامۆستا:** ئاها! بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی فێری ئەوە بێت کە گشت ئەم زمانانە لەیەک جودا بکەیتەوە، وەکو پێم وتی هیچ شتێک لەوە چاکتر نییە کە دەبێت راهێنانی لەسەر بکەیت... با بە نۆرە پێیاندا بچینەوە. هەر ئێستا فێری ئەوەت دەکەم چۆن وشەی چەقۆ تەرجەمەی گشت ئەو زمانانە دەکرێت.

**قوتابی:** وەکو چۆن دەتانەوێت...سەرەڕای هەموو شتێ!

**مامۆستا:** (بانگی کارەکەرەکەی دەکات.)

ماری ماری، نایەت ماری، ماری، کچێ ماری!

(ماری دەرگای لای راست دەکاتەوە)، ماری!

(مامۆستا دەچێتە دەرەوە. قوتابییەکە بۆ ماوەیەکی کورت، بە تەنیا، دەمینێتەوە، سەیری بۆشایی دەکات.)

(گێژوویژ دیارە.)

**مامۆستا:** (لە دەرەوە، بەهاوار کردنەوەوە.)

ماری، ئەمە چییە، کاتێک بانگت دەکەم بۆ نایەیت ها، پێویستە لێرە بیت. (مامۆستا دێتە ژوورەوە و ماری بە دواوەیەتی،) من خاوەن بڕیارم لێرە، گوێت لێمە. (بە ئاماژەکردن دەست بۆ قوتابییەکە درێژ دەکات.)

ئەمە تێ ناگات تێ ناگات!

**کارەکەر:** خۆت مەخەرە ئەم وەزعەوە مامۆستا، وریای کۆتاییی ئەم مەسەلەیە بە، بەرەو نادیارت دەبات.

**مامۆستا:** من، ئانوساتی خۆم دەزانم.

**کارەکەر:** بەڵێ، هەمیشە هەر وا دەڵێی، خۆزگەش هەر وا دەبوو.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**کارەکەر:** بزانە هەمیشە هەر وا دەست پێ دەکات، ئا ئەمە نیشانەکەیەتی!

**مامۆستا:** نیشانەی چی، خۆت روون کەوە، دەتەوێ چی بڵێی؟

**قوتابی:** (بە دەنگێکی خاو.)

بەڵێ، دەتەوێ چی بڵێی؟ ددانم ژان دەکات!

**کارەکەر:** دوا نیشانەکە، نیشانە زل و زەبەلاحەکە.

**مامۆستا:** بەسە گەلحۆیی! گەلحۆیی بەسە! (کارەکەر دەیەوێت بچێتە دەرەوە) وا سووک و ئاسان بۆی دەرمەچۆ! من بانگم کردی بۆ ئەوەی چەقۆ ئیسپانییەکانم بۆ بهێنیت، چەقۆ نیو- ئیسپانییەکان و پورتوغالییەکان و فرەنسییەکان و رۆژهەلاتییەکان و رۆمانییەکان و سادراناپلییەکان و لاتینییەکان و ئیسپانییەکان و هەر هەموویم بۆ بهێنە ماری.

**کارەکەر:** (بە توندوتیژییەوە.)

پشت بە من مەبەستە.

(دەچێتە دەرەوە.)

**مامۆستا:** (بە هێمایەک دەیەوێت ناڕەزاییی خۆی نیشان دات، دان بە خۆیدا دەگرێت، کەمێک پەشێواو و لە پڕێکیشدا شتێکی دێتەوە یاد)

ئاه، (بە خێرایی بۆ لای چەکمەچەکە دەچێت، چەقۆیەکی نادیار دەدۆزێتەوە، یا چەقۆیەکی راستی، ئەمەش پێوەندیی بە چێژ و زەوقی دەرهێنەرەوە هەیە. چەقۆکە دەگرێتە دەست و بە دڵخۆشییەوە دەیجوولێنێتەوە). بگرە، ئا ئەمە دانەیەک کیژۆڵەکەی خۆم، ئا ئەمە چەقۆیەک. بەداخەوە، هەر ئەمەیان هەیە، با هەوڵی ئەوە بدەین بە هەموو زمانەکان بەکاری بهێنین! تەنیا هەندە بەسە بۆ ئەوەی بە هەموو زمانەکان بتوانیت لەفزی وشەی چەقۆ بکەیت، بە سەیرکردنی چەقۆکە و زۆر لە نزیکەوە و بەبێ جووڵانەوە و خەیاڵی ئەو زمانە بکە کە دەتەوێت قسەی پێ بکەیت.

**قوتابی:** ددانم ژان دەکات.

**مامۆستا:** (بە گۆرانی وتنەوە، سامناک.)

کەواتە بڵێ: "چە"، هەر وەکو "چە"، "قۆ"، هەروەکو "قۆ". بەبێ جووڵانەوە سەیری بکە، جوان سەیری بکە...

**قوتابی:** ئەمە بە چ زمانێکە؟ فرەنسییە، ئیتاڵییە، یا ئیسپانییە؟

**مامۆستا:** ئەمە هیچ گرینگییەکی نییە... ئەمە پێوەندیی بە تۆوە نییە.

تۆ بڵێ "چە".

**قوتابی:** "چە".

**مامۆستا:**..."قۆ"، دە سەیرکە.

(چەقۆکە بەرامبەر بە قوتابییەکە رادەوەشێنێت.)

**قوتابی:** "قۆ".

**مامۆستا:** جارێکی تریش... تەماشا بکە.

**قوتابی:** ئا نا! کەواتە هیچ! دە بەسە! ئاخر ددانم ژان دەکات، پێم ژان دەکات، سەرم ژان دەکات...

**مامۆستا:** (پچڕ پچڕ.)

سەیرکە....چەقۆ... تەماشاکە... چەقۆ... سەیرکە... چەقۆ، تەماشاکە...

**قوتابی:** تۆ ئازاری گوێشم دەدەیت. ئا چ دەنگێکت هەیە! چەند زیقنە!

**مامۆستا:** بڵێ: "چەقۆ"... "چە"..."قۆ"...

**قوتابی:** نا! گوێم ژان دەکات، هەموو لەشم دەیەشێت...

**مامۆستا:** هەر ئێستا هەڵیان دەکێشم، گوێیەکانت، بەمجۆرە،

چیی تر ئازارت نادەن، ناسکۆڵەکەم!

**قوتابی:** ئا ...ئای تۆ ئازارم دەدەیت...

**مامۆستا:** سەیرکە دەی خێرا، دووپاتی بکەرەوە "چە"...

**قوتابی:** ئای، ئەگەر دەیگری "چە"..."چەقۆ"...(ساتێکی بە ئاگا، بە گاڵتەجارییەوە.) ئەمە نیو-ئیسپانییە...

**مامۆستا:** وەکو چۆن بمانەوێت، با وابێت، نیو-ئیسپانییە، دە خێرا کە... کاتمان بە دەستەوە نییە... پاشان ئەم پرسیارە بێسوودە

چییه؟ چۆن ئیجازه به خۆت دەدەی؟

**قوتابی:** (تا دێت ماندوو دیاره، چاو بەفرمێسک، بێ هیوا، شکست، هەڵچوو و به حەسرەتەوه.)

ئاه!

**مامۆستا:** ده دووبارەی کەرەوه، دووبارەی کەرەوه، هەروەک کوو کووختی، دەی.

چەقۆ... چەقۆ.... چەقۆ.... چەقۆ...

**قوتابی:** ئای ژان دەکات، سەرم ژان دەکات. (به هێواشی دەست بەو شوێنانەدا دەهێنێت که ناویان دەبات.)...چاوم...

**مامۆستا:** هەر وەکو کووکوختی.

چەقۆ چەقۆ.

(هەردووکیان به پێوه راوەستاون؛ مامۆستا هەمیشه چەقۆ نادیارەکه رادەوەشێنێت، وەک بێئاگا وابێت وایه، به دەوری قوتابییەکه دەخولێتەوه هەروەکو سەمای سکالب بکات،[٤] بەڵام پێویست به زیادەڕەوی له سەماکردنەکه ناکات، پێویسته لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت. قوتابی به پێوه، بەرامبەر به تەماشاکەران راوەستاوه، بەرەو پەنجەرەکه، سەرسام و کەنفت و شکست، لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت...)

**مامۆستا:** دووبارەی کەرەوه: چەقۆ... چەقۆ...چەقۆ...

**قوتابی:** قوڕگم، ملم، ئای شانم!.. مەمکم دەیەشێ، چەقۆ...چەقۆ...

---

٤. بەسەمای هیندییه سوورەکان دەوترێت، به دەوری قوربانییەکه دەخولانەوه پێش ئەوەی کەوڵی بکەن. (وەرگێڕ)

**مامۆستا:** چەقۆ... چەقۆ... چەقۆ...

**قوتابی:** بازووم...چەقۆ... رانم... چەقۆ...

**مامۆستا:** باش لەفزی کە چەقۆ، چەقۆ.

**قوتابی:** چەقۆ...قورگم...

**مامۆستا:** چەقۆ... چەقۆ...

**قوتابی:** چەقۆ. شانم. قۆڵم. مەمکم. بازووم. چەقۆ... چەقۆ...

**مامۆستا:** بەڵێ..بەڵێ.. بەڵێ ئێستا زۆر بەجوانی لەفزی دەکەی.

**قوتابی:** چەقۆ... مەمکەکانم...سکم.

**مامۆستا:** (بە گۆڕینی دەنگییەوە.)

وریابە...کاشییەکانم مەشکێنە... چەقۆ دەکوژێ...

**قوتابی** (بە دەنگی کزەوە.)

بەڵێ. بەڵێ. چەقۆ ئینسان دەکوژێ.

**مامۆستا:** (بە راوەشاندنی چەقۆیەکەی، بە شێوەیەکی شانۆییانە قوتابییەکە دەکوژێت)

ئا ها ئا ئەوەتا!

(قوتابییەکەش هاوار دەکات.) ئاه، (دواجار بە شێوەیەکی بێشەرمانە دەرمێتە سەر ئەسکەمبیلەکە، کە بە رێککەوت لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانرابوو. هەردووک بە یەکەوە دەڵێن: ئاه. تاوانبار و قوربانی پێکەوە پاش راوەشاندنی یەکەم چەقۆ، قوتابییەکە دەکەوێتە سەر ئەسکەمبیلەکە و هەردوو رانی یەکئالا دەبێت، دەکەوێتەوە ئەملا و ئەولای ئەسکەمبیلەکە، مامۆستاش بە پێوە، بەرامبەر قوتابییە کەوتووەکە، پشت لە بینەران، پاش

لێدانی چەقۆی یەکەم، خۆی بۆ لێدانی چەقۆی دووەم ئامادە دەکات، لەگەڵ هەر لێدانێکیشدا هەڵدەبەزێتەوە.

**مامۆستا:** (گەش و حەپەساو.)

هەی قەحپەی سۆزانی، چاک بوو، خۆ رەحەت بووی. ئاه، ئای کە ماندووم، توانای هەناسەدانم نەماوە، ئاه!

(بە زەحمەت هەناسە دەدات، خۆشبەختانە دەکەوێتە سەر ئەسکەمبیلێک، نیوچەوانی دەسڕێ و چەند وشەیەکی بێ سەروبن دووپات دەکاتەوە. ریتمی هەناسەکەی دێتەوە شوێنی خۆی، هەڵدەستێتە سەرپێ و سەیری چەقۆکەی دەستی دەکات، سەیری کچەکە دەکات، هەروەکو ئەوەی شتێک هاتبێتەوە بیری!)

**مامۆستا:** (دەشڵەژێ،)

چیم کرد؟ دەبێت ئێستا چی روو بدات، ئا، ئا، چ کارەساتێکە، کیژۆڵە، دە هەڵسە کیژۆڵە. (دەشڵەژێت، چەقۆ نادیارەکەی هەمیشە بە دەستەوەیە و نازانێ چی لێ بکات.)

دەی کیژۆڵە، وانە کۆتاییی هات، دەی ئەگەر دەتەوێت، فەرموو پارەکەت بۆ جارێکی تر هەڵگرە، دە... ئاه مرد. مرد. مرد. بە چەقۆیەکەی دەستی من مرد. چ فەزاعەتێکە. (بانگی کارەکەرەکەی دەکات) ماری، ماری، ماری، ماریای ئازیزم، دەوەرە ئا.ئا.

(دەرگای لای راست دەکرێتەوە و ماری دێتە ژوورێ) ئا ئەمە بەرە ژوورێ. بە هەڵەداچووم، پێویستم بە تۆ نییە، ماری پێویستم بە تۆ نییە، گوێت لێمە؟

(ماری نزیک دەبێتەوە، توندوتیژ و دڕدۆنگ، بێدەنگ، تەرمەکە دەبینێت.)

**مامۆستا:** (بە دەنگێک تا دێت بێهیواییی پێوە دیارە.)

پێویستم بە تۆ نییە ماری.

**کارەکەر:** (بە تەوزەوە.)

ها، دڵت بە قوتابییەکەت خۆشە، سوودێکی زۆری لێت بینی؟

**مامۆستا:** (چەقۆکەی لە پشتییەوە دەشارێتەوە.)

بەڵێ، دەرزەکەمان تەواو.. بەڵام... ئەو... هەر لێرەیە... نایەوێت بڕواتەوە ماڵ...

**کارەکەر:** (زۆر بە توورەییییەوە.)

زۆر راستە!

**مامۆستا:** (بە هەڵلەرزینەوە.)

خەتای من نەبوو... گوناهی منی تێدا نییە... ماری... نەخێر... بڕوام پێ بکە... گوناهی من نەبوو مارياکەی خۆم...

**کارەکەر:** ئەی خەتای کێ بوو؟ خەتای کێ بوو؟ خەتای من بوو؟

**مامۆستا:** نازانم... رەنگبێ...

**کارەکەر:** یا خەتای پشیلەکە بوو؟

**مامۆستا:** رێی تێ دەچێ... نازانم...

**کارەکەر:** ئیمڕۆ ئەمە چلەمین جارە!... هەموو رۆژێکیش ئەمە ئەتوارتە! هەموو رۆژێک! شەرمت بە خۆت نییە، بەم تەمەنەوە.... ئەگەر واش بڕوات، نەخۆش دەکەویت! قوتابیت دەست ناکەوێت. رەنگە چاکتر بێت.

**مامۆستا:** (بە هەڵچوونەوە.)

گوناهی من نەبوو! نەیدەویست فێر بێت! گوێڕایەڵ نەبوو. قوتابییەکی خراپ بوو! نەیدەویست فێر بێت!

**کارەکەر:** هەی درۆزن!...

(مامۆستا لە کارەکەرەکە نزیک دەبێتەوە، وەک بڵێی شتێکی شاردبێتەوە. چەقۆیەکەی لە پشتی خۆی راگرتووە.)

ئەمە پێوەندیی بە تۆوە نییە! (دەیەوێت چەقۆیەکی لێ ڕاوەشێنێت؛ لەو ئاستەدا کارەکەرەکە مەچەکی دەگرێت و بای دەدات و چەقۆکە لە دەستی دەکەوێتەوە خوارەوە)

.. ببوورە!

**کارەکەر**: (کارەکەرەکە تا هێزی تێدایە، دوو شەقازللە لە مامۆستاکە دەدات و مامۆستاش بە پشتدا دەکەوێت و دەست دەکاتە نووزە نووز.)

هەی پیاوکوژ، هەی نەگریس، هەی گەندەڵ و بوودەڵە، بە منیش دەوێری. باش بزانە، من قوتابی تۆ نیم.

(یەخەی دەگرێت و جەستەی بەرز دەکاتەوە و کڵاوەکەی هەڵدەگرێ و دەیخاتەوە سەری مامۆستا. لەترسی ئەوەی کە کارەکەرەکە شەقازللەی لێ دات، هەر وەکو منداڵ، بە مەچەکی رووخساری دادەپۆشێت.)

بڕۆ ئەو چەقۆیە لە شوێنەکەی خۆی دانێ، دەی. (مامۆستا دەڕوات و چەقۆکە دەخاتە چەکمەچەی کانتۆرەکە و دەگەڕێتەوە.) پێم وتی، زۆر دەمێک نییە، حیساب بەرەو

فیلۆلۆجیات دەبات و فیلۆلۆجیاش بەرەو تاوان.

**مامۆستا:** تۆ نەتوت تاوان، تۆ وتت بەرەو خراپەت دەبا!

**کارەکەر:** هەمان شتە.

**مامۆستا:** خراپ تێگەیشتم، من وام زانی خراپە ناوی شارێکە و فیلۆلۆجیاش بەرەو شاری خراپەمان دەبات.

**کارەکەر:** هەی درۆزن، هەی پیرە رێوی، زانایەکی وەک تۆ! تووشی هەڵەی وا نابێت. بە هەڵە لە مانای وشەکەی ناگات، ئەمەم لەگەڵ مەکە.

**مامۆستا:** (بە هەنسکەوە.)

بە دەستی ئەنقەست نەمکوشت.

کارەکەرە: خۆ بە لایەنی کەمەوە لەم کردەوەیە پەشیمانیت؟

**مامۆستا:** بەڵێ ماری، بەڵێ بڕوام پێ بکە.

**کارەکەر:** بەزەییم پێتدا دێتەوە، کابرایەکی جوان و جوامێریی وەک تۆ. دەی، با لە رێگاچارەیەک بگەڕێین، بەڵام نەکەی ئەم ئەتکە دووپات کەیتەوە... ئەگینا تووشی نەخۆشیی دڵت دەکات.

**مامۆستا:** بەڵێ ماری، دەی دە باشە چ بکەین؟

**کارەکەر:** با بچین بینێژین. لەگەڵ سی و نۆیەکەی تر، کەواتە دەبنە چل لاشە... تابووتیان لەلای دەزگای کفن و دفن بۆ بە رادان بدەین و خۆشەویستەکەی خۆمیش ئۆگوست ئاگادار بکەینەوە... با بڕۆین تاجە گوڵینە بدەینە رادان.

**مامۆستا:** بەڵێ ماری، زۆر مەمنوونم.

**کارەکەر:** دە گوێ بگرە، پێویست ناکات بانگی ئۆگوستیش بکەیت،

هەروەکو وا مەشووره، خۆتیش کەمێک سەرت لە کەشیشایەتی دەردەچێت.

**مامۆستا:** بەڵام با تاجە گوڵینەکان زۆر گرانبەها نەبن، هەقدەستی دەرزەکەی نەداوە.

**کارەکەر:** دڵ لە دڵ مەدە، بە بەروانکەکەی داپۆشە، شوورەییە پاشان هەڵی دەگرین.

**مامۆستا:** بەڵێ ماری، بەڵێ. (دایدەپۆشێ). دەترسم بە چل تابووتەوە... یەکێکمان لێ قووت ببێتەوە... ئەمەت بە خەیاڵا دێت... خەڵکی تووشی حەپەسان دەبن. ئەی ئەگەر لێیان پرسین چی لەو تابووتانەدایە؟

**کارەکەر:** کوره هەندە وەسواس مەبە. پێیان دەڵێن بەتاڵ و حەتاڵن. کێ دەپرسێت، خەڵکی راهاتوون.

**مامۆستا:** هەندەش نا...

**کارەکەر:** (پارچە پەڕۆیەک دەردەکات کە دەشێت هێمای نازییەکانی لەسەر بێت.)

بگرە، هەر کە ترست لە دڵ نیشت، ئەم پارچە پەڕۆیە بئاڵێنە بە بازووتەوە. (پارچە پەڕۆیەکە بە دەوری بازوویدا دەبەستێت.) ئەمە سیاسەتە.

**مامۆستا:** مەمنوونم ماریا چکۆڵەکەی خۆم، ئێستا هێمنم... تۆ ژنێکی باشی...ماریای دڵسۆز....

**کارەکەر:** دەی با بڕۆین مامۆستا. هەموو شتێک بە جێیە؟

**مامۆستا:** بەڵێ ماریا قشتیلەکەم. (کارەکەرەکە و مامۆستا تەرمی

کـیـژۆڵەکـە هەڵدەگـرن، یەکـێـکیـان شـان و پیلی هەڵدەگـرێ و یەکـێکی تریش قـاچەکـانی؛ بەرەو لای دەرگـای راست دەڕۆن) وریا بە ئازاری نەدەی.

(دەچنە دەرەوە.)

(بۆ چەند ساتێک سەر شانۆ بەتاڵە. لە زەنگی دەرگای لای چەپ دەدرێت.)

(دەنگی کارەکەر): ئەوا هاتم!

(هەر وەکو سەرەتا دێتەوە سەرشانۆ، بەرەو دەرگای لای چەپ دەڕوات. جارێکی تریش لە زەنگ دەدرێتەوە.)

**کارەکەر:** (لەگەڵ خۆی.)

پێی دەچێت ئەمەیان زۆر بەپەلە بێت. (بە هێز.) وا هاتم! (بەرەو دەرگـــای لای چەپ دەڕوات و دەرگـــا دەکـــاتەوە) رۆژباش کیژۆڵەکەم، تۆ قوتابییە نوێیەکەی، بۆ وانە هاتووی؟ مامۆستا چاوەڕوانتە.

وا دەچم بە مامۆستا دەڵێم. هەر ئێستا دێتە خوارەوە! فەرموو وەرە ژوورەوە!

حوزەیرانی ١٩٥٠

پەردە

وەرگێڕانی یەکەم

١٩٩٣ بیزەنسۆن/فرەنسا

خوێندنەوەی دووەم: ٢٠٠١

پێداچوونەوە: ٢٠١٢

له کـاتی پێشکێشکردنی شـانۆنامـەی وانە، پێش ئەوەی پەردە هەڵدرێتەوە، گوێمان لە دەنگی چەند چەکوشێک دەبێت، هەر دوا بە دوای چەکوش لێدان، بانگەشەی دەستپێکردنی شانۆییەکە دەکرێت و بۆ چەند ساتێکیش سەر شانۆ بەتاڵە. کاتێکیش کارەکەر، بۆ ئەوەی دەرگا لە قوتابی بکاتەوە، بە خێرایی بەرەو دەرگا دەچێت. بەبێ ئەوەی خۆی بخافڵێنێت، هەر چ دەفتەر و کتێب و جانتای دێتە بەردەم هەڵیان دەگرێت و دەیانخاتە پەنایەکەوە. لە کۆتایی شانۆییەکەشدا هەر بە هەمان شێوە کاتێک کارەکەر دەچێت دەرگا لە قوتابییە نوێیەکە بکاتەوە، چ دەفتەر و کتێب و... هتد قوتابییە کوژراوەکە هەیە هەڵی دەگرێت و بە خێرایی لە پەنایەک دایان دەنێت. کاتێکیش پەردە دادەدرێتەوە، گوێمان لە دەنگی چەند چەکوشێک دەبێت.

## لیستی بەخشەکانی زنجیرەی شانۆی بیانی

١. مۆسیقای بێ دەنگ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دانا رەئووف
٢. کۆتاییی گەمە، نووسینی: سامۆیێل بێکێت، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٣. کوێرەکان، نووسینی: مۆریس مەتەرلینگ، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٤. مارا–ساد، نووسینی: پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٥. سۆناتای تارمایی، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا قادر دانساز
٦. کەڵک، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: خەبات عارف
٧. مەرگەساتی شالیر، نووسینی: شێکسپیر، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٨. مەرگی کریشنا، نووسینی: ژان کلۆد کارێر و ماری هێلین ئێستیان، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٩. شەڕ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
١٠. فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، نووسینی: فریدریش دێرینمات، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
١١. گوێ بگرە عەبدولسەمیع، نووسینی: عەبدولکەریم بەرشید، وەرگێڕانی: فاررووق هۆمەر
١٢. لێگەڕێن مرۆڤ بژی، نووسینی: پێیر لاگەرکڤیست، وەرگێڕانی: خەبات عارف
١٣. پایەکانی کۆمەڵگا، نووسینی: هێنریک ئیپسن، وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
١٤. مردنی دێوەرەیەک، نووسینی: ئارسەر میللەر، وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
١٥. کەسێک هەر دێ، نووسینی: یۆن فۆسە، وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
١٦. پەرجوو، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

١٧. سەراییدار. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: ڕێبوار ڕەشید
١٨. مردن و پاکیزە. نووسینی: ئێریەڵ دۆرفمەن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
١٩. هاملێت. نووسینی: شێکسپیر. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٠. سێ خوشک. نووسینی: چێخەف. وەرگێڕانی: جەلال تەقی
٢١. لە چاوترووکانێکدا. نووسینی: پیتەر ئاسمۆسن. وەرگێڕانی: بەهرۆز حەسەن
٢٢. خەونە نمایشێک. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٢٣. ژوورەکە خوێندنگای شەوان. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٢٤. ئەستێڵکە مەزنەکە. نووسینی: پیتەر تێرسن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
٢٥. گیانەوەرە شووشەییەکان. نووسینی: تێنیسی ویلیامز. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٦. ڤاتسلاف. نووسینی: سلاڤۆمیر مرۆژەک. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
٢٧. جورئەتی کوشتن. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: هیوا قادر
٢٨. کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی. نووسینی: هارۆڵد پینتەر فارووق هۆمەر
٢٩. دڵی بای و ئاهو. نووسینی: عەباس مەعروفی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٣٠. خاتوو ژولیا. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٣١. یۆن گابریێل بۆرکمان. نووسینی: هنریک ئیبسن. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
٣٢. جەژنی هەڵسانەوە. نووسینی: ئاوگۆست سترینبێری. وەرگێڕانی: خەبات عارف
٣٣. ز. ئیمپراتۆر جۆنز. نووسینی: یۆجین ئونێڵ. وەرگێڕانی: د. ئازاد حەمەشەریف
٣٤. دایکە ئازا. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
٣٥. بازنەی تەباشیری قەوقاز. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم

پەڕەنگ

٣٦. ئەسانسێرەکە – ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون. نووسینی: هارۆڵد پینتەر عەلی عوسمان یاقووب

٣٧. بێوەژنەکان. نووسینی: ئاریەل دۆرفمان. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر

٣٨. دڵی سەرباز. نووسینی: دەیڤید فریچ. وەرگێڕانی: عەبدوڵا سلێمان

٣٩. هەرەسی بەفر. نووسینی: تونجەر جویجان ئۆغلۆ. وەرگێڕانی: بەکر شوانی

٤٠. باخچەی گێلاسەکە. نووسینی: ئەنتۆن باڤلیچ چیخەف. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

٤١. شارۆچکەکەمان. نووسینی: تۆرن تۆن وایڵدەر. وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

٤٢. گەڕانەوە بۆ ماڵ. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب

٤٣. ئەندۆرا. نووسینی: ماکس فریش. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٤٤. شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ. نووسینی: یۆن فۆسە. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف

٤٥. چین. نووسینی: ئێریک ئۆدینباری. وەرگێڕانی: دانا ڕەووف

٤٦. یۆلیۆس قەیسەر. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب

٤٧. ئاوی وەستاو. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

٤٨. بەرەو دیمەشق. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی: خەبات عارف

٤٩. شڤایک لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٠. ژیانی گالیلای. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥١. پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم. نووسینی: تێنسی ولیامز. وەرگێڕانی: فاروق هۆمەر.

٥٢. چۆنت پێ خۆشە. نووسنی: ویلیام شێکسپیر. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف

٥٣. مرۆڤە باشەکەی سێچوان. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٤. ورژوای نەجیبزادە. نووسینی: مۆلییر. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا

٥٥. نەورەس. نووسینی: ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

٥٦. پیگمالیەن. نووسینی: جۆرج بێرناردشـۆ. وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب

٥٧. تەرمینالْ – سێ شانۆنامە. نووسینی: لاش نۆرێن. وەرگێڕانی: دانا رەئووف

٥٨. "ڤۆیتسەک – لیۆنتسە و لێنا". نووسینی: گیۆرگ بویشنەر. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٩. ژنە گۆرانیبێژی کەچەلْ و وانە. نووسینی: ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.